له بڵاو كراوەكانى ماڵپەڕى بەهەشت

## بۆ خوا پاشان بۆ مێژوو

# بەرائەتى سەلەفىیەت و شوێن كەوتوانى لــــە تــەقـیـنـەوە و پـشـتـیـوانانى

## فـــەتواى پـێشـــەوا ســەلــەفىـیــەكــان دەربارەى حوكمى تیرۆر كردن و تەقینەوەكان لـــە وولاتـــانى ئیسلامـــى و جگـە لـــەوان

كۆكردنەوە و ئامادە كردنى

م/ عبداللطیف أحمد

پێش نوێژو وتارخوێنى مزگەوتى گەورە لە چوارقوڕنە

وەرگێڕانى

م/ صلاح الدین عبدالكریم

---

ماڵپەرى بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكى ئیسلامى زانستى پەروەردەیى یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەى ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفى صالح - پێغەمبەرى خوا (صلى الله علیه وسلم) و هاوەڵانى (رضي الله عنهم) لەسەرى بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكى حیزبى نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی وەرگێڕ

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

لەپاشاندا: بەڕاستی خوای گەورە بەخششی زۆری بەخشیوە بە مرۆڤ کە لە ژماردن نایەن وژماردنیان لەتوانای مرۆڤدا نی‌یە:

﴿وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا﴾ [إبراهيم: ٣٤] .

بەڵام چاکترین وبەسودترین بەخششەکانی بەڕەهایی بریتی‌یە لەبەخششی ناردنی پێغەمبەران ودابەزاندنی پەرتوکەکان بۆیان، کە بە هۆیانەوە خەڵکی دەردەچن لە جەورو ستەم ونەزانی ونەفامی، وەژیانێکی ئاسودەو بەختەوەر بەسەر دەبەن، بەڵام سوننەتی خوای گەورە لەناو دروست کراوەکانیدا وابووە کە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) مرۆڤ بن وهەموو سیفاتەکانی مرۆڤیان تێدا بێت وئەوەی بەسەر مرۆڤدا دێت بەسەر ئەمانیشدا بێت، لەوانە مردن، کە مردنیان بەسەردا بێت وبۆ هەمیشەیی لەناو خەڵدا نەمێننەوە، بەڵام کە دەمرن وەنەبێت کە دین وبەرنامەکەیشیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن و بەنەمانی خۆیان ئەوانیش نەمێنن بەڵکو لەپاش خۆیان میراتگریان بەجێ هێشتوە تا خەڵکی لەدەوریان کۆببێتەوە وشوێنیان بکەون، بۆیە هەموو ئایینە ئاسمانی‌یەکان جەختیان لەسەر فەزڵ وگەورەیی زانایان کردۆتەوە بەتایبەتی ئایینی ئیسلام کە لەزۆر ئایەت وفەرموودەدا ئاماژەی بۆ ئەم شتە کردووە لەوانە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(من سلك طريقا يلتمس فيه علماً سهل الله له طريقا الى الجنة، وإن الملائكة لتضع أجنحتها لطالب العلم رضاً بما يصنع، وإنَّ العالِم ليستغفر له من في السماوات ومن في الأرض حتى الحيتان في الماء، وفضل العالِم على العابد كفضل القمر (ليلة البدر) على سائر الكواكب، وإن العلماء ورثة الأنبياء، وإن الأنبياء لم يورثوا ديناراً ولا درهماً، وإنما ورثوا العلم، فمن أخذه أخذ بحظ وافر)(١) .

واتە: هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ فێربوونی زانست ئەوا خوای گەورە ڕێگای چونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، وە فریشتە باڵەکانی دادەنێت بۆ قوتابی زانست وەکو ڕەزامەندی یەك بۆ پیشەکەی، وە ئەوانەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدان هەموویان داوای لێخۆش بوون دەکەن لە خوای گەورە بۆ زانایان تەنانەت نەهەنگەکانیش لە دەریادا، وە فەزڵ و گەورەیی مرۆڤی زانا بەسەر مرۆڤی خواپەرستدا وەکو فەزڵ وگەورەیی مانگی (چواردە) وایە بەسەر هەموو ئەستێرەکاندا، وە زانایان میراتگری پێغەمبەرانن، وە پێغەمبەران دینار و درهەمیان بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو تەنها زانستیان بە جێ هێشتووە، کە ئەگەر هەر کەسێك لێیانی وەربگرێت ئەوا تەواوترین و گەورەترین بەشی وەرگرتووە .

وە أبو أُمامة الباهلي دەفەرمێت: ذُكر لرسول اللهﷺ رجلان: أحدهما عابد، والآخر عالم، فقالﷺ: ( **فضل العالِم على العابد، كفضلي على أدناكم** )(٢).

---

(١) (رواه ابو داود والترمذي وابن ماجة وابن حبان في صحيحه والبيهقي، وحسنه الشيخ المحدث محمد ناصرالدين الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ٧٠، وصحيح الجامع الصغير: ٦٢٩٧).

(٢) (رواه الترمذي وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب و الترهيب: ٨١، وصحيح الجامع الصغير: ٤٢١٣).

واتە: باسی دوو پیاو کرا بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ: یەکێکیان خوا پەرست، و ئەوی تریان زانا، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ( فەزڵ و چاکە و گەورەیی مرۆڤی زانا بە سەر مرۆڤی خوا پەرست، وەکو فەزڵ و چاکە و گەورەیی منە بەسەر نزمترین کەس لە ئێوە.

کە ئەگەر ئەمە فەزڵ وگەورەیی زانایان بێت بەسەر خواپەرستاندا، ئەی ئیتر دەبێت چەندێك فەزڵیان هەبێت بەسەر خەڵکی نەزان وسادەدا؟

وە هەموو ئوممەتانی تر بە تێکڕا فەزڵ وگەورەیی زاناکانیان زانیوە بەڵکو جاری وا هەبوە کە زیادڕەوی‌یان تێیاندا کردووە وەکو جولەکەو گاورەکان کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرمێت:

﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ [التوبة: ٣١] .

واتە: جولەکە وگاورەکان زاناکان وخواپەرستەکانیان کردبوو بە خوا ولەجگە لە خوای گەورە دەیانپەرستن .

تەنها ئوممەتی ئیسلام نەبێت کە لە ناویاندا تاقمێکی گومڕاپەیدا بووە نەك تەنها فەزڵ و چاکەی زانایان نازانن بەسەر تێکڕای موسڵماناندا، بەڵکو ڕقیان لێیانە ودژایەتی یان دەکەن وتانە وتەشەریان لیٚ دەدەن، جارێك بەناوی ئەوەی کە نەزانن بەرامبەر بە (فقة الواقع)! وجارێکی تر بە بیانوی ئەوەی کە ترسنۆکن!، وەجارێکی تر بە ناوی ئەوەی کە (علماء السلاطين)ن!، وجارێکی تر بەناوی ...

بەڵام ئەمە تەنها بریتی‌یە لە خۆبەگەورەزانی ولەخۆبایی بوون ونەزانی، ئەگەر نا ئایا ئەو هەموو کەڵە زانایانە بەتێکڕا بەو هەموو زانستەیانەوە ترسنۆکن وئێوەی نەزان کە لە سەرەتای (الف وبیٚ )ی زانست دان ئازاو چاو نەترس و بەجەرگن؟!

ئایا ئەو هەموو زانا خواویستانە کە هەموو تەمەنیان لە خزمەت ئیسلام وموسڵماناندا بەسەر بردووە بەکرێ گیراوی دەسەڵاتدارانن وئێوەن پیاوی پاك وبێگەردی خواویست؟!

یاخود ئێوەن تاقمی گومڕابووی زیاد لە ناو تاقمە گومڕاکانی ئوممەتی ئیسلام کە هیچ ئوممەتانی تر وێنەی ئێوەیان بە خۆیانەوە نەبینیوە؟

هەر وەکو چۆن ئیمامی (القرطبي) (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیرەکەیدا لە سورەتی (الأنعام) دا ئاماژەتان بۆ دەکات لە کاتی راڤەکردنی بۆ ئەم ئایەتە:

﴿وَأَنَّ هَـٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [الأنعام: ١٥٣] .

کە فەرمودەکەی پێغەمبەر ﷺ دەهێنێتەوە کە دەفەرمێت:

(إفترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة، فواحدة في الجنة وسبعون في النار، وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة، فاحدى وسبعون في النار وواحدة في الجنة، والذي نفس محمد بيده لتفترقن أُمتي على ثلاث وسبعين فرقة، فواحدة في الجنة واثنتان وسبعون في النار)(١).

واتە: جولەکە پارچە پارچە بوونە بۆ حەفتاو یەك تاقم، یەك تاقم بۆ بەهەشتەو حەفتا تاقم بۆ دۆزەخە، وە گاورەکان دابەش بوون بۆ حەفتاو دوو کۆمەڵ، حەفتاو یەك کۆمەڵیان بۆ دۆزەخەو یەك کۆمەڵیان بۆ بەهەشتە، وە سوێند بەو خوایەی گیانی محمدی ﷺ بەدەستە ئوممەتەکەی منیش دابەش دەبن بۆ حەفتاو سێ گروپ، یەك گروپیان بۆ بەهەشتەو حەفتاو دوو گروپیان بۆ دۆزەخە.

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ١٠٨٢).

لێرەدا ئیمامی (القرطبي) دەربارەی ئەم تاقمە گومڕا زیادەی ناو ئومەتی ئیسلام دەفەرمێت:

*(هم قوم يعادون العلماء ويبغضون الفقهاء ولم يكن ذلك قط في الأمم السالفة).*

واتە: ئەم تاقمە زیادە گومڕایە ئەو کەسانەن کە دژایەتی زانایان دەکەن ورقیان لە فەقیهەکانە کە ئەم تاقمە هەرگیز لە ناو ئوممەتەکانی تردا نەبوونە.

وە ابن عساكر (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:

(لحوم العلماء مسمومة، وعادة الله في هتك منتقضيهم معلومة).

واتە: گۆشتی زانایان ژەهراوییە نەکەن غەیبەتیات بکەن، چونکە سوننەتی خوای گەورە لە ئابڕوبردنی ناحەزانیان ئاشکراو زانراوە.

وەسوێند بەخوای گەورە زۆربەی بەڵاو نەهامەتییەکان کە بەسەر ئوممەتی ئیسلامدا دێت بەهۆی پشت کردنە لەزانایان لە تێگەیشتن لە شەرعی خوای گەورە، وەگەڕانەوە بۆ لای زانایان وپرس وراوێژ پێکردنیان سەلامەتی وپارێزراوی تێدایە بۆ دین ودنیا، هەر وەکو چۆن لەسەر دەستی عەبدوڵای کوڕی عەبباس رضي الله عنه هەزارەها لە خەوارجەکان لە گومڕایی گەڕانەوە بۆ ڕێگای ڕاستی خوای گەورە.

وە ئەم پەرتوکەی بەر دەستت وەنەبێت بۆچونی کۆکەرەوەو ئامادەکار بێت، بەڵکو بۆچونی هەموو ئەو کەڵە زانایانەیە کە ناویان هاتووەو ئەوانەی تریش کە بواری ناو هێنانیان نەبووە کە ناسراون بە زانست وشوێن کەوتنی سوننەت کە یەکدەنگییەکی زانایانی ئەم سەردەمەیە، بۆیە تانەو تەشەردان لەخۆیان یاخود لە فەتواکانیان بەڵگەی نەزانی ولەخۆبایی بوون وخۆبەگەورە زانین وچونە ناو ڕیزی ئەو تاقمە گومڕایەیە کە ئیمامی (القرطبي) ئاماژەی بۆکرد.

لەکۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە کە ئەم پەرتوکە بکاتە هۆکارێک بۆ گەڕانەوەی موسڵمانان بۆلای زانایان لە تێگەیشتنی شەرعدا، وە بیکاتە هۆکارێک بۆکوژاندنەوەی ئاگری ئەو فیتنەو ئاشوبەی کەهەڵگیرساوە، وەتەنها لەبەر ڕەزامەندی خۆی بێت.

**إنه على كل شيء قدير وبالإجابة جدير،**
**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**
**وصلى الله وسلم وبارك على نبينا**
**محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**وەرگێڕ**

**ربيع الاول/** ١٤٢٥

# بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی:

إن الحمد لله نحمده و نستعينه و نستغفره ونتوب إليه، و نعوذ بالله من شرور أنفسنا و من سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لاشريك له، واشهد أن محمداً عبده ورسوله .

## لە پاشاندا:

بە ڕاستی خوای گەورە داهێنەری ئاسمانەکان و زەویەکانە، وە دروستکەری هەموو دروستکراوەکانە بە گشتی، وە هەر ئەو فەرمان کەری کاربەجێیە کە دانایی بەرزی هەیە لە دروست کردن و فەرمانەکانیدا، وە ئەوخوایەی کە باشترین دروست کەرە خێر و چاکە و

بەرەکەتی گەلێك زۆرە، وە کێ هەیە حوکم و بڕیاردانی باش تر بێت لە خوای گەورە بۆ کەسانێك کە دڵنیایییان هەبێت .

وە خوای گەورە دادوەرترین دادوەر و دادپەروەرترین دادپەروەرە کە حوکم و بڕیار دەدات لە نێوان بەندەکانیدا لە دونیا و دواڕۆژدا، بە دادپەروەری و ئەمینی خۆی، کە کێشی گەردێك ستەم لە هیچ کەسێك ناکات و تاوانی کەس ناخاتە

سەرشانی کەسی تر، وە سزای بەندە نادات بە زیاتر لە تاوانەکەی خۆی نەبێت، وە مافەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان .

وە خوای گەورە سوپاس کراوە لە خودی خۆی و ناوەکانی و سیفاتەکانی و کردارەکانی، کە ناوەکانی جوانترین ناون، وە سیفاتەکانی تەواو ترین سیفاتن وە کردارەکانی تەواوترین کردارن کە لە نێوان چاکە و دادپەروەریدان کە ستەم و زوڵم و ناپاکی لە کرداری خوای گەورە دا نییە ...

(إني حرمت الظلم على نفسي و جعلته بينكم محرماً)(١) .

واتە: خوای گەورە ستەمی لەسەر نەفسی پیرۆزی خۆی حەرام کردووە وە لە نێوان بەندە کانیشیدا حەرامی کردووە .

وە خوای گەورە حەقە لە خودی خۆی و سیفاتەکانی و کردارەکانی، ووتەکانی حەقە و، کردارەکانی حەقە و، پێگەیشتنی حەقە و، پێغەمبەرانی حەقە، و پەرتوکەکانی حەقەو، دینەکەی حەقە و، پەرستنی بەتاك و تەنها و بێ هاوەڵ حەقە: (ذلك بان الله هو الحق وان ما يدعون من دونه هو الباطل ) .

بەم شێوەیە خوای گەورە بەڕاستی حەقە، وە ئەوانەی کە جگە لە خوای گەورە دەپەرسترێن هەموو بەتاڵن و پەرستنیشیان بەتاڵە:

﴿فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلَّا الضَّلَالُ﴾ [يونس: ٣٢] .

(٤) (رواه مسلم: ٦٥٧٢).

ئیتر لە پاش حەق چ شتێك هەیە جگە لە گومڕایی نەبێت؟

کەواتە پەروەردگارێك ئەمانە سیفات و کردارەکانی بێت ناگونجێت کە دروست کراوەکانی بۆ گاڵتە و کات بەسەربردن دروست کردبێت بێ لێپرسینەوە:

﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾ [المؤمنون: ١١٥] .

واتە: ئایا ئێوە وا دەزانن و وای دادەنێن کە ئێمە ئێوەمان دروست کردووە بۆ گاڵتە و کات بەسەربردن بێ لێپرسینەوە، وە کە ئێوە بۆ لای ئێمە نەگەڕێنەوە؟

لە ڕاستیدا وا نییە و گاڵتە و کات بەسەر بردن شایانی خوای گەورە نییە:

﴿فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ﴾ [طه: ١١٤] .

خوای گەورە زۆر لەوە بەرزترە، وە خاوەندارێکی حەقە, وە گونجاو نییە بۆ خوای گەورە کە بەندەکانی واز لێ بێنێت بەبێ فەرمان و قەدەغە کردن و بەبێ شەریعەت و یاسا و ڕێگا، وە بە بێ لێپرسینەوە و سزا و پاداشت .

بەڵکو خوای گەورە لە نەفسی خۆمان پێغەمبەرانی بۆمان ناردووە، وە پەرتوکی دابەزاندۆتە سەریان تا بەهۆیەوە ڕێگای ڕاست نیشانی ئێمە بدەن و ڕێنمایمان بکەن، کە هەر کەسێك شوێنی ئەو هیدایەت و ڕێنماییيانە بکەوێت ئەوا گومڕا و بەدبەخت نابێت، وە هەر کەسێکیش پشتی تێ بکات ئەوا ژیانێکی تەسك و ناخۆشی بۆ هەیە .

وە لە پاش ناردنی پێغەمبەرﷺ لـە مەککەی ڕێزلێنـراو (کـەناردنی بـووە هـۆی جیـاوازی خسـتنە نێـوان خـەڵکی) خـەڵکی دابـەش بـوون بـۆ دوو کـۆمـەڵ، کـۆمـەڵێکیـان هیدایـەتیان هەڵبـژارد بەسـەر گـومڕایی دا و کۆمەڵیکیشـیان هیدایەتیان گۆڕی‌یەوە بە گومڕایی و کوێری‌یان هەڵبـژارد بەسـەر هیدایـەت و چاو ڕۆشنایی .

وە لـە پـاش کـۆچ کـردن بـۆ مـەدیـنە و دروسـت کردنـی دەوڵـەتی موسـڵمانان کۆمەڵێکی تر زیادیان کرد کە بریتی بوون لە دووڕووەکـان (المنافقون) ئەوانـەی کـە بـاوەڕیـان ئـاشکـرا کردبوو، وە کوفریان شاردبووەوە، کە شوێنیان لـە خـوارترین و نزمترین پلەکانی دۆزەخە.

پاشان پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات پێمـانی ڕاگـەیـاندووە کـە ئوممەتەکـەی (موسـڵمانان) جیـاوازی‌یـەکی زۆر دەکەوێتـە نێوانیانـەوە وپارچـە پارچـە دەبن بۆ حەفتا و سێ کۆمەڵ هـەموویان لـە ئـاگری دۆزەخـدان تـەنها یـەك کۆمەڵ نەبێت، ئەویش ئەو کۆمەڵەیە کە لەسـەر ئـەو شـتەن کـە پێغەمبـەرﷺ و هاوەڵـانیرضي الله عنهم لەسـەر بـووە، پێغەمبـەرﷺ <u>پێشـەوای ڕزگـار بووەکـان لـە ئـاگر و بەرنـامەکەیانـی</u> بـۆمـان ڕوون کردۆتەوە .

<u>پێشەوا</u> بریتی‌یە لـە: پێغەمبـەرﷺ و هاوەڵـە پێـشـینـە سـەرەتاکانی لـە کـۆچ کەران و پشتیوانان رضي الله عنهم)، کە ئەمان پێشینەی چاکن بـۆ هـەمـوو کـەسێـك کـە بـە تـەنـهـا هیدایەتی بوێت و خۆی بپارێزێت لە گومڕایی .

**وە بەرنامەی حەقی خوایش بە تەنها ئەوەیە :**

کە ئەم پێشەوایانەی لەسەر بووە، واتا ئەوەی کە پێشینە چاکەکانی لەسەر بووە کە ئەمە بەرنامە ڕاستەکەیە وە ڕێگای ڕزگاریـیە لە گومڕایی و ستەم و لە سنور دەرچوون و ترس و بەدبەختی .

وە دینە ڕاستەکەیە کە ڕێنمایی خەڵکی دەکات بۆ تەواوترین و دامەزراوترین بیروباوەڕ و ڕەوشت و وتەو کردەوە .

وە شوێن کەوتووانی ئەم بەرنامەیە (واتە سەلەفیەکان) ئەمان کۆمەڵی ڕاوەستاوی دامەزراون لەسەر حەق لە هەموو کات و شوێنێکدا، ئەمانن فەرمان دەکەن بە چاکە و بەرهەڵستی دەکەن لە خراپەو فەرمان دەکەن بە دادپەروەریو چاکە، قەدەغەی ستەم و لە سنور دەرچون دەکەن، ئەمان مام ناوەند و میانڕەون, ئەمان ئەو کەسانەن کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرمێت:

﴿وَمِمَّنْ خَلَقْنَا أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ﴾ [الأعراف: ١٨١] .

واتە: لەناو ئەو ئوممەتانەی کە دروستمان کردوون ئومەتێك هەیە (کە ئوممەتی

پێغەمبەرە ﷺ) لەسەر حەق دامەزراون بە ووتەو کردەوە، ڕێنمایی خۆیان وجگە لە خۆیان دەکەن بەو حەقە، کاری پێ دەکەن وخەڵکی فێردەکەن وبانگەوازی بۆ دەکەن، وەحوکم وبڕیاریش هەر بەو حەقە دەکەن.

وە ئەمان ئەو کەسانەن کە پێغەمبەرﷺ دەربارەیان دەفەرمێت: (لا تزال طائفة من أمتي قائمة بأمر الله لا يضرهم من خذلهم ولا من خالفهم حتى يأتي أمر الله وهم ظاهرون على الناس)(١) .

واتە: بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم لەسەر حەق ئاشکران کەسانێك بیانەوێت جیاوازیان بکەن یاخود سەرشۆڕیان بکەن ئەوا ناتوانن زیانیان پێ بگەیەنن تا ڕۆژی قیامەت .

بەڵام کۆمەڵەکانی تر لەپارچە پارچەیی و ناکۆکی و دژایەتی و بەدبەختی و ڕق و کینەدان .

– هەندێکیان کەمتەرخەمن و فەوتێنەری مافەکانی خوای گەورەن و لەڕێ دەرچون و لە حەق لایان داوە و سنوری خوای گەورەیان بەزاندووە .

– وە هەندێکی تریان زیادڕەوو توندڕەون و دەردەچن لە ئەحکامەکانی خوای گەورە و شتی زیاد دێننە ناو دینی خوای گەورەوە .

پێشەوا (ابن القيم الجوزيه) دەفەرمێت:

(خوای گەورە هیچ فەرمانێکی نەکردووە ئیللا شەیتان دوو وەسوەسە دروست دەکات بۆ مرۆڤ، یاخود بەرەو کەم تەرخەمی و فەوتان دەیان بات، یاخود بەرەو زیادڕەوی و توندڕەوی، وەدینی خوای گەورە مامناوەند و میانڕەوە لە

(٥) (صحيح الجامع الصغير: ٧٢٩٠).

نـێوان هـەردوو لادا ئەوانەی کەم تەرخـەمن وە ئەوانـەی زیـاد ڕەون ... هـەروەکو چۆن ئەوانـەی کـەم تەرخـەمن فـەرمانی خـوای گەورەیـان فـەوتـانـدووە و جـێ بـەجێیان نـەکردووە، بەهـەمان شـێوە ئەوانـەیش کـە زیـادڕەون فـەرمانی خـوای گەورەیـان فـەوتـانـدووە وجێ بەجێیان نەکردووە ئـەمیان بـە کـەم تەرخەمـی و نە گـەیشـتن بە سنور ئەوی تریشیان بە دەرچوون لە سنور)[1] .

وە کۆمەڵـە دەرچـووەکان لـە بەرنامـەی سەلەفـی و کۆمـەڵی موسـڵمانان کـەم ڕەوی وزیادڕەوی یان کۆکردۆتەوە، لە هەندێ شتدا کەمڕەوییان کردووە ولـە هـەندێك شـتی تردا زیادڕەوی یان کردووە:

وە سەلەفیەکان ئوممەتی مامناوەندن لە نێوان پارچەکانی ئوممەت، هـەر وەکـو چۆن ئوممەتی ئیسلام مامناوەندە لە نێوان ئوممەتەکانی تر .

هەر وەکو چۆن ئەم ئوممەتە مامناوەندە لە نێوان ئەو ئوممەتانەی کـەلایان داوە بەرەو زیادڕەوی بەهیلاك دەر و لە نێوان ئەو ئوممەتانەی تـر کـە لایانداوە بـەرەو کـەمڕەوی و کـەمتـەرخــەمی و فەوتانـدن . بەهـەمان شـێوە ئـەهلی سـوننەت و جەماعەت شوێنکەوتوانی پـێغەمبەرﷺ و هاوەڵە پێشینەکـانـیﷺ ئـەمـان مـام نـاوەنـدن لـە نـێوان کـۆمـەڵ و تـاقـمـە داهێنراوەکانی ئوممەت کە لایان داوە لـە ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام .

---

(٦) (مدارج السالکين: ١/٥٧ ) .

* ئـەمان مـام ناوەنـدن لـە بابەتـــی سـیـفاتـەکـانــی خـوای گـەورە، لـە نێـوان جەهمی‌یەکان کە سیفاتەکانی خـوای گـەورە لـەکار دەخـەن و باوەڕیـان پـێــیان نی‌یە، وە لەنێوان موشەبهە کە سـیفاتەکانی خـوای گـەورە دەچـوێنن بـە سـیفاتی دروست کراوەکان .

* هەروەها ئەمان مام ناوەندن لە بارەی کردارەکانی خوای گـەورە، لـەنیـّوان

جەبری‌یەکان ئەوانەی زیـادڕەوی‌یـان کـردووە لـە جـێگیر کردنـی توانا و ویسـتی بەندە، وە لە نـێـوان قەدەری‌یەکان کە بەرهەڵستی دانانی خوای گەورە دەکەن بۆ کردەوەکـانی بەنـدە و دەڵـێـن بەنـدە خـۆی کـردەوەی خـۆی دەهێنێـتـە بـوون و دروستی دەکات بەبێ ویست و دانانی خوای گەورە، بـەمـەیـش بەنـدەیان کـردووە بە دروست کەر لەگەڵ خوای گەورەدا .

* هەروەها مام ناوەندن لە بارەی هەڕەشەی خوای گەورە، لە نێوان کەم ڕەوی مورجیئە کە نەفی هەڕەشە دەکەن، وە لە نێوان قەدەری‌یەکان ئەوانـەی هەڕەشـە پێویست دەکەن بۆ خەڵکی.

**وە** (رافضة) و خـــەوارج زیـادڕەوی‌یـان کـرد لەسـەر حـوکمی سەرپێچـی‌کـەرانـی مـوسـڵـمـانـان و کافریان کردن، وە هـەر کەسـێکیش پێچـەوانەی خۆیـانی بکردایـە ئـەوا کافریان دەکرد .

* هەروەها مام ناوەندن دەربارەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێوان (الرافضة) کە ئیمامی علی و بنەماڵەکەی رضي الله عنهم دەکەن بە خوا و دەیان پەرستن، وە لە نێوان خەوارج کە کافریان دەکەن .

## ڕەگ و ڕیشەی توندڕەوی هاوچەرخ

* وە تا ئێستایش بەردەوام بۆچونەکانی خەوارج لە کافر کردنی سەرپێچی کەران لە موسڵمان خۆی دەنوێنێت لە نێوان کۆمەڵ و حیزبە ئیسلامی‌یە هاوچەرخەکان کەوا دەبینن هەر کەسێك پێچەوانەیان بێت لە بیروبۆچونە توندڕەوەکانیان ئەوا لە ئیسلام دەرچووە و حوکم دەدەن بە کافر بوونی وخوێنی حەڵاڵ دەکەن، هەروەها بڕیار و حوکمی کافر بوون دەدەن بەسەر سەرپێچی کەران و تاوان باران وەکو پێشتر باسکرا.

کە ئەمەیش خودی ئەو بیروبۆچونەیە کە خەوارجە لەدین دەرچووەکانی لەسەر بووە .

* وە تائێستا بەردەوام لەلایەنی گروپە شیعە زیادڕەوەکان و(الرافضة) ی هاوچەرخ بەرائەت دەکرێت لە ئەهلی ئیسلام ئەهلی سوننە بەبیانوی ئەوەی کە گوایە ڕقیان لە بنەماڵەیەو دژایەتی یان دەکەن، لە گەڵ ئەوەی کە ئەهلی سوننە لە هەموو ئوممەت زیاتر خۆشەویستیان بۆ بنەماڵە هەیە رضي الله عنهم، وە لە هەموو کەس زیاتر سورن لەسەر شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ .

* وە بەردەوام تائێستا حوکم و بڕیاری شوێنکەوتەی بۆچونە کەلامی‌یەکان بەسەر شوێن کەوتەی بۆچونی سەلەف لە بیروباوەڕدا ئەوەیە کە پێیان دەڵێن (المجسمة) واتە: ئەوانەی لاشە بۆ خوای گەورە ئەنجام دەدەن .

– وە حوکمی ئەو کەسەیش لاشە بۆ خوای گەورە بڕیار بدات کافر بوونە لە بیروباوەڕدا .

– کەزانایانی کەلام لەسەر ئەم شتەن لەشوێن کەوتە و بەجێماوەکانی جەهمی و موعتەزیلە و ئەشعەری، کە دەڵێن: هەر کەسێك ڕووی دەرەوەی ئەو ئایەت و فەرموودانە جێگیر بکات کە باسی سیفاتی خوای گەورە و پەرستن و خوایەتی دەکەن ئەوا ئەو کەسە (مجسمە) یەو لاشەی بۆ خوای گەورە جێگیر کردووە .

وە ئەهلی حدیث و فەرمودەناسان خاوەنی بیروباوەڕی سەلەف (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) بە هەموو شێوەیەك بەرین لە هەموو شتێك کەپێچەوانەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر بێت ﷺ لەبیروباوەڕ و کردار و ڕەوشت، بەڵام دەبینین خاوەنی زانیاری کەلام ئەوەندە سەرپێچی بەرنامەی قورئان و سوننەتیان تێدایە کە گومڕابوونێکی دوور گومڕایان دەکات، وە بەڵگەیش لەسەر ئەم شتە ئەوەیە کە ئەوان لە هەموو تاقمەکانی تر زیاتر جیاوازی و دژ بەیەك و هەڵوەشاندنەوە و نەناسییان تێدایە لە بیروباوەڕ و بەرنامەکانیان .

* وە بەردەوام تا ئێستا صۆفیەکان هەر کەسێك شتە پڕ وپوچ و ئەفسانە و شتە سەر سوڕهێنەر و شەیتانییەکانیان بەڕاست نەزانێت ئەوا کافری دەکەن، هەروەها هەموو کەسێك کافر دەکەن کەباوەڕی بە خۆنزیك کردنەوەیان نەبێت لە شێخەکانیان و باوەڕی بەداوای تکا کردنیان و داوای فریاکەوتنیان نەبێت لە مردووەکان لە پیاو چاکان یاخود ئەوانەی کە ئەمان بە پیاو چاك لێیان تێگەیشتون .

ئەوان باوەڕیان وایەو وا دەبینن کە هەر کەسێك بیروباوەڕی ئەوانی نەبێت ئەوا لە ئیسلام دەرچووە .

* بەم شێوەیە هەندێك لە تاقمە هاوچەرخی‌یەكان دەبینیت لە حیزبە ئیسلامییەكان كە درێژ بونەوەن بۆ ئەو تاقمە كۆنانەی كە پێچەوانەی ئەو ڕێگاو بەرنامەیە بوونە كە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی رضي الله عنهم لەسەر بووە:

– ئەمان ڕادەوەستن لە پشت توندڕەوی هاوچەرخ .

– وە ئەمانن كە كۆمەڵگای ئیسلامی‌یان هەڵناوە بۆ ناو كوورەی بەڵاو نەهامەتی خێزانی و جگە لەمە .

– وە ئەمانن كە دەستەوەستان بوون لە گەیاندنی بانگەواز بە گوێرەی بەرنامەی پێغەمبەرایەتی، وە خەڵكیان ناچار كردو زۆریان لێكردن بۆ گوێڕایەڵی كردنو بڵاوكردنەوەی بیروبۆچونو بیروباوەڕە حیزبییەكەیان،كە ئەمەیش بەرەو كافر كردنی پێچەوانەكەیان بردیانی، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو كافر كردنی كۆمەڵگا ئیسلامی‌یەكان بەگشتی، هەر وەكو چۆن ئەم شتە لە پەرتوكەكانی دانەری بۆچونەكانیاندا هاتووە لە كاتی ڕاڤە كردنی بۆ (لا اله الا الله) كە زۆر ڕاڤەی دەكەن بە ڕاڤە كردنی خەوارج كە دەڵێن: هیچ حاكمێك نی‌یە جگە لە الله نەبێت و حاكمیەت بۆ خوایە كە ئەمەیش پێچەوانەی تێگەیشتنی پێشینە چاكەكان و شوێن كەوتوانی ڕێنماییەكانیانە، كە مانای ئەم وشەیە لە لایان ئاشكرا دەبێت و دەردەكەوێت لە مانا گشتییەكەی بۆ پەرستن كەمانای ئەوەیە:

هیچ پەرستراوێكی حەق نی‌یە كە شایانی پەرستن بێت جگە لە(الله)، هەرچەندە حاكمیەت بەشێكە لە پەرستنی خوای گەورە بەڵام هەموو مانای پەرستن ناگرێتەوە بە گشتێتی كەوا پێشینە چاكەكان ڕاڤەیان كردووە، وە لە ڕاستیدا زۆر لە لاوان و تازەپێگەیشتوان كەوتوونەتە ژێر كاریگەری‌یانەوە كە لەخشتەیان دەبەن بەهۆی ڕاڤەكردنی بزوتنەوەیی‌یەوە كە حەماسیان بەرز دەكاتەوە بۆ خراپە وئاشوب و

کوشتن، بەم شێوەیە شوینەواریان ترسناکەو خراپەیان گەورەیە، وە ڕزگار بوون نی‌یە لەم تاقم و کۆمەڵانە لە زیادڕەوی و توندڕەویان تەنها بە گەڕانەوە نەبێت بۆ دەست گرتن بە بەرنامەی پێشینە چاکەکان لە تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت بە بیروباوەڕو کردەوە و ڕەوشت و پەروەردەدا)[١] .

وە تا ئێستا بەردەوام ئەم تاقم وگروپە لەڕێ دەرچوانە بەڵاو نەهامەتی بوونە بە سەر ئیسلام و موسڵمانانەدا، وەناوبانگی بانگەواز کردنیان بۆ دین شێواندووە، وە لەترسناك ترینی ئەم تاقم و گروپە لەڕێ دەرچوانە کەخراپە وزیانیان گەیاندبێت بە ئەهلی سوننە لەم ڕۆژگارەدا جێنیشینەکانی خەوارجن ئەوانەی کە هەڵدەستن بە تەقینەوە و وێرانکاری کە هەندێ جار بۆ سیاسەت ناو لەخۆیان دەنێن بە سەلەفی جیهادی، کە سەلەفی ڕاستەقینە– ئەوەی کە پیغەمبەرﷺ و هاوەڵانیرضي الله عنهم لەسەر بووە – لەوان بەریە، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کەپێشینەی ئەوان خەوارجە کە دەرچون لەسەلەفی سالح هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ وە کافریانیان کردوو خوێنیانیان حەڵاڵ کرد، وەچون بۆلای چەند ئایەتێك کە لەسەر کافران دابەزیووە ئەمان جێ بەجێیان دەکرد بەسەر موسڵمانەندا، وە موسڵمانانیان دەهێنایە ڕیزی کافران، وە موسڵمانانیان دەکوشت وپشتیان دەکرد لەبت پەرستان .

ئەمڕۆیش حاڵی میراتگر و شوێن کەوتوانیان بە هەمان شێوەیە کە وڵاتی موسڵمانان بە وڵاتی کوفر دادەنێن و خۆیشیان ڕازی بوونە کە نیشتەجێ بن لە ژێر دەسەڵاتی کافران و لە ناویاندا، چونکە بیروباوەڕە تەکفیرییەکەیان یەکسانی خستۆتە نێوان وڵاتی کافران و وڵاتی موسڵمانان، بۆیە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی کوفر و، مافی نیشتەجێ بوونی سیاسیان وەرگرتووە، وە شوێنی

---

(٧) گۆڤاری (السلفية) ژمارە –٢– لاپەڕە (٧٣).

کۆبونەوەی سیاسیان بۆیان دروست کردووە بەناوی کۆمەڵەو یانەوە ودەستیان کردووە بە ناردنی کۆمەڵە فەتوایەك کە بۆچونی خەوارج زیندوو دەکاتەوە لە کافر کردن وحەڵاڵ کردنی خوێنی ئەو کەسەی کە پێچەوانەیان بێت لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە بۆ وولآتانی ئیسلامی بە مەبەستی داگیر کردنی مێشك و بۆچونی گەنجە بەغیرەتەکان بۆ دین بە ناوی بانگەواز و جیهاد کردنەوە ! ! .

وە ولآتانی کوفریش پێشوازیان کرد لە دانەری بۆچونە تۆقێنەرەکان و مافی پەنابەری و جێنیشینیان پێدان، وە هەموو هۆکارێکیان بۆیان ڕەخساند بۆ ناردنی توندڕەوی وزیاد ڕەوی لە ناوبەر بۆ وولآتانی ئیسلامی لە پێناوی گۆڕینی ڕەوتی بانگەوازی ئیسلامی ڕاستەو دروست بۆ ئاشوب وفیتنە وئاڵۆزی و کوشتن، وەتا هۆکاری توندڕەوی و تیرۆر بقۆزنەوە و بیکەنە هۆی داخستنی دەرگاکانی دین و شێواندنی ناوبانگی موسڵمانان، وە بۆ هیچ کردارێك سەرکەوتوو نەبووینە لە بواری بانگەوازی ئیسلامی ئیللا دەستی ناحەزان و ڕق لێ بووان شێواندوویەتی، هەر کات مزگەوتەکان پڕبووبێت لە نوێژکەر، وەخەڵکی زۆر گەرابێتەوە بۆ لای خوای گەورە، دوژمنانی ئیسلام ئەو توندڕەوە گاڵتە جاڕانەیان جوڵاندووە و هەڵاناوە بۆ کرداری ستەم کاری وا کە هیچ کەسێك لێی ناچێتە پێشەوە و بەرەو پیری ناچێت تەنها لە دین دەرچووەکان نەبێت، بە مەبەستی بەر بەست کردنی دینداران، وە ئەنجامیشی بریتی بووە لە ئاوارە ودەربەدەری و فەوتان وتێکشکان وپاشەوپاش وەرگەڕانی بانگەواز بۆ دواوە دەیەها ساڵ ، وە بەهێز بوونی ڕەوتە داهێنراو و بێ باوەڕەکان و زیاد بوونی بانگەوازکەرانی خراپە، ئەمەیە بەجێما و سەرەنجامی توندڕەوی! ئایا کەسێك هەیە پەند و ئامۆژگاری وەربگرێت؟ ! .

دەی کەواتە ئەی گەنجانی ئیسلام ڕابن، هاوار بۆ خۆتان بە چ عـەقڵ و دینێك خۆتـان دەکەنە یاری دەستی دوژمنانی دین و وا دەزانن تەقاندنەوە و وێران کاری جیـهادە لــە پـێنـاوی بەرز کردنەوەی دیـن و بـە عیـزەت بـوونی موسـڵمانان! لـە کاتێکدا کـەئێوە دەزانن کە جیهاد بریتی‌یە لە کۆششێك کە بە هۆیەوە وشەی خـوای گـەورە (لا الـــه الا الله) ( التوحیـد — یەکخواپەرسـتی) بـەرزترین بێـت، وە پەرسـتن هـەمووی بـۆ خـــوای گـەورە جـێ بـەجێ بکرێت‌و بـەهۆی جیهـادەوە فیتنـە و ئاشـوب و هاوبـەش بڕیـار دان نەمێنێت .

بەڵام واقیع شایەتی دەدات کە ئێـوە بـە هـۆی ئـەم تـونـدڕەوی‌یـەتـانـەوە بوونـە بـە هۆکار و یاری بەدەستی دوژمنـانی ئیسـلام، بـەهۆی ئێـوەوە موسـڵمانانیان سەرشۆڕ و لاواز کردووە، وە بەهۆی ئێوەوە ئامانجەکانی جیهاد کردن وەرگێڕدرایەوە ! .

ئەی گەنجانی ئیسلام، خۆ لە پێغەمبەری خـواداﷺ بۆ ئێوە پێشـەوایەتی‌یـەکی بـاش هەیـە، دەی شوێنــی بــکەون و، بـەدوای شـوێنەوارەکانی دا هـەنگاو بنـێن، وە دەست بگرن بە سوننەتەکانی‌یەوە، لە هەموو حاڵەتەکانی لـە لاوازی و بـەهێزی و بانگـەوازی و ئارام گرتنی و جیهاد کردنی .

وە ئاگادارتان دەکەمەوە کە شوێنی جولەکە وگاور وکلکەکانیان مەکەون، ولاسایی‌یان مەکەنەوە وچاویان لێ مەکەن لە هۆکارەکانیاندا، وەخۆتان مەچوێنن بـەوان لـەئامانج و مەبەسـتـەکانیان دا، وە با هەم و غەمتان کورسی و دەست کەوتنی حـوکم و دەسـەڵاتی خەیاڵی نەبێت .

ئیوە بوونە هۆی گرتنی سەدەها بەڵکو هەزارەها گەنجان بـۆ تـاریکی بەندینخانـەکان، وەڕاونـانـی موسـڵمانان و تێکشـکانی زۆرێـك لێیـان و گـۆڕینی شـێوازی جـل و بـەرگ و دامەزراوی وڕیش تاشین و نەهێشتنی وانـەی شـەرعی لـە مزگەوتەکانـدا، وە سـوێند بـە خوای گـەورە ئـێـوە سـەخـت تـر و زیاتر ئەو کەسانەتان دەسەڵات دار کرد کـە پێیـان

دەڵێن دوژمنانی ئیسلام وە زیاتر سەر سەختیانتان کرد لەوەی کە پێشتر خۆیانی لەسەر بوون، وە ئێوە بوونە هۆی داخستنی دەرگاکانی بانگەواز کردن بۆلای خوا، وە ترس و عیزەتی ئیسلامتان نەهێشت ئایا لە دوای هەموو ئەم ئەنجامانە بەردەوام دەبن لەسەر ئەم گومڕاییەتان، وە وا دەزانن ئێوە هیدایت دراون و بۆ جیهاد کردن سەرکەوتو بوون؟! .

وە لە کۆتاییدا دەڵێم ئەم ئیسلامەی کە بریتییە لە دینی خوای گەورە کە ستەمی لەسەر نەفسی پیرۆزی خۆی قەدەغە کردووە، وە لە نێوان بەندەکانیشیدا قەدەغەی کردووە بە جەخت لەسەر کراوەییەوە هەموو کردەوەیەك ڕەت دەکاتەوە کە زیادڕەوە تەقینەرەوەکان پێی هەڵدەستن، چونکە ئەوان دەرچونە و زیادڕەویان کردووە لە سوننەتی باشترینی بەندەکان، وە ڕێگاو بەرنامەی خەوارجیان گرتۆتە بەر.

وە سەلەفیەتیش کە بریتییە لەو دینەی کە خوای گەورە پێی ڕازی بووە، بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ و هاوەڵانی رضي الله عنهم ئەم توندڕەوییە ڕەت دەکاتەوە لەلایەکەوە، وەلە لایەکی ترەوە ڕەخنە لە ناحەزانی دەگرێت بە هۆی تاوانبار کردنە بەتاڵ و هەڵبەستراوەکانیان، وە گۆڕینیان بۆ ڕاستییەکانی و ناشیرین کردنی شێوە ڕوناکە گەشاوەکەی خۆی .

وە سەلەفیەت بۆچونی گشتێتی کردن لە سزا دان و تێکەڵ کردنی پەڕەکان و تۆمەت بارکردنی هەموو بە هۆی تاوانی هەندێکەوە کە دین نوێنەرایەتیان ناکات ڕەت دەکاتەوە .

وە بەرنامەی سەلەفی بۆ کەسێك کەبیناسێت — شایەتە لەسەر پاکێتی و دووری لە توندڕەوی و زیادڕەوی و تەقینەوە و وێرانکاری .

وە واقیعی شوێن کەوتوانی ئەم بەرنامەیەیش — بۆ کەسێك کە لە مێژوو شارەزا بێت، و لە واقیع تێ بگات — شایەتێکی ترە لەسەر ئەوەی کە توندڕەوی هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان پەیوەندی بە سەلەفیەتەوە نەبووە، بەڵکو سەلەفیەکان یەکەمین کەس بوونە کە خەڵکیان لێیان ئاگادار کردۆتەوە، وە یەکەمین کەس بوونە کە نالأندوویانە بەدەستیانەوە هەر لە سەردەمی هاوەڵانەوە ﷺ تا ئەم ڕۆژگارەی ئێستامان، لەکۆندا هاوەڵان ﷺ بەربەستی بۆچوونی خەوارجیان کردوو گومانەکانیانیان نەهێشت و بەتاڵیان کردەوە، وە نالأندیان لە دەست ستەم و دوژمنایەتی کردنی کوێرانەیان، وە حاڵ بەردەوام بوو هەتا ئەم سەردەمەمان کە دەبینین زانایانی سەلەف وقوتابیانی زانستی سەلەفی خەڵکی ئاگادار دەکەنەوە لە تەکفیرییە تەقێنەرەوەکان، وە بەرائەت دەکەن لە خۆیان و کردەوە زیان بەخشەکانیان، وە ئارام دەگرن لەسەر ئازار دانیان.

وە لەم پەرتوکەدا گەورە زانا سەلەفیەکان دەبینیت کە بەرهەڵستی ئەو ئیشانە دەکەن کە زیادڕەوان پێی هەڵدەستن، وە ئاشکرای دەکەن بۆ جیهان کە دینی ئیسلام پاکە و بەرییە لە کردەوەی توندڕەوان.

لە پاش هەموو ئەم شتانە دەڵێین: لە ستەم و توندڕەوییە کە ئەگەر کەسێك ئەوەی کە توند ڕەوەکان پێی هەڵدەستن بیداتە پاڵ سەلەفی و بەرنامەی سەلەفی! وە لکاندنیان بۆ ئەم تاوانانە بە سەلەفیەتەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوان هۆکاری توندڕەوی دەقۆزنەوە لە پێناوی داخستنی دەرگاکانی دین و تەسك کردنەوەی بوار لەسەر موسڵمانان و کردنەوەی دەرگاکان بۆ خراپەکاران و بێ باوەڕان .

بەڵام ئەهلی سوننە خوای گەورەیان بەسە، وە دەیانترسێنن بە فەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرمێت:

﴿وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ﴾ [الأنفال: ٣٠] .

واتە: ئەوان فێڵ دەکەن و نەخشەو پیلان دادەنێن و خوای گەورەیش نەخشەو پیلان دادەنێت بەڵام خوای گەورە باشترین نەخشەدانەرە و نەخشە و پیلانی ئەوان هەڵدەوەشێنێتەوە .

وە بەم فەرمودەیەی تری کە دەفەرمێت:﴿وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ﴾ [فاطر: ٤٣].

واتە: نەخشەو پیلان و فێڵی خراپ توشی کەس نابێت و کەس ناگرێتەوە تەنها خاوەنەکەی خۆی نەبێت .

و داواکارین لە هەرکەسێك کە شتێك لە بەرپرسیارێتی بەدەستێتی ئەگەر ئەوان دەیانەوێت چارەسەری توندڕەوی وتەقاندنەوە وئاژاوە بکەن ئەوا:

١- با جیاوازی بکەن نێوان کەسانێك کەپێشینە وپێشەوایان پێغەمبەرﷺ وهاوەڵانێتیرضي الله عنهم و بەرنامەیان بنیات نراوە لەسەر دادپەروەری وچاکە، وە لەنێوان کەسانێك کە پێشینەو پێشەوایان خەوارجە ئەوانەی کەکار و دەرچونیان بریتییە لە کافر کردن و حەڵاڵ کردنی خوێنی پێچەوانەکەیان .

٢- وە ڕێگا نەدەن بە توندڕەوە بێ باوەڕەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی ترەوە کە تانەو تەشەر بدەن لە ئایینی ئیسلام و موسڵمانە پەیوەستەکان بە سوننەتەوە، لە ژێر پەردەی دژایەتی کردنی توندڕەوی ئیسلامی-یەکان، ئەو توندڕەوە بێ باوەڕانە — بەستەم — ئیسلام بەگشتی تۆمەت باردەکەن

بــەوەی کــە دینــی تونــدڕەوێتی و تۆقاندنــە، وە دژی ئـــازادی و شارســـتانی و پێشکەوتنە ! ! وە پێناسەی توندڕەوی لەلای ئـەوان بریتــی‌یـە لـە هـەموو کـــەسێك کـە دەستی بـە ئیسـلامەوە گرتبێت و ڕازی بوبێـت پێـی ئـیتر ئایـا تونـدڕەو بێـت یـاخود میانــڕەو بێـت و دژایـەتی تونـدڕەوی بکـات ! ! ! وە پێویسـتە لەسـەر بەرپرسـان کـە بــزانــن ئــەو کــەســـە تونـدڕەوو بـێ باوەڕانـە ئـاگری داگیرسـاوی تونـدڕەوێتی زیـاتر دەگەشـێننــەوە بۆ داگیرساندنی کوشتن و ئاڵۆزی و ناهەمواری کە ئەمانە هۆیـەکن لـە هـۆیـەکـــانـــی دەرکەوتنی ئیسلامی‌یە توندڕەوەکان ! ! .

٣- وە چارەســەرو زاڵ بــوون بەســەر تونــدڕەوی و تۆقانـــدن و کـــافر کـــردن و تــەقـانـدنــەوە بــە قەدەغـە کردنـی دەرسـی شـەرعی و بانگـەوازی ئیسـلامی پـیرۆزی ڕاست و مام ناوەند نابێت، وە بە قەدەغە کردنی هـەموو بانگەوازکـەرێك بـۆ ئیسـلام لـە بانگەوازەکەی نابێت، بـەڵکـو چـارەسەر دەردەکـەویت بـە ڕیشـەکێش کردنـی ڕەگـی تونـدڕەوی لە شویـێنـی ئاراستە کردنی‌یەوە، وە ڕەگی توندڕەوی بڵاوە لە ناو پەرتوکی ( قوطبی و سروری و تەکفیری ... ) یەکان .

٤- وە ڕیگا بدەن و بوار بکەنەوە بۆ شوین کەوتوانی سەلەف بـۆ بـــڵاو کـردنــەوەی ڕابـون و بــە ئاگاهێنانی خەڵکی و زانستی شەرعی و بڵاو کردنەوەی سـوننەت تـا لـەڕێ دەرچوان بگەڕێنـەوە و نەزانەکان تێ بگەن و ڕاکردووەکان بگەڕێنەوە، چونکە زانایانی سەلەف پزیشکی دڵان و لابەری گومان و دوودڵین .

وە لە یادتان نەچێت کە گەڕانەوەی زۆربەی خەوارجەکان لەسەر دەستی زانای ئەم ئوممەتە (عبداللە ی کوڕی عەباس) بووﷺ، وە بە هەمان شێواز ئەمڕۆیش دەبینین کە زانایانی سەلەف هۆن بۆ مانەوەی زۆربەی گەنجە پەیوەستەکان بە ئیسلام لەسەر سوننەت و ڕێگای ڕاست و خۆگرتن و ئارامگرتن و دەست بەرداری و پەیوەندی نەکردن و نەچونە ڕیزی توندڕەوی و تەقاندنەوە، کە دەبینن ئەمە گاڵتە جاڕیە بەدین و پێشێلکاری ڕێزی موسڵمانانە و تەسکیە لەسەر بانگەواز کردن بۆ لای شەریعەتی پەروەردگاری هەموو جیهان[1] .

---

(٨) لەکاتی نوسینی ئەم چەند دێڕەدا بووم کە بەڕێوەبەری ئەوقاف بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم و پێی ڕاگەیاندم کە وەزارەتی ئەوقاف بڕیارێکی دەرکردووەو قەدەغەی کردووم لە وتار دان لەم هەینیەوە، وەمنیش ئەم هەواڵەم وەرگرت بەدڵێکی فراوانەوە بۆ بڕیار و فەرمانی خوای گەورە . وەلە دڵی خۆمدا ووتم ئەم بڕیارە دەلالەت دەکات لەسەر چەند شتێك:

١– بەڕاستی ئەهلی سوننە نامۆن لە هەموو شوێنێکدا بەڵام بەئومێدی بەهەشتین لە پەروەردگار ( وطوبى للغرباء ) بەختەوەری و بەهەشت بۆ نامۆیانە .

٢– قەدەغەکردنم لە وتاردان بەرهەمێکە لە بەروبومەکانی توندڕەوان .

٣– کەسانێك هەن کەلاپەڕەکانیان لێ تێکەڵ بووە و وا گومان دەبەن کە هەر کەسێك بەدینی ئیسلام ڕازی بێت بە زانست و بیروباوەڕەوە ئەوە توندڕەوە؟

٤– وە کەسانێك هەن کە پشت دەبەستن بە تێکەڵ کردنی لاپەڕەکان، خوای گەورەیش دەفەرمێت:

﴿وَلَا تَقْعُدُوا بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِهِ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا وَاذْكُرُوا إِذْ كُنْتُمْ قَلِيلًا فَكَثَّرَكُمْ وَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ﴾ [الأعراف: ٨٦] .

واتە: ئێوە لەسەر هەموو ڕێگەکان دامەنیشن وڕێگای دینداری لە خەڵکی مەگرن وهەڕەشەیان لێ مەکەن ومەبن بەبەربەست لە ڕێگای دینی خوای گەورە وموسڵمان بوونی خەڵکی، وە ئێوە دەتانتەوێت دینی خوای گەورە خوارو خێچ بێت و بەگوێرەی هەواو ئارەزوی خۆتان بێت، وە لە یادتان بێت کاتێك ئێوە کەم بوون

## چوار پێشەکی روون کردنەوە[١]

* پێشەکی یەکەم: توندڕەوی وتۆقاندن رەتکراوەیە بەهەموو وێنەو شێواز و دیاردەکانیەوە.

* پێشەکی دووەم: سەلەفیەت وتوندڕەوی وتۆقاندن.

* پێشەکی سێیەم: پوچەڵ کردنەوە وبەتاڵ کردنەوەی شتە بەتاڵ و پڕو پوچەکانی ستەم کاران، وە ڕوون کردنەوەی حەقیقەتی زیادڕەوە تەکفیری وتوندڕەوەکان.

* پێشەکی چوارەم: زیادڕەوی وتوندڕەوی واقعێکی هەست پێکراوە لە گۆڕەپانەکەدا بەڵام:

---

خوای گەورە زیادتانی کرد، وە تەماشا بکەن وببینن کە سەرەنجامی خراپەکاران وئاشوبگێڕان چی بووە وچۆن بووە وخوای گەورە چی بەسەر هێناون.

لەگەڵ ئەمەیشدا من و هەموو ئەهلی سوننە ئارامگرین لەسەر ئازار دان و چاوەڕوانی پاداشتین لە خوای گەورە و هەر ئەومان بەسەو خوای گەورە باشترین پشت پێ بەستراوە، ولا حول ولا قوة الا بالله العلي العظيم.

(٩) ئاگادار کردنەوە: وتەی زانایانم هێناوەتەوە بەگوێرەی رێکخستنی بابەتەکان نەك بە گوێرەی رێکخستنی زانایان، بۆ نمونە سورەتی الإخلاص لە کۆتایی قورئاندایە لەگەڵ ئەوەی سێ یەکی قورئانە، وە آية الكرسي ژمارەکەی (٢٥٥)ە لەگەڵ ئەوەی کە گەورەترین ئایەتە لە قورئاندا با ئاگاداری ئەم خاڵە بن وکەسێك نەڵێت بۆچی ووتەی هەندێك لەزانایان پێش هەندێکیان خراوە کە لەوانەیە ئەوەی پێش خراوە قوتابی ئەوە بێت کە دوا خراوە.

# پێشەکی یەکەم: توندڕەوی[1] وتۆقاندن ڕەتکراوەیەبەهەموو وێنەو شێواز و دیاردەکانییەوە

## الشيخ عبدالرحمن بن عبدالعزيز السديس

## پێش نوێژ و وتار خوێنی (المسجد الحرام)

خوا بیپارێزیت دەفەرمێت[2]: بە ڕاستی مرۆڤایەتی لە پاش سەردەمەکەوە دەناڵێنێت بە دەست زۆری کرداری توندڕەوی و وێرانکاری، و ڕوداوی ئاژاوەگێڕی و تۆقاندن .

وە ئەم بارەی ئێستامان ئەم شتە بەجوانی ئاشکرا دەکات، کە هەموو جیهانی هەژاند، وەتوشی نەهامەتییەکی مرۆیی گەورەو بەڵایەکی گشتی و کارێکی خراپی گەورە بووە، کەسێك گەر بەدواداچونی هەبێت چەندەها شێوازی ترساندن و تۆقاندن و هەواڵی شڵەژاوی و نالەباری و کاول کاری دەبینێت ودەبیستێت، لە وێرانکاری و تەقینەوە وکوشتن وتیرۆر کردن، وڕفاندنی فڕۆکە وڕوخاندنی باڵەخانە وتێکشکاندنی شتومەك، چەندەها خەڵکی گیانیان لە دەست دا، وە چەندەها زیانیان نایەوە، وە شوینی ئاوەدانیان کاول کرد، وە ئابوورییان لە پێ خست، وە کوژراو و برینداو و ونبوویان بەجێ هێشت، وە بووە هۆی لەبارچونی منداڵ و هەتیو خستنیان، کەسانێکی دەروون نەخۆش و ویژدان نزم و زەمکراوی لاواز ئەم ئیشانە دەکەن کەتاوانکاری ڕەگی داکوتاوە لە دەروونیاندا، هەتا خراپەکارییەکانیان دەرکەوت، وئاشوبیان گەورە بووە، وەبەگەورەیی ناردیان تا تەڕ و وشکی پێکەوە سوتاند .

---

[1] (ئەوەی شێخ مەبەستێتی ئەم توندڕەوییەی ئەمڕۆیە) .

[2] گۆڤاری (الأصالة) ژمارە (٤٠) (١٥ ذي الحجة ١٤٢٣) لاپەڕە (٦٥) .

بە ڕاستی ئەم دیاردانە سنوری کات و شوێن و ناسنامەیان بڕیوە و دیاری کراو یاخود تەسك یاخود تاك تاك نین، بەڵکو ئەم شێوازانەی بڕیوە و بۆتە ڕێکخستنێکی تاوانکاری چەکدار، و دوژمنکاری بەکۆمەڵی هاوار کەر، وە مینە کات دیاری کراوو تەقینەوە شاراوەکانیان ناوەتەوە لە هەموو دونیا بە گشتی، وە خانە ڕق لێ بووەکانیان و تۆڕە بۆچونە لاوازەکانیان داڕنراون لە کەمترین مانای مرۆڤایەتی و ڕەوشتی دینی، وە پێچەوانەی هەموو شەریعەتە ئاسمانییەکان و داب و نەریت و پەیمان نامە دەوڵەتی-یەکانیان کرد، وە لە هەموو بەڵاو نەهامەتییەك نەهامەتی تر ئەوەیە کاتێك کە جێگیر دەبێت خاوەنی ئەم کارانە پۆشاکی دینیان لەبەر کردووە، یاخود خۆیان ڕازاندۆتەوە بە پۆشاکی موسڵمانان .

وە ئیسلامی ڕاستەقینە پاکە و بەرییە لە هەموو ئەمانە، دەق و مەبەستە شەرعی و ئادابە چاودێرییەکانی هاتوونە بۆ حەرام کردنی کوشتنی کەسێکی خوێن پارێزراو و گیان کێشان و وێران کردنی موڵکەکان، و دەست درێژی کردنە سەر ماڵ ومافەکان و ئاشوب نانەوە لەسەر زەوی، وە بەڕاستی ئیسلام ستەم و ستەم لەیەك کردنی حەرام کردووە، وە فەرمانی کردووە بە دادپەروەری وە قەدەغەی کردووە لە گرتنە بەری ڕێگای توندوتیژی و ڕەوشت خراپی.

# پێشەکی دووەم:

## سەلەفیەت و توندڕەوی وتۆقاندن (١)

روداوە جیهانی‌یەکان کە ناونرا بە ( رووداوەکانی یانزەی ١١ سیبتەمبەر) هەموو ئوممەتی ئیسلام و گەلانی خستە ناو لەرزینێکی گەردەلوولی کۆمەلأیەتی و ئابوری و سیاسی و سەربازی ترسناك زۆر و شوێنەوار گەورەو ئەنجام سەخت .

وە لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ڕووداوە گەورانە قسەیەکی زۆر و دەنگە دەنگێکی گەورە سەری هەڵدا لە گەڵیدا دەربارەی ئەوەی کە لەڕاگەیاندنەکانی رۆژئاوایی و رۆژهەلأتیش – بەدوای ئەواندا – ناو دەبرێت بە (اصولی) کە ووشەیەکە لەلای ئەوان هاوشێوەی (توندڕەوی)یە ! وە لە ناو قسەکردنەکانیاندا بە (اصولی و توندڕەویتی) زۆر جار بە شێوەیەك یاخود شێوەیەکی تر قسەکردن بە– سەلەفیەت –سەری هەڵداو پەیوەندی بەم یاخود ئەوەوە !

وە ئەوەی کە زیاتر قسەی هێنایە سەر – سەلەفیەت– وە زۆری کرد ژمارەیەك لە حیزب و کۆمەڵەکان لە هەندێك وولأتانی وەکو جەزائر و مەغریب خۆیان دایە پاڵ سەلەفیەت، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم کۆمەڵ و حیزبانە – لە هەمان کاتدا – ریگای شۆڕش کردن و وروژاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەلأت داران و کوشتار و پێکدادان و چەکداری یان گردۆتە بەر . . . . کە بەڕاستی ئەم تێکەڵ بوونی ناو واقیعە بووە هۆی شێواندنی وێنەی ( بانگەوازی سەلەفی ڕاستەقینە) کە زانا گەورە دامەزراوەکان و زانا بەڕێزە بەرزە خوا ویستەکان گردوویانەتە بەر، کە ئەوانیش لەزانا گەورەکانیان وەریان گرتوە – پێشتر – وە ئێستایش بە قوتابیانیان دەڵێنەوە هەتا خولە زانستی‌یەکە تەواو بێت و

(١٢) مجلة (الأصالة) عدد (٣٩) شهر جمادي الآخرة (١٤٢٣).

بازنەکەیشی پەیوەندی‌یەکی بەرنامەیی بەرز وپەیوەندی‌یەکی شەرعی بەنرخ تەواو دەکات،... بە شێوەیەك کە هەموو ئەمانە ببێتە هۆی جێبەجێ کردنێکی کرداری واقیعی بۆ فەرموودەکەی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ کە دەفەرمێت:

(تسمعون و يُسمع منكم ويُسمع ممن يَسمع منكم)[١] .

واتە: ئێوە دەی بیستن و خەڵکیش لێتانەوە دەی بیستن وە لەو کەسانەیش دەیبیستن کە لە ئێوەیان بیستووە .

گەیاندنی حەق و زنجیرەی ڕاستی بەبێ پچڕانی زنجیرە و بەبێ پچڕانی هیدایەت . . .

وە لەبەر ئەوەی ئەم زانا گەورانە و – ئەو زانا گەورانە – بانگەواز کاری هێمنی و ئارامی و ئاسایش و باوەڕن: بۆیە بانگەوازەکەیشیان – لە سەرەتا و کۆتایدا – بانگەوازێکی پاکی سافی دوورە لەو توندی‌یە و پێکدادان ڕەت دەکاتەوە، وە ڕووبەڕوو بوونەوەی شۆڕشی هەڵدەوەشێنێتەوە ! !

بەڵی ئێمە – وەکو دینداری – باوەڕمان بە جیهاد هەیە، و گرنگی‌یە شەرعی و پلە وپایە دینی‌یەکەی خۆی پێدەدەین و ڕێزی دەزانین، بەڵام لەچوار چێوەی بەستەرەوە شەرعی‌یەکانی، وە ئەحکامی زانایانی و ڕێنمای پیشەوا گەورەکانی.

بەڵام بڵاو کردنەوەی ئاژاوە وترساندنی ئارامان – یاخود ئارام کراوان – (پەنادراوان) وە کوشتنی منداڵ و ئافرەت و پیر و دەرکردنی ئوممەتی ئیسلام لە هێمنی و ئارامی-یەکەی بە ناوی جیهاد ودین، وبەسۆزی تێك دەر و حەماسەتی بەتاڵ ئەوا خودی سەرپێچی کردنی خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی ﷺ و باوەڕدارانە، وە دەرچونە لە ڕێگا ڕاستەکەی زانا دامەزراوەکان .

---

(١٣) (رواه أبو داود، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٩٤٧، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٧٨٤).

وە ئەم کردارانەی کە پێشتر باسمان کرد رۆژئاوا و شوێن کەوتوانی لە رۆژ هەڵات پیٚ-ی دەڵێن تیرۆر وتۆقاندن ! !

کە ئەمەیش ناونانێکی رۆژئاوایی سیاسی هەڵەیە بەرامبەر زاراوەی ئیسلامی ڕاست کە لە شەرعدا هاتووە بەبیٚ بەرهەڵستی کردن هەروەکو چۆن لە قورئاندا هاتوە:

﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾ [الأنفال: ٦٠].

واتە: بۆ دوژمنانی خوای گەورە ئامادە بکەن چەندێك لەتواناتاندا هەیە لەهێز، وەتەنانەت لە رەشمەی ماینەکان تا دوژمنانی خوای گەورە و دوژمنانی خۆتانی پی بتۆقێنن .

بەڵام ناونانی ڕاست بۆ ئەم کردارە خراپانە لە شەرع و واقیعدا کە شەرع قەدەغەی کردووە بریتییە: (زیادڕەوی) کە پێغەمبەر ﷺ ئاگاداری کردووینەتەوە لیٚی و قەدەغەی کردووە لێمان، ئەویش لە فەرموودەکەیدا:

(إياكم والغلو في الدين، فانما أهلك من كان قبلكم الغلو في الدين)(١) .

واتە: ئاگادارتان دەکەمەوە لە زیادڕەوی کردن لە دیندا، چونکە ئەوانەی پێش ئێوە تەنها زیادڕەوی کردنیان لە دینەکەیان لەناویانی برد.

وە تێکەڵ کردنی زاراوەکان، و ناتەواوی لە ڕاستی شتەکاندا: ئوممەت و نەوەکانی – بەڵکو هەموو جیهان – بەتێکڕا دەخاتە ناو ئاشوب و خراپەکاری، و فیتنەو کارێکەوە ... کە جگە لە خوای گەورە لابەرێکی تری نییە:

﴿لَيْسَ لَهَا مِنْ دُونِ اللَّهِ كَاشِفَةٌ﴾ [النجم: ٥٨] .

---

(١٤) (رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ١٢٨٣، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٦٨٠).

وە بانگەوازی سەلەفی – ئارامی ڕێنمایی کار بانگەوازێکی زانستییە ئەم هەموو شتە داهێنراوانە ڕەت دەکاتەوە، وە بانگەوازێکی خواویستییە خۆی دوور دەگرێت و دووردەخاتەوە لە هەموو ئەم فیتنە گێژەلوکانە، نەك لە ترسنۆکی و ترسا بێت، هەروەکو چۆن هەندێ لە زیادڕەوە سەرپێچی کەرەکان، یاخود هاوشێوەکانیان لە نەزانە شت قورس کەرەکان وا تێگەیشتون یاخود وا خۆیان تێ دەگەیەنن .

بەڵکو وەکو جێ بەجێ کردنێك بۆ شەرعی کار بەجێ، کە بنیات نراوە لەسەر فەرموردەی خوای گەورە کە دەفەرمێت:

﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ [الأنبياء: ١٠٧] .

واتە: ئەی محمدﷺ تۆمان نەناردووە تەنها بەڕەحمەت نەبێت بۆ هەموو جیهان.

هەروەها فەرمودەی پێغەمبەرﷺ کە دەفەرمێت:

(إنما أنا رحمة مهداة)[1] .

واتە: من تەنها ڕەحمەتێکی ڕێنمایی کەرم .

وە ڕاوەستاوە لەسەر فەرمودەکەی پێغەمبەرﷺ کە دەفەرمێت:

(البركة مع أكابركم)[2] .

---

(١٥) (رواه الدارمي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٣٤٥، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤٩٠).

(١٦) (رواه الطبراني والحاكم، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٨٨٤، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٧٧٨).

واتە: خێر و بەرەکەت لەگەڵ زانا گەورەکانتاندایە .

بۆیە ئێمەیش لەوان دەرناچین ولانادەین و لە فەرمانیان دەرناچین، ئەوان ئەو کەسانەن کە هەر کەسێك لە گەڵیان دانیشێت بە هۆی ئەوانەوە بەدبەخت نابێت (لايشقى بهم الجليس) وەکو پێشەوا بەڕێزەکانمان: ( ابن باز، والألبانى، وابن عثيمين وە هەر کەسێکی تر کە لەسەر ئەو شتە بێت کە ئەمانی لەسەر بوون[1] لە بەرنامەی بەرزی بەنرخ ...

وەهەموو سەرپێچی کەرێکی ئەمان ئەوا خراپترین و لەناوچوترین کەسە هەر چەندە لەو کەسانە بێت کە وادەزانن کرداری چاك دەکەن و کردارەکانیشیان خراپە:

﴿وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا﴾ [الكهف: ١٠٤] .

وە ئەم وازانین و گومانە خاوەنە ڕاکردووەکەی لە مافەکەی ڕزگار ناکات لە لێپرسینەوە و سزا و ئازاری خوای گەورە بە گوێرەی سەرپێچی کردن و لە ڕێ دەرچونیان . . . دەی کەواتە با گومڕاکان، و دوورە ڕێیەکان، سەرپێچە جیاوازەکان بگەڕێنەوە و تۆبە بکەن . . .

وە – بانگەوازی سەلەفی – ڕاستی پاك – هەر دەمێنێت هەروەکو چۆن پەیمانی پێدراوە، گومان بە ڕێنمای کەرەکانی دەبرێت – کەبانگەوازی هێمنی وئارامی و

(١٧) وەکو (هيئة كبار العلماء) و هەردوو زانای مجاهد مقبل بن هادي الوادعي و ربيع بن هادي المدخلي .

باوەڕە، لە ئاشتی و شەڕدا – با دوژمنانیشی تۆمەت باری بكەن بە درۆ هەڵبەستن و بوهتان و توندڕەوی – وە بانگەوازی ڕێنمایی و ڕاستی‌یە – لە زانست و كردار و بیروباوەڕ . . . . . . .

( و الله الهادي )

## ئایا سەلەفیەت دوو بەشە : زانستی وجیهادی؟!

وە شێخ علي الحلبي وتەیەكی فەرمووە كە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە تێیدا دەفەرمێت[1]:

(بەڵكو زیادڕەوی نەزانەكان! وای لە هەندێ خەڵكی كردووە بەر بەرەكانیمان لەگەڵدا بكەن لەخۆدانەپاڵ (سەلەفیەت) وە خۆیان كۆكردۆتەوە بۆی، كە ئەوان لەم كارەیاندا– سەرەڕای كارەكانی تریان!! دوورترین كەسن لە سەلەفیەت، وە لەپاكی و بێگەردی بەرنامەكەی!!

دەڵێن – یاخود پێیان دەوترێت!: (سەلەفی جیهادی)! یاخود (سەلەفی چاك سازی)!! بەڵكو هەندێكیان گومرا كردنەكەیان گومڕاتر كردووە كە دەڵێن (سەلەفی زانستی)!!! كە ئەم شتانە – سوێند بەخوای گەورە – لە هیچ شتێكی زانست نی‌یە!! وە من بە جەخت لەسەر كراوی سوپاسی خوای گەورە دەكەم كە لە سەركردە سیاسی‌یەكان و ڕۆژنامە وانیەكان: تا ئێستا كەسانێك هەن خاوەنی

---

(١٨) گۆڤاری (الأصالة) ژمارەی (٤٣ – مانگی جمادي الآخرة – ساڵی ١٤٢٤ ك) .

دادپەروەری و ژیرین کە جیاوازی دەکەن لە نێوان (سەلەفیەتی ڕاستەقینە) بە بەرنامە گەشاوەکەی، وە لە نێوانی ئەم کەسانەی کە فێڵ و دژایەتی خۆیان دەشارنەوە وە خۆیان دادەپۆشن بە خۆدانە پاڵی بەتاڵیان بۆ سەلەفیەت، وە سوێند بە خوا ئەگەر ئەم جیا کاریەیە نەبوایە ئەوا باش و خراپ، زانا و نەزان تێکەڵ بە یەکتر دەبون!! وەشێوازی سەلەفیەتە ڕاستەقینەکەمان دەشێوێنرا — کە قۆناغ بە قۆناغ و نەوە بە نەوە ماوەتەوە لە نێوان زانا خوا ویستەکان تا گەیشتوە بە زانا گەورەکانمان وەك (ابن باز والألباني وابن عثيمين سەلەفیەتی هێمنی و ئاسایش و ئارامی و ئیمان).

وە سوپاس بۆ پەروەردگاری هەموو جیهان کە بانگەوازی سەلەفی ڕاستەقینە هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان نەبووە وە إنشاء الله نابێت بە (کۆمپانیایەکی بازرگانی) یاخود (ناسنامەیەکی حیزبی) بەڵکو بە تەنها بانگەوازێکی خواویستیە، ئاوی بوونی خۆی وەردەگرێت لە سەرچاوەی پاکی هەڵقوڵاوی قورئان و سوننەت، وە هیچ مانەوەیەکی تیا نیە تەنها بۆ هیدایەتی پاك و بێگەردی ئەمین نەبێت...

( بۆیە تۆمەت بار کردنی بانگەوازی سەلەفیەت بەوەی کە بزوتنەوەیە بە مانای ئەوەی حیزبە بۆ نمونە، ئەمە ستەم و تاوانە بەرامبەری دەکرێت، چونکە خۆی دژایەتی حیزبایەتی ڕق لێبوو دەکات کە ئوممەتی ئیسلامی پارچە پارچە کردووە، هەروەکو چۆن پێشتر دژایەتی دەمار گیری مەزهەبی کردووە...

وە بانگەوازی سەلەفی پیرۆز لە هەموو شتێك زیاتر دوور ترە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کاربەدەستان و فەرمان ڕەوایانی موسڵمانانداهەرچەندە ستەم و خراپە بکەن، بەڵکو ئامۆژگاریان دەکات و نەرموونیان دەبێت لە گەڵیاندا وە دوعایان بۆ دەکات هەر وەکو چۆن پێشەوا ( فضيل بن عياض) وە جگە لەو (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) دەفەرمون:

( لو كانت عندي دعوة مستجابة لدعوت بها للسلطان، لأن بصلاحه صلاح الأمة).

واتە: ئەگەر یەك دوعای وەرگیراوم هەبوایە لای خوای گەورە ئەوا ئەو دوعایەم بۆ فەرمان ڕەوایان دەکرد، چونکە چاکی ئەوان دەبێتە هۆی چاکی هەموو ئوممەت .

وە سەلەفیەکان – نەك ئەوانەی بانگەشەی دەکەن! – خەڵکی ناوروژێنن وە نایان کەن بە گژ فەرمان ڕەواکانیان و شۆڕشیان پێ ناکەن تا بە هۆیەوە بگەن بە ئامانجی دیاری کراوی خۆیان!! وە هێمنیو ئارامی و ئاسایش و ئیمان بنچینەی بنەڕەتی بانگەوازی سەلەفیەتە، کە ئەمان لە هەموو خەڵکی زیاتر–وە واقعیش شایەتی دەدات – دژی توندوتیژی و توند ڕەوی و وروژاندنی سیاسیو شۆڕش کردنن کە ئەمانە وڵاتو خەڵکیان توشی ئاشوب کردووە...، ئەمان (سەلەفی-

یەکان) سوێند بەخوای گەورە شایانترن بەڕێز گرتن و خستنە پێشەوە، نەك بە ڕاونان و دەست بەسەردا گرتن و دوور خستنەوە – پەنا بە خوای گەورە – )[1].

(١٩ ) گۆڤاری (الأصالة) ژمارە (٣٨ – مانگی ربیع الأول – ساڵی ١٤٢٣ ك) .

# پێشەکی سێیەم: تێکشکاندنی شتە پوچەڵ وبەتاڵەکانی ستەمکاران، وە روونکردنەوەی حەقیقەتی زیادڕەوە تەکفیری وتوندڕەوەکان.

## نوسینی زانای موجاهید:

## ربيع بن هادي عمير المدخلي.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله و الصلاة و السلام على رسول الله و على آله و صحبه و من اتبع هداه .

لەپاشاندا: بەهۆی ڕووداوی توندڕەوی وتەقاندنەوەوە کە ڕووبەڕووی خەڵکی بۆتەوە، وە پێش ئەمەیش پێشەکیەکانی لەڕق وکیناوی وزیادڕەوی ووروژاندن وکافرکردن، قسەکردن زۆربووە لە دانیشگا وبەیەك گەیشتنەکان، وەلەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراو وبیستراو وخوێندراوەوە .

١- کەمێك لە خەڵکی ڕاستی و سەرچاوەکەی دەناسێت و ئاشکرای دەکات .

٢- وە هەندێکیان بە بێ زانست و هیدایەت و چاوڕۆشنایی قسە دەکات و دەربارەی ڕاستی هیچ شتێك نازانێت .

٣- وەهەندێکیان ڕاستی دەزانێت و واقیعی توندڕەویتی و سەرچاوەکەی دەزانێت بەڵام بە ڕاستگۆیی باسی ناکات و حەق ئاشکرا ناکات و هەوڵ نادات بەتاڵ ڕەت بکاتەوە، وە هۆکاری خەیاڵی وا بۆ خەڵکی باس دەکات کە هیچ

نرخێکی نییە لە واقیعدا لەبەر هەر هۆکارێك بێت، بەلاَم خۆیشی دوور دەگرێت لەوەی کە بیلکێنێت بە بەرنامەیەکی دەست نیشان کراوەوە .

٤- بەشێکی تری خەڵکی بەشدارن لە گەڵ ئەمانەدا لە ناسینی ڕاستی و واقیع بەلاَم چاو نەترسانە بەرنامەیەکی پاك و بێگەرد[١] تۆمەت بار دەکەن بە زیادڕەوێتی و کافر کردن، وە ڕاستی دەشارێتەوە بە عەمدی، وە پەردەی ئەستور شۆڕ دەکاتەوە بەسەر زۆر بەرنامەی ناسراو، وە مێژووی کۆن و ئێستا شایەتی دەدات بە سەریاندا بەم شتە .

* بۆیە دەڵێم پێویستە هۆشمەندان یەکەم جار جیاوازی بکەن لە نێوان ئەهلی سوننەت و تاقمە گومڕاکان .

وە بنچینەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بریتییە لە دەست گرتن بە قورئان و سوننەت و شوێن کەوتنی ڕێگا و بەرنامەی باوەڕداران کەناو دەبرێت بە یەکدەنگی زانایان .

وە دینەکەیان بنیات نراوە لەسەر ئەم بنچینانە: بیروباوەڕیان و پەرستنیان و ئەحکامەکانیان و حەلاڵ و حەرام و هەڵسوکەوت کردن و هەموو کاروباری ژیانیان.

---

(٢٠) شێخ مەبەستی بەرنامەی سەلەفی ساڵحە – واتە سەلەفیەت – ئەهلی سوننەت و جەماعەت . ( کۆکەرەوە).

وە لەبەر سەختی دەست گرتنیان بە قورئان و سوننەتەوە وە سور بوونیان لەسەر کۆبونەوەی ئوممەت لەسەریان وە لەسەر ئەوەی کە هاوەڵانیﭫ لەسەر بووە ناونراون بە ئەهلی سوننەت و جەماعەت .

بەڵام تاقم و گروپەکانی تر وە لە هەموویان تایبەت تر (الروافض والخوارج) بنچینەی دینەکەیان بنیات نراوە لەسەر پارچە پارچەبی و جیاوازی و دور کەوتنەوە لە گرنگی دان بە قورئان و سوننەت، وە گومانی خراپ بردن بە هاوەڵان ﭫ و تانە و تەشەر دان لێیان و تۆمەت بار کردنی ستەم کارانەیان بۆیان، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بە فاسق دانانیان و کافر کردنی هەموویان لەدینی (الروافض) و کافر کردنی هەندێکیان لەلای خەوارج، وە ئەم دوو تاقمە گرنگی یەکی زیاد بە سیاسەت دەدەن وە لە وێوە دەردەچن و دەڕۆن بەرەو کافر کردن .

١- ( الروافض): هاوەڵان و شوێن کەوتوانﭫ لە ئوممەتی ئیسلام کافر دەکەن بە تایبەتی ئەهلی سوننەت، چونکە دەڵێن کە گوایە ئەمان ئیمامی عەلی یانﭬ پاڵناوەو دەرکردووە لە پێشەوایەتی و جێنیشین .

٢- وە خەوارجیش چوون بەرەو کافر کردنی ئیمامی عەلی و عوسمان ( خوایان لێ ڕازی بێت) لەڕووی سیاسییەوە .

٣- وە موعتەزیلەیش بەشداری‌یان دەکات لە زۆر لە بنچینەکانیاندا بەڵکو پێشیان دەکەوێت هەرچەندە ئەمان کەمتر توندن لە بواری هاوەڵانﭫ و کافر

کردندا بـەڵام بەشـدارن لـە گەڵیانـدا لـە بـەردەوامی مانـەوەی خـاوەنی تاوانـە گەورەکان لە ئاگری دۆزەخدا.

وە ئەهلی سوننەت لە هەموو سەردەم و شـوێنێکدا بـەر بەسـت بوونـە و وەڵامـی گومڕای‌یەکانی ئـەم تاقمانـە و جگـە لـەمانیان داوەتـەوە، وە لەوانـە بابـەتی کـافر کردن پاشان لەم سەردەمەدا حیزبە سیاسی‌یـەکان هـاتن کـە تـا ڕادەیـەك لـە ژێـر کاریگـەری بیروبـاوەڕ و بەرنامـەی ئـەو تاقمانـەدان، وە پاشـانیش هـیچ کێشـە و غەمێکیان نی‌یە تەنها سیاسەت نەبێت، وە هیچ گرنگی نادەن بە چاکسـازی حـاڵی ئوممەت لەڕووی بیروباوەڕ و زانستەوە، وە بیر ناکەنەوە لە گەڕانەوەی ئوممەت بۆ قورئـان و سـوننەت وئـەوەی کەپێشـینە چـاکەکانی لەسـەر بـووە لەدامـەزراوی وچاکسازی لە هەموو بوارەکانی دینـدا، بـەڵکو ئاشـوبی ئوممـەتیان زیـاتر کـرد لـە بـواری بیروبـاوەڕ و ڕەوشـتەوە کـەدەیانبینیت پشـتیوان و یارمـەتی دان و سەرخستنیان هەیە بۆ ئەهلی بیدەع و گومڕایی .

وە دژایـەتی شـوێن کـەوتوانی قورئـان و سـوننەت و زاناکانیـان دەکـەن، وە پڕوپاگەنـدە و درۆ و شـتی بـەتاڵ هەڵدەبەسـتن بـۆ خۆیـان و پـەڕتوك و بەرنامەکەیان، وە لەو کەسانە سید قطب و شوێن کەوتوانی .

سید قطب لـە ڕوانگـەی خـەوارج(١) ورافضة(٢) و موعتەزیلـە(١) و جـەهمی‌یـەوە(٢) دەردەچێت لە بیروباوەڕ و بەرنامە و سیاسەت بەتایبەتی لە بواری کافر کـردن بـە

(٢١) لە کافر کردنی بەهۆی تاوانە گەورە پەیوەستەکان بە حاکمیەت و سیاسەتەوە .(کۆکەرەوە).

(٢٢) لە تانەدانی لەعوسمان ومەعاویە وژمارەیەکی ترلە هاوەڵانی رضي الله عنهم پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم .(کۆکەرەوە).

ستەم و نەزانین، کۆمەڵگاکان بە تێکڕا هەمووی لەلای ئـەم کۆمـەڵگای نـەفامی‌یـە، وە لە هەموویان زیاتر لە دین هەڵگەڕاوە و نـەفامی لـەلای ئـەم ئوممـەتی ئیسـلامە کەتەنانەت بە بەشێکیش خەڵکی کافر دەکات، وە سەرەڕای ئـەم پەروەردەیـە کـە لەسەر ڕێگای (باطني) یەکانە لە تیرۆر کـردن و تەقاندنـەوە، ووتـەی ( التقية) بـەکار دەهێنن کە ناسراوە بە ( العزلة الشعورية) لێرەوە شوێن کـەوتوانی خۆیـان دەلکێـنن بە بەرنامەی سەلەفی‌یەوە بە فێڵ و نەخشەیەکی گەورەوە لەسەر کردەکانیانەوە.

کە هەموو ئەم شتانەت زانی ئەو کاتە دەزانیت کە: بەرنامـەی سـەلەفی پاکـە لـە تەقاندنەوە و کافر کردن و وێرانکاری .

کێن خاوەنی ئەم بەڵاو نەهامەتی و خراپانە؟.

بەڵێ کەمێك جار لەوانەیە هەندێك کۆشش و فەتوای کەم ببینیـت – کـە حـوکم و بڕیـار بەسـەر کەمـدا نادرێـت – لـەلای هەنـدێك لەوانـەی کـە خۆیـان داوەتـە پـاڵ بەرنامەی سەلەفی کـە خـەڵکی کـافر دەکـەن لـە یـەك بـواردا بـە تـەنها لـە بـواری هاوبەش بڕیاردانی گەورە بەبێ مەرج گرتنـی بەڵگـە هێنانـەوە وجـێگیر کردنـی بـە سـەری دا (إقامة الحجة)، وە جگـە لەمـە لـە بوارەکـانی تـری دیـن و ئیمـان و حاکمیەتیش کە لەناویدایە هـیچ کەسـێك کـافر ناکـەن تـەنها لـە پـاش هێنانـەوە و جێگیر کردنی بەڵگە نەبێت بەسەر بەرامبەردا .

---

(٢٣) لە بە گەورە دانانی عەقڵ زیاتر لـە سـەروی پلـە و پایـەی خـۆی و پـێش خسـتنی بەسـەر فـەرموودەی ئاحادی صحیح . (کۆکەرەوە).

(٢٤) لە لەکارخستنی ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە و گۆڕینی ماناکانیان . (کۆکەرەوە).

کە ئەم شتەت زانی ئەوا لە ستەمێکی زۆر گەورەیە کە ئـەوەی ئـەمڕۆ ڕوو دەدات لە تەقاندنەوە و کافر کردن و وێرانکاری بلکێنرێت بە بەرنامەی سـەلەفی، بـۆ جـێ بەجێ کردنی ئامانج و مەرامەکانیان لە دوور خستنەوەی ئوممـەت لـە بیروبـاوەڕ و بەرنامە ڕاستەکەی .

وە پێیان دەڵێین: ئەمە سەرچاوەی توندڕەوێتی وتونێتیـیە بـۆ ڕژانـدنی خـوێن و لەناو بردن و وێرانکاری و ڕووخاندن و کاول کردن و کۆمەڵ کوژی .

ئیتر بۆچی خەڵکی لێ دوردەخەنـەوە ئـەی فێـڵ بـازانی یـاری کـەران بـە سـۆز و عەقڵی خەڵکی، پاشـان ئاراسـتەی تـیری درۆ هەڵبەسـتنیان دەکەنـە بانگـەوازێکی ئیسلامی ڕاستگۆ .

* پاشان ئەهلی سوننەت باوەڕیان بەدەقـەکانی هەڕەشـەکردن هەیـە دەربـارەی خـاوەنی تاوانـە گـەورەکان وەکـو سـوخۆر و کـوژەری خـەڵکی بـەبێ مـاف، بـەلاَم هەڵوێستیان بەرامبەر تاقمـە گومڕاکـان ناسـراو و بـەناوبانگ و بـڵاوە لـە پـەرتوکـە بیروباوەڕیەکان و ڕاڤەی پەرتوکەکانی سوننەت، کە ئـەهلی سـوننەت حـەفتاو دوو تاقمەکە کەلەفەرموودەی پارچە پارچەیی دا باسکراون کافریان ناکەن تـەنها ئـەوە نـەبێت کـە لـە هەندێکیانـەوە هـاتوە کـە رافضة و جـەهمیـیەکان لـە حـەفتا و دوو تاقمەکە دەردەکـەن، وە زانـراوە لێیانـەوە کـە بڕیـار نـادەن بـە سـەریاندا کـە بـۆ هەمیشەیی لـە ئـاگردا بمێننـەوە بـەڵکو فـەرموودەکانی تکـا کـردن دەیانگرێتـەوە لەگەڵ خاوەنی تاوانە گـەورەکان، وە هـەر کەسـێك کـە ووتبێتـی (لا إله إلا الله) وە

کەمترین کێشی گەردێك باوەڕ لە دڵیاندا بێت ئەوا لە دۆزەخ دەردەکرێن، وە قسەکەی تۆیش[1] ئاماژە بۆ جگە لەمە دەکات .

پاشان سەلەفیەکان بڕیار وحوکمی کوفرو هەڵگەڕانەوە و زەندیقی نادەن بەسەر کەسدا مەگەر ئەو کەسە خۆی شتێك لەمانەی تێدا بێت وپاشان بەڵگەیان بۆ هێنابێتەوە و جێگیریان کردبێت بە سەریدا .

**بەڵام:**

* رافضة هاوەڵانﷺ و ئەوەی لەسەر بەرنامەی ئەوان بڕوات کافریان دەکەن لە پێناوی یەکخواپەرستی و باوەڕەکەیان .

* وە خەوارجیش ئیمامی عوسمان و علی (خوایان لێ رازی بێت) و هەرکەسێکیش لایەنگریان بێت کافر دەکەن، وە خاوەنی تاوانە گەورەکانیش کافر دەکەن ئەگەر تا مردن سور بوبێتن لە سەری، وە بڕیار دەدەن بە سەریاندا کە بۆ هەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە .

* وە موعتەزیلەیش خاوەنی تاوانە گەورەکان لە بازنەی ئیسلام دەردەکەن و بڕیار دەدەن بە سەریاندا کە بۆ هەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە .

---

(٢٥) گفتوگۆ لەگەڵ کراو حسن بن فرحان المالکیە کە ناسراوە بەهەڵە کردنەکان و ڕق و کینە و درۆ هەڵبەستن بۆ بەرنامەی سەلەفی و سەلەفیەکان لە پەرتووکەکان و گفتو گۆکانی لە کەناڵەکانی وەکو (المستقلة) و (طوی) .

وە ئەهلی سوننەت دژایەتی ئەم ستەمە دەرچووە دەکەن لەم تاقمانەوە بەسەر ئوممەتی ئیسلام، وە فرحان المالکی دێت و تاوانی جگە لە خۆیانیان پێوە دەلکێنێت و بەستەم و تاوان و بەتاڵ دژایەتیان دەکات .

ئەی کابرا بزانە کە بەرنامەی سەلەفی ڕاوەستاوە لەسەر قورئان و سوننەت و دادپەروەری و ڕاستی و مامناوەندی وملکەچی بۆ حەق لە هەموو بوارەکانی دیندا.

وە ستەم و لەرێ دەرچون و گومڕایی لە حوکمەکاندا تەنها لەلای دژەکانیانە بە تایبەتی خەوارج و موعتەزیلە و رافضة . . . .

وە ئەگەر تۆ کەمترین بەش لە دادپەروەری و ڕاستی و ملکەچی حەقت هەبوایە ئەوا تیری ڕق و کینەت ئاراستەی خاوەنی حەق و ڕاستی و دادپەروەری ناکرد- ئەهلی سوننەت و فەرموودە سەلەفیەکان-، وە تیرەکانت ئاراستەی دژەکانیان دەکرد لەوانەی کە بە نەزانی و ستەم خەڵکی کافر دەکەن تا کەمترین شت لە شتە سەرشۆڕیەکانیان بەڵام کەسێك کە شتێکی نەبێت ناتوانێت بیبەخشیت .

و صلى الله على نبينا محمد و على آله و صحبه وسلم .

ئەمە هەڵبژاردەیەك بوو[1] لەو نوسراوەی کە شێخی موجاهید ربيع بن هادي المدخلي نوسیویتی -خوا بیپارێزێت - دەربارەی ئەو گفتوگۆیەی کە ڕووی دا لە کەناڵی (المستقلة) لەسەر سەلەفیەت **زنجیرەی دووەم**

**لە سەرەتای** ذی القعدة **ساڵی** ١٤٢٤ **کۆچی** / مكة المكرمة .

---

(٢٦) ئامۆژگاری دەکەم بە خوێندنەوەی هەموو نوسراوەکەی شێخ چونکە سودی زۆر بە نرخی بەرزی تێدایە.

## پێشەکی چوارەم: توندڕەوێتی[1] و تۆقاندن واقعێکی هەست پێ کراوە لە گۆڕەپانەکەدا بەڵام:

## هیچ پەیوەندیەك نیە لەنێوان دەست گرتن بەسوننەتەکانی ئیسلام ولەنێوان توندڕەوێتی، وە هیچ پەیوەندیەك نیە لەنێوان ئەهلی سوننەت و سەلەفیە دەست گرتوەکان

## بە سوننەتەوە وە لەنێوان توندڕەواندا .

## ( وە ڕوون کردنەوەی شتێك لە شوێنەواری خرا پی توندڕەوێتی ):

شـێخ موسى بن عبدالله آل عبدالعزيز دانـەری گۆڤـاری (السلفية)[2] دەفـەرمێت: بـە ڕاستی کردارەکانی توندڕەوێتی کرداری ترسناك و ئەنجام خراپن، وە خراپە تـوش ئیسـلام دەکـات بـەناوی ڕۆڵـە زیادڕەوەکـانی، وە خزمـەتی مەبەسـتی دوژمنـانی ئیسلام دەکات لە جولەکە و گاور و گاپەرست وئەوانەی کە دەیانەوێت ڕوناکی ئەم

(٢٧) مەبەست لە توند ڕەوێتی لەسنور دەرچون و ڕۆیشتنە بۆ ئەوپەڕی کارەکە یاخود یەکێك لە لایـەکانی و مام ناوەندی نەبوون، ئیتر ئایا ئەمە لـە دینـدا بێت یـاخود بـەر هەڵستی کـردن و بـێ بـاوەڕی، وە ڕاسـتێتی توندڕەوێتی کورت نەکراوەتەوە تەنها لـە زیـادڕەوی کـەران لـە دیـن، بـەڵکو هـەموو کەسـێك دەگرێتـەوە کـە دەرچوو بێت لە ڕێگای ڕاست و دامـەزراوی و دادپـەروەری بـۆ ڕێگـای گـومڕای و لـە ڕێ دەرچـون و سـەر لـێ شێواوی ئیتر ئایا گومڕایی داهێنراوەکان بێت یاخود دەرچون لە دین بە گشتی .

(٢٨) گۆڤاری سەلەفیەت ژمارە ( ٢ ) لاپەڕەی ٧١ ( گەشە کردنی توندڕەوی هاوچەرخ ) بگەڕێرەوە سـەری چونکە زۆر حەقیقەت و ڕاستی و سودی تێدایە ، وە وەکو شـایەتی دانێـك بـۆ خـوا ئـەڵێم: (هـیچ کەسـێك ئـەم گۆڤارەی خۆش ناوێت تـەنها سەلەفی نەبێت، وە هیچ کەسێکیش ڕقی لێ نییە تەنها خەلەفی نەبێت).

دینه پاکه بکوژێننەوە، نەك تەنها به فوی دەمیان بەڵکو به هەڵنانی لاوان و تازه پێگەیشتوان و گەنجە لەڕێ دەرچووەکان بۆ ناو کورەی ئەم فیتنە و ئاژاوه تاریکانە لە ڕێگای هەڵخەڵەتاندنیان تا بەرەو پیری هۆکاری توندوتیژی و توندڕەوێتی بچن لە پێناوی داخستنی دەرگاکانی بانگەواز کردن بۆلای خوای گەورە، و بێ بەش کردنی ئەو هۆشمەندانەی کە زانیاری ڕاستیان نی‌یە دەربارەی ئیسلام لە هاتنە ناو ئیسلام لە ڕێگای خەڵکی نەتەوەکانی تر، بەڵکو وە دورخستنەوەی موسڵمانان لە دەست گرتن بە دینەکەیانەوە بە هۆی ئەم هەڕەشە ڕێکخراوەوە کە دەیبیستین دژی ئەو کەسانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام .

چونکە وای لێ هاتووە کە توندڕەوێتی بووە بە هەڵگری ئالآی بانگەواز کردن بۆ ئیسلام بە گومانی خۆیان، ئەمەیش بۆتە هۆی تەسکی و تەنگی لەجێ بەجێ کردنی دروشمەکانی خوای گەورە، وزۆر کردن لە خەڵکی تێیدا، نابینیت دروشمەکانی خوای گەورە بە گەورە بزانرێت و نەڕێز لە سوننەت دەگیرێت و نەئیشی پێ دەکرێت لەلایەنی زۆربەی خەڵکی لە زۆربەی وولآتە ئیسلامی وعەرەبی‌یەکان بەتایبەتی بەهۆی ترسان لە درانەپاڵی ئەو کۆمەلآنە هەرچەندە بە شێواز یان بە لێکچونی شتە ئاشکراکان بێت، وەکو هێشتنەوەی ڕیش وکورت کردنەوەی جل و بەرگ و شەرواڵ تاوەکو نیوەی قاچ سەبارەت بەپیاوان و حیجاب سەبارەت بە ئافرەتان ئەمیش بۆ شوێن کەوتنی سوننەت .

بۆیە زۆر لە موسڵمانانی پیاو وئافرەت دەبینین بەهۆی نەزانییان خۆیان دوور دەکەنەوە لە جێ بەجێ کردنی ئەم سوننەتانە بەهۆی ترسانیان لەو ڕێکخراو ودەسەڵات دارانەی کە ڕاوی هەموو کەسێك دەنێن کەدەست بگرێت بەم سوننەتانەوە، وە بێ بەشی دەکەن لەموچەکەی یاخود خوێندن لە پەیمانگەکەی یاخود لەقوتابخانەکەی لەبەر هیچ شتێك نا تەنها لەبەر ئەوەی کەلێکچون هەیە لەنێوان توندڕەوان و موسڵمانان بە گشتی کەمافی ئەوەیان هەیە کە دروشمەکانیان جێ بەجێ بکەن، وشوێنی سوننەتەکانی دینەکەیان بکەون هەرچەندە لە ژێر دروشمی سەربەستییەوە بێت کە تەنها ئەم سەربەستییە بۆناردن و ڕەواج دانە بەخراپترین ڕێگا بۆ بڵاو کردنەوەی ئاشوب لەناو خۆدا، ئەگەر وانییە بۆچی ڕاوی کوڕ وکچ دەنرێت لە قوتابخانە وزانکۆکاندا بەهۆی دەست گرتنیان بەڕەوشت و شێوازی ئیسلامەوە لە کاتێکدا هیچ پەیوەندییەکی نییە بەڕێخراوێکی حیزبی، وە هیچ ڕوویەکی هەڵسەنگاندن نییە لە نێوان کەسێك کە زیادڕەوی کردبێت و لەڕێ دەرچووبێت، وە لە نێوان کەسێك کە دەستی گرتبێت بە دینەکەیەوە، خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ [الأنعام: ١٦٤].

واتە: تاوان وباری سەرشانی کەس ناخەینە سەرشانی کەسی تر. وە واز هێنراوە لە دەست گرتن بەزۆربەی سوننەتەکانەوە بە هۆی کاری توندڕەوانەوە، وە شێوازی دینداری وجێ بەجێ کردنی پەرستنەکان بووە بە هۆکارێك بەدەستی هەندێ لەڕێکخراو و دەسەڵاتدارانەوە بۆ سزادانی گەلە موسڵمانەکان، ئەویش بە

بەستنەوەی دەست گرتن بە دین و توندڕەوان (زیادڕەو و لەڕێ دەرچوان) بۆیە زۆرێك لە پیاوان ڕیشیان تاشی بۆ ئەوەی نەکەونە ناو ڕاونانەوە، وە زۆرێك لە ئافرەتان دەست بەرداری شێوازی ئیسلامی پۆشتەی بەشەرم بوونە، لێرەدا پرسیارێك ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەین کە دەیانەوێت لاپەڕەکان تێکەڵ بکەن: بۆچی لە هەندێ لە وولاّتاندا مالآنی خوای گەورە دادەخرێت و هەندێك لە نوێژەکانی تێدا لەکار دەخرێت وەکو نوێژی بەیانیان؟

وە قەدەغەی کۆمەڵی نوێژ کەران دەکرێت لە جێ بەجێ کردنی لە کاتی خۆیدا؟! .

وە پەیوەندی ئەمە چیە بە توندڕەوییەوە؟؟؟... وە پەیوەندی چیە لە نێوان تەسك کردنەوە و پاڵەپەستۆ خستنە سەر زۆر لە ئافرەتان کاتێك کە خۆیان پۆشتە دەکەنو پۆشاکی حیجاب دەپۆشن بە توندڕەویو تۆقاندن[1] ؟؟؟! ... وەکو ڕووی داوە و ڕوو دەدات لە هەندێ لە وولاّتانی ئیسلامی بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، بەڵکو لە هەندێك لە وولاّتانی ڕۆژئاوایش ڕووی دا هەرچەندە دروشمی ئازادی پەرستنیان بەرز کردۆتەوە، بەلاّم ئەم سەربەستیە بانگەشە بۆکراوە جێگای دروشمێك لە دروشمەکانی ئیسلامی ڕاستی تێدا نابێتەوە، وە ئەوەی کە زیاتر خەفەتی بۆ دەخورێت ئەوەیە کە دەبینیت کەمە نەتەوایەتیە نا موسڵمانەکان لە

---

(٢٩) وە پەیوەندی جێ بەجێ کردنی نوێژی نیوەڕۆ وعەسر لە لایەنی قوتابیانی خوێندنگا و زانکۆکان چیە بە حیزبایەتی و توندڕەوی و تۆقاندن؟ ئەی ئیتر بۆ قەدەغە دەکرێن لێی؟! کۆکەرەوە

وولاّتی موسڵمانانندا بۆ نمونە گاورەکان لە کاتی هێشتنەوەی ڕیشیان و چونە ناو کەنیسەکانیان ڕاو نانرێن بۆچی کەمە نەتەوایەتی‌یەکان ئەم مافەیان پی‌دەدرێت و زۆرینەی لیّ بیّ بەش دەکرێت لە ژێر دروشمی رەنگاو ڕەنگی بریسکەدار کە تەنها مەبەست پێی ڕوخاندنی ئیسلام وناموّ کردنی موسڵمانانە لەووڵاتەکەیاندا، کە ئەمەیش هانی بانگەواز خوازانی خراپەی داوە بۆ بانگەواز کردنی بەتالّ و ئاشوب بە ئاشکرا و هاندانی جیلە تازە پێگەیشتوەکان لە موسڵمانان بەرەو هەواو ئارەزو ونقوم بوون تێیدا و دوور کەوتنەوە لەم دینە ئیسلامە پاکە، کە ئەمەیش شوێنەواری خراپی کردەوەی توندڕەوانە بەسەر بانگەوازی ئیسلامی و دەست گرتن بە دینەوە، ئیتر لە پاش ئەمە چ شوێنەوارێکی خراپ تر هەیە.

( وە هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان توندڕەوێتی پەیوەندی بە ئەهلی سوننەت و جەماعەتەوە نەبوە، بەڵكو ئەمان یەكەمین كەس بوونە كە خەڵكیان ئاگادار كردۆتەوە لیّی، و وە یەكەمین كەس بوونە كە ناڵاندویانە بە دەستی توندڕەوییەوە لەو ڕۆژەوەی كە خەوارج كەوتنە گیان هاوەڵانﭫ تا ئەم ڕۆژگار و سەردەمان) .

وەتوندڕەوێتی هاوچەرخ خۆی دەنوێنێت لە شێوازی توند نواندن و جێ بەجێکردنی لەلایەن جولەکە و گاور و بیروباوەڕی رافضة و خەوارج و بەرنامەی موعتەزیلە، وە کاتێك کە قورئان دەخوێنینەوە بە تێگەیشتنەوە، وەدەڕوانینە سوننەتی پێغەمبەرﷺ و تەماشای مێژووی ئیسلام دەکەین دەبینین کەڕەگ

وڕیشەی توندڕەوی وتۆقاندن سەرچاوەکەیان دەرناچێت لـەم نەتـەوە و تاقمانـەی کە ئێستا باسمان کرد بەهۆی دەرچـونیان لـە بەرنامـەی خـوایی کـە پێغەمبـەرانی لەپێناوی دا ناردووە و بۆ ڕوونکردنەوەی پەرتوکەکانی دابەزاندوە...

بە ڕاستی توندڕەوی هاوچەرخ لە نێوان موسـڵمانانـدا تـاقم وکۆمەڵـە ئیسـلامی‌یـە بەهیلاك چووەکان لەپشتی‌یەوە دەوەستن، وەڕەگ وڕیشەی کۆنە وپەیوەسـتە بـە تاقمـە جیابووەکـان لـە کۆمـەڵی موسـڵمانان، بـەڵام ئـەم تاقمانـە گەڕانـەوە و دەرچـونەوە جـارێکی تـر لـە وولاتـی موسـڵمانان لـە ژێـر نـاوی زۆر و دروشمـی بەکارهاتو وبانگەوازی نەفامی...

## مەبەستی پەرتوکەکە....
## فەتوای زانا سەلەفی‌یەکان
## دەربارەی حوکمی تیرۆر کردن و تەقینەوە
## لە وولاتە ئیسلامی‌یەکان و جگە لەوان

١- عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

٢- عبدالعزيز بن عبدالله آل الشيخ

٣- محمد بن صالح العثيمين

٤- صالح الفوزان

٥- عبدالرزاق عفيفي

١٥- محمد بن ابراهيم بن جبر

١٦- راشد بن خنين .

١٧- محمد بن حمد الراشد

١٨- د . عبدالله بن عبد المحسن

١٩- محمد بن سليمان البدر

٦- عبدالله بن غديان

٧- عبدالله بن سليمان بن منيع

٨- صالح بن محمد اللحيدان

٩- صالح بن غصون

١٠- عبدالله بسام

١١- عبدالله بن خياط

١٢- عبدالعزيز بن صالح .

١٣- عبد المجيد بن حسن

١٤ - د. بكر بن عبدالله ابو زيد

٢٠- محمد بن زيد آل سليمان

٢١- عبدالوهاب بن إبراهيم

٢٢- صالح بن عبدالرحمن الأطرم

٢٣- عبدالرحمن بن حمزة المرزوقي

٢٤- حسن بن جعفر العتمي

٢٥- محمد بن عبدالله السبيل

٢٦- سليمان بن عيد

٢٧- إبراهيم بن محمد آل الشيخ

## بڕیاری دەستەی گەورە زانایان ( هيئة كبار العلما ء)

## دەربارەی ڕوودانی تەقینەوەکەی شاری خوبەر لەناوچەی ڕۆژهەلاّت:

الحمد لله و الصلاة و السلام على من لانبي بعده محمد وآله وصحبه

**لە پاشاندا: بەراستی ئەنجومەنی گەورە زانایان**(هيئة كبار العلماء) لە عەرەبستانی سعودی لە دانیشتنە بەستراوەکەی لە شاری طائف ڕۆژی شەممە بەرواری ١٤١٧/٢/١٣ ك ڕوداوی تەقینەوەکەی شاری خوبەر لە ناوچەی ڕۆژ هەلاّتی ڕۆژی سێ شەممە ١٤١٧/٢/٩ ك ی خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە بووە هۆی کوشتن و ترساندن و وێرانکاری و بریندار بوونی خەڵکێکی زۆر لە موسڵمانان و جگە لەوان وەئەنجومەن لەپاش تەماشا کردن و تێڕوانین و لێکۆڵینەوە بەیەك دەنگی ئەم بڕیارانەی دا:

یەکەم: ئەم تەقینەوەیە کردارێکی تاوان کارییە بە یەك دەنگی زانایانی موسڵمانان، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانە:

١- لەم تەقینەوەیەدا پێشێلکاری شتە پیرۆزەکانی ئیسلامی تێدا بووە کە ئاشکران بۆ هەموو خەڵکی، پێشێلکاری ڕێزی نەفسی پارێزراوە، و پێشێلکاری ڕێزی هێمنی و ئارامی و ئاسایش و ژیانی خەڵکی ئارام لە ماڵ و ژیان، لەڕۆیشتن و هاتنەوەیان، وە پێشێلکاری بەرژەوەندی گشتییان کە خەڵکی ناتوانێت دەست بەرداری بێت لە ژیانیاندا:

وەچەندێك تاوانی گەورە وخراپە كەسێك كەچاو نەترس بێت ودەست بخاتە شتە پیرۆزەكانی خوای گەورە وستەم بكات لە بەندەكانی و موسڵمانان وئەوانەی لە ناویدا جێگیرن بترسێنێت، ئەوا هاوار وهەڕەشە بۆ خۆی پاشان هاوار و هەڕەشە بۆ خۆی لە سزای خوای گەورە وتوڕە بوونی، وە لە نزایەك كە بیگرێتەوە وتوشی ببێت، داواكارین لە خوای گەورە پەردەی لەسەر هەڵماڵێت و ئیشەكەی ئاشكرا بكات و ڕیسوای بكات .

٢- نەفسی پارێزراو لەحوكم و بڕیاری شەریعەتی ئیسلامدا بریتییە: لە هەموو موسڵمانێك، وە هەموو كەسێك كەلە نێوان ئەو و موسڵماناندا ئەمینی هەبێت هەروەكو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ [ النساء: ٩٣ ] .

واتە: هەر كەسێك باوەڕدارێك بكوژێت بە عەمدی ئەوا سزای ئەو كەسە ئاگری دۆزەخە، وە بە نەمری تێیدا دەمێنێتەوە و خوای گەورە لێی توڕە دەبێت و نەفرەتی لێ دەكات و سزایەكی زۆر گەورەی بۆ ئامادە كردووە .

وە خوای گەورە دەربارەی مافی ئەو كافرانەی كە پەیمانتان لە گەڵیاندا هەیە كە ئەگەر بە هەڵە بكوژرێن دەفەرمێت:

﴿ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ [النساء: ٩٢].

واتە: ئەگەر کوژراوەکە لەکەسانێکی کافر بوو کە ئێوە پەیمان لە نێوانتاندا هەیە لە گەڵیاندا ئەوا دەبێت خوێنی کوژراوەکە بدەن بەکەس و کاری وبەندەیەکی باوەڕداریش ئازاد بکەن، وەئەگەر بەندەی نەبوو ئەوا دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بە ڕۆژوو بێت تاخوای گەورە تۆبەی لێ وەربگرێت ولێی خۆش بێت، چونکە خوای گەورە زاناو کاربەجێیە .

باشە ئەگەر کافرێکی پەیمان پێ دراو بە هەڵە بکوژرێت لەلایەن موسڵمانێکەوە ئەوا خوێنەکەی و کەفارەتەکەیشی لەسەر بێت ئەی ئەگەر بەعەمدی بیکوژێت؟.

ئەو کاتە تاوانەکە گەورە تر دەبێت، وە بە صحیحی لە پێغەمبەری خواوە هاتووەﷺ کە فەرموویەتی: (من قتل معاهدا لم يرح رائحة الجنة)[1].

واتە: هەر کەسێك ئەگەر کافرێکی پەیمان پێ دراو بکوژێت ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات.

بۆیە دروست نییە دەست درێژی بکرێتە سەر کافرێکی پەیمان پێ دراو بە ئازاردانی چ جای کوشتنی لەوێنەی تاوانێکی خراپی ئاوادا، کە ئەمەیش هەڕەشەیەکی سەختە بۆ کەسێك کە کافرێکی پەیمان پێدراو بکوژێت، وە یەکێکە لە تاوانە گەورە هەڕەشە لێ کراوەکان بە نەچونە بەهەشتی کوژەرەوە، پەنا دەگرین بە خوای گەورە لەسەر شۆڕی .

(٣٠) (رواه البخاري: ٣١٦٦).

٣- ئەم کارە تاوان کارییە جۆرەها قەدەغە کراوەکان لە ئیسلامدا دەگرێتە خۆی کە ئاشکرایە لای هەموو موسڵمانان وەکو غەدر و ستەم و ناپاکی و دوژمنکاری و تاوان کاری و ترسانی موسڵمانان و جگە لەوان، کە هەموو ئەم تاوانە ناشرینە خراپانە خوا و پێغەمبەرەکەیﷺ و باوەڕداران ڕەتی دەکەنەوە و ڕقیان لێیەتی .

دووەم: لە کاتێکدا کە ئەنجومەن حەرامی ئەم کارە تاوانکارییە لە شەرعی پیرۆزی ئیسلامدا ڕوون دەکاتەوە لە هەمان کاتدا ئاشکرای دەکات بۆ هەموو جیهان کە: ئیسلام پاکە و بەرییە لەم کردەوەیە، بە هەمان شێوە هەموو موسڵمانێك کە باوەڕی بە خوای گەورە و ڕۆژی دوایی هەبێت بەرییە لێی، بەڵکو ئەمە هەڵسوکەوتی کەسانێکی خاوەن بۆچونی لەڕێ دەرچوو بیروباوەڕێکی گومڕان، و خۆیان خراپە و تاوانەکەی هەڵدەگرن، بۆیە با کردەوەکەیان نەژمێردرێت لەسەر ئیسلام و موسڵمانە هیدایەت دراوەکان بە هیدایەتی ئیسلام و دەست گرتوان بە قورئان و سوننەتەوە و دەست گرتوان بە دینی خوای گەورەوە، بەڵکو ئەمە تەنها ئاشوب و تاوانێکی سافە کە شەریعەت و فیترەت ڕەتی دەکاتەوە، بۆیە دەقە شەرعییەکان هاتوونە بە حەرام کردن و قەدەغە کردنی بە یەکجاری و بێگومان، وەئاگاداری هاوەڵایەتی کردنی خاوەنی ئەم بۆچونانە دەکەن، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾ [البقرة: ٢٠٤-٢٠٦] .

واتە: لەناو خەڵكیدا كەسانی وا هەیە كە كاتێك قسە دەكات سەرسام دەبیت بە قسەكانی و سەرنجت ڕادەكێشێت، وەخوایش دەكات بەشایەت كە قسەكانی وكردەوەكانی یەكن بەڵام وانییە و كاتێك كە ڕووبەڕووی دەبیتەوە دەبینیت – كە زۆر سەر سەختە لە ڕووبەڕوو بوونەوەدا، وە كاتێكیش كە لێت جیادەبێتەوە كۆشش دەكات تا ئاشوب لەسەر زەوی بڵاو بكاتەوە و كێڵگە و بەروبوم ووەچە لە ناوبەرێت، وە خوای گەورە ئاشوبی خۆش ناوێت، وە كاتێك كە پیی بڵێیت لە خوا بترسە ئەوا بە تاوان خۆی بە گەورە دەزانێت، بەڵام دۆزەخی بەسەو شوێنێتی كە خراپترین شوێنی مانەوەیە، وە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [المائدة: ٣٣] .

واتە: ئەو كەسانەی كە دژایەتی خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی ﷺ دەكەن و ئاشوب لەسەر زەوی بڵاو دەكەنەوە بە كوفر و كوشتن و بردنی ماڵ و ترساندنی

خەڵکی تەنها سزایان کوشتنە، یاخود لەسێدارەدانە یاخود دەست و پێیان بە جیاواز ببڕێتەوە یاخود دەربکرێن لە سەر زەوی، بەم شێوەیە لە دونیادا سەر شۆڕییان بۆ هەیەو لە قیامەتیش دا سزایەکی گەورەیان بۆ هەیە .

وە داوا کارین لە خوای گەورە بۆ خاتری ناوە جوانەکانی و سیفاتە بەرزەکانی پەردە لەسەر ئەم کەسە ستەم کارە دەست درێژانە هەڵماڵێت، و بیانندات بە دەستەوە تا بڕیاری شەرعی پاکیان بەسەردا جێ بەجێ بکرێت، وە خراپە و ناخۆشیان کۆتایی پێ بێت لەم وولاتە و تێکڕا وولاتی موسڵمانان، وە (خادم الحرمين الشريفين الملك فهد بن عبدالعزيز) وحکومەتەکەی و هەموو کاربەدەستانی موسڵمانان سەرکەوتوو بکات بۆ هەموو شتێك خێر و چاکەی وولات و خەڵکی تێدا بێت و سەرکوت کەری ئاشوب و ئاشوب کاران بێت، وە بە هۆی ئەمانەوە ئایینەکەی سەر بخات و ووشەکەی پێ بەرز کاتەوە، وە حاڵی هەموو موسڵمانان چاك بکات، هەر ئەو پشتیوانە و تواناو دەسەلاتی هەیە بەسەر ئەم شتەدا .

و صلى الله وسلم على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

( مجلس هيئة كبار العلماء) .

# سماحة الشيخ الإمام

## عبدالعزيز بن عبدالله بن باز (رحمه الله ):

پرسیار: کۆمەڵی ئیسلامی چەکدار لە جەزائیر دەڵێن کە گوایە تۆ پاڵپشتی ئیشەکانی ئەوان دەکەیت لە تیرۆر کردنی پۆلیس و چەك هەڵگرتن بە گشتی، ئایا ئەمە ڕاستە؟ وە ئایا حوکمی ئەم ئیشانەیان چیە لە گەڵ هێنانەوەی بەڵگە بەپێی توانا خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە؟

شێخ رحمەتی خوای لێ بێت وەڵامی دایەوە و فەرمووی:

**بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله و صلى الله و سلم على رسول الله و على آله وأصحابه ومن اهتدى بهداه، لە پاشاندا:**

بە جەخت لەسەر کراوەیی‌یەوە ئێمە ئامۆژگاری هەموو برایانمان کردووە لە هەموو شوێنێك – مەبەستم بانگەواز کەرانە – ئامۆژگاریمان کردن کە لەسەر زانیاری و چاوڕۆشنی بن، وە ئامۆژگاری خەڵکی بکەن بە باشترین و جوانترین شێوە، وەکو ئیش کردنێك بە فەرمانی خوای گەورە کە دەفەرمێت:

﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ [النحل: ١٢٥] .

واتە: بانگەوازی خەڵکی بکەن بۆ بەرنامە ودینی پەروەردگارتان بە دانایی و کار بەجێیی و ئامۆژگاری جوان، وە گفتوگۆیان لە گەڵدا بکەن بە باشترین شێوە .

وە دەفـەرمێت: ﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ﴾ [العنكبوت:٤٦] .

واتە: گفتوگۆو دەمەقالێ لەگەڵ ئەهلی کتاب مەکەن تەنها بە جوانترین شێوە نەبێت، تەنها ئەوانەیان نەبێت کە ستەمیان کردووە و دەرچوونە لە سنوری گفتوگۆ کردن .

خوای گەورە فەرمانی بە بەندەکانی کرد بە بانگەواز کردن بۆ لای خوای گەورە، وە ڕێنمایی یانی کرد بۆ ڕێگایەکی دانایی کار بەجێ، کە ئەویش بانگەواز کردنە بۆ لای خـوای گـەورە بـە دانـایی، واتـە: بـە زانسـت، خـوای گـەورە دەفـەرمێت، پێغەمبـەرﷺ دەفـەرمێت، وە بـە ئامۆژگـاری جـوان و گفتوگـۆ بـە جـوانترین و باشترین شێوە، لە کاتی گومان‌دا دەمە قاڵێ و گفتوگۆ دروست دەبێ بەڵام دەبێـت بە باشترین و جوانترین شێوە بێت هەتا گومانەکە نامێنێت .

وە ئەگەر یەکێك لە بانگەواز کەران لە جەزائیر لە منـەوە گێڕابێتـیـیـەوە کـە مـن پێیانم ووتبێت: پۆلیس تیرۆر بکەن، یاخود چەك بەکار بهێنن لە بانگەواز کردن بـۆ لای خوای گەورە ئەمە هەڵەیەو ڕاست نییە، بەڵکو درۆیە و من شتی وام نەوتووە.

بـەڵکو بانگــەواز تــەنها بــە شــێوازی جــوان دەبێــت: خــوا دەفــەرمێت: پێغەمبەرەکـەیﷺ دەفـەرمێت، وە بـەیاد خسـتنەوە و ئامۆژگـاری و هانـدان و ترسـاندن لـە خـوا، بـەم شـێوەیە بانگـەواز کـردن بـۆ لای خـوای گـەورە دەبێـت، هەروەکو چۆن پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانیرضي الله عنهم لە مەککەی پیرۆز بانگەوازیان دەکـرد پـێش ئـەوەی دەسـەڵاتیان هـەبێت، بانگـەوازی خـەڵکیان نـاکرد بەچـەك، بـەڵکو

بانگەوازی خەڵکیان دەکرد بەئایەتە قورئانی‌یەکان و ووتەی چاك و بانگەوازی چاك، چونکە ئەمە نزیکترە لە چاکسازی و نزیکترە لە وەرگرتنی حەق و ڕاستی .

بەڵام بانگەواز کردن بە تیرۆر کردن و کوشتن یاخود بە لێدان ئەمە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و سوننەتی هاوەڵانی رضي الله عنهم نی‌یە، بەڵام کاتێك خوای گەورە دەسەڵات داری کرد لە مەدینە و کۆچی کرد بۆی و دەسەڵات بۆ خۆی بوو، وە خوای گەورە جیهاد کردن و جێ بەجێ کردنی سنورەکانی تەشریع کرد، پێغەمبەر ﷺ جیهادی هاوبەش بڕیاردەرانی کرد و سنورەکانی جێ بەجێ کرد لە پاش ئەوەی کە خوای گەورە فەرمانی پێ کرد بەم شتانە، بۆیە بانگەواز کاران بۆ لای خوای گەورە پێویستە بانگەواز بکەن بۆ لای خوای گەورە بە شێوازی جوان: بە ئایەتە قورئانی‌یەکان و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ وە ئەگەر بانگەواز کردن سودی نەبوو ئەو کاتە فەرمانەکە بەرز دەکەنەوە بۆ لای دەسەڵاتداران، و ئامۆژگاری دەسەڵاتداران دەکەن هەتا جێ بەجێ دەکرێت، فەرمانڕەوا و دەسەڵات داران لە پاش ئەوەی فەرمانەکە بەرز دەکرێتەوە بۆلایان، ئامۆژگاری دەکرێن کە ئەمە وئەمە پێویستە جێ بەجێ بکرێت هەتا هاوکاری ڕوو دەدات لە نێوان زانایان و سەرۆکەکان لە پاشاو ئەمیرو سەرۆك کۆمارەکان، بانگەواز کەران فەرمانەکەیان بۆ بەرز دەکەنەوە لەو شتانەی کە پێویست بەوان دەکات لە بەند کردن، لەکوشتن، لەجێ بەجێ کردنی سنور، وە ئامۆژگاری فەرمان ڕەوایان دەکەن، و ئاڕاستەیان

دەکەن بۆ چاکە بە شێوازێکی جوان و ووتەیەکی باش، بۆیە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾ [العنكبوت:٤٦] .

واتە: گفتوگـــۆو دەمەقاڵێ مەکەن لە گەڵ خاوەنی پەڕتووکە ئاسمانییەکان بە باشترین شێوە نەبێت تەنها ئەوانەیان نەبێت کە ستەمیان کردووە ولە سنووری گفتوگۆ کردن دەرچوونە، وە پێیان بڵێن باوەڕمان هێناوە بەو قورئانەی کە بۆمان دابەزیوە وە بەو پەرتوکەیشی کە بۆ ئێوە دابەزیوە، وەپەرستراو وخوای ئێمەو ئێوەیش هەر یەکە، وە ئێمە خۆمان تەسلیمی کردووە.

وەئەگەر یەکێك لە خاوەنی پەرتووکە ئاسمانییەکان یاخود جگە لەمان ستەمی کرد ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانڕەوا هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکات بەو شێوەیەی کە شایەنێتی، بەڵام بانگەواز کاران بۆ لای خوای گەورە پێویستە لەسەریان نەرموونیان و کار بەجێ بن لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەرﷺ کە دەفەرمێت:

(إن الرفق لايكون في شيء إلا زانه، ولا يُنْزَعُ من شيء إلا شانه)[١] .

---

(٣١) (رواه مسلم فی كتاب البر والصلة، باب فضل الرفق حديث رقم: ٢٥٩٤).

واتە: بە ڕاستی نەرموونیانی لە هیچ شتێکدا نابێت ئیللا جوانی دەکات، وە لە هیچ شتێك دەر ناکرێت ئیللا ناشیرینی دەکات .

وە دەفەرمێت: (من يُحرم الرفقَ يحرم الخيرَ كله)[1]. واتە: هەر کەسێك نەرمونیانی نەهێڵێت و قەدەغەی بکات ئەوا هەموو خێر و چاکەی نەهێشتووە و قەدەغەی کردووە .

بۆیە پێویستە لەسەر بانگەواز کاران کە ئامۆژگاری خەڵکی بکەن و ئایەتەکان و فەرموودەکانیان یادبخەنەوە، وە کەسێکیش گومانی هەبوو ئەوا گفتوگۆ و دەمەقاڵێی لەگەڵ بکەن بە جوانترین و باشترین شێواز بڵێن ئایەتەکە مانای وایە، فەرموودەکە مانای وایە، خوای گەورە وا دەفەرمێت: پێغەمبەرەکەی ﷺ وا دەفەرمێت، تا گومانەکەی نامێنێت و حەقەکە ئاشکرا دەبێت ئەمە پێویستە لەسەر برایانمان لە جەزائیر و جگە لە جەزائیر، وە پێویستە لە سەریان کە ڕێگای پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانیﷺ بگرنە بەر کاتێك کە لە مەککە بوون .

وە بە ووتەی چاك و شێوازی جوان چونکە ئێستا دەسەڵاتیان نییە و دەسەڵات بۆ جگە لە خۆیانە، وە پێویستە لەسەریان ئامۆژگاری فەرمانڕەواکان وکاربەدەستان بکەن بە دانایی، وە هەتا هەموو پێکەوە هاوکاری بکەن لەبەربەست کردنی تاوان باران و جێگیر کردنی حەق، فەرمان ڕەوایان و

(٣٢) (المصدر والموضع السابق حديث رقم: ٢٥٩٢).

سەرۆکەکان جێ بەجێ کردنیان لەسەر پێویستە، وە زانایان و بانگەواز کەران ئامۆژگاری و گەیاندن و ڕوون کردنەوەیان لەسەرە.

داواکارین لە خوای گەورە هیدایەتی هەموو لایەکمان بدات .

## حوکمی کوشتنی ئەو ئافرەتانە چیە

## کە لەبەر کردنی حیجاب ڕەت دەکەنەوە؟

پرسیار: ئەم کۆمەڵانە هەستان بە کوشتنی هەندێك لەو ئافرەتانەی کە لەبەر کردنی حیجابیان ڕەت کردۆتەوە، ئایا ئەم کارە دروستە ؟

وەڵام: ئەمەیش بە هەمان شێوە هەڵەیە، ئەم شتەیان بۆ دروست نییە، ئامۆژگاری کردن لەسەریان پێویستە، ئامۆژگاری کردنی ئافرەتان تا حیجاب دەپۆشن، وە ئامۆژگاری کردنی نوێژ نەکەر تا دەست دەکات بە نوێژ کردن، وە ئامۆژگاری کردنی سو خۆر (ربا) هەتا وازی لێ دەهێنێت، وە ئامۆژگاری کردنی زینا کەر تا واز لە زینا کردن دەهێنێت، وە ئامۆژگاری کردنی عەرەق خۆر تاوازی لێ دەهێنێت، هەموو ئامۆژگاری دەکرێن، ئامۆژگاری دەکرێن بە:

خوا فەرموویەتی و پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرموویەتی: بە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودە پیرۆزەکان، وەئاگادار دەکرێنەوە لە توڕە بوونی خوای گەورە و لە سزای ڕۆژی قیامەت .

بەڵام لێدان یاخود کوشتن یاخود جگە لەمانە لە جۆرەکانی ئازار دان ئەمە بۆ بانگەواز کاران دروست نییە و ناگونجێت، ئەمە خەڵکی لە بانگەواز دوور دەخاتەوە، بەڵکو پێویستە لەسەر بانگەواز کاران خۆیان بڕازێننەوە بە ئارامگرتن و لەسەرخۆیی و ووتەی چاك لە مزگەوتەکان و جگە لە مزگەوتەکان تا خەڵکی باش زۆر بێت و خەڵکی خراپ کەم بێت، وە هەتا خەڵکی سود لە بانگەوازەکە ببینێت و وەڵام دانەوەیان هەبێت .

## ئـامۆژگاری کردنی ئەم پێشەوا سەلـەفـییە بۆ کەسێك کە توشی ئەم تیرۆر کردنانە بووبێت .

پرسیار: بە چی ئامۆژگاری کەسێك دەکەن کە توشی ئەم تیرۆر کردنانە یاخود شتێك لیَی بووبێت؟

وەڵام: ئامۆژگاریان دەکەم بە تۆبە کردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە، وە پەیوەست بن بەو ڕێگاو بەرنامەیەوە کە پێشینە چاکەکان لەسەری ڕۆیشتون، بە بانگەواز کردن بۆ لای خوای گەورە بە دانایی و کار بەجێیی و ئامۆژگاری جوان و گفتوگۆ بە باشترین شێوە، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِّمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحاً﴾ [فصلت: ٣٣].

واتە: کێ هەیە ووتەی باشتر و چاك تر بێت لە ووتەی کەسێك کە بانگەواز دەکات بۆ لای خوای گەورە و کردەوەی چاك دەکات .

بۆیە نابێت خۆیان بخەنە ناو کردەوەیەکەوە کە ببێتە هۆی تەسك کردنەوە لەسەر بانگەواز و ئازاردانی بانگەواز کاران و کەم کردنی زانست، بەڵام ئەگەر بانگەواز بەووتەی چاك و شێوازی جوان بێت ئەوا بانگەواز کاران زیاد دەکەن، و خەڵکی سودیان لێ

دەبینێت وگوێیان لێ دەگرن و سودیان لێ وەردەگرن، و لە مزگەوت و جگە لە مزگەوت زنجیرەی دەرسی زانستی و ئامۆژگاری زۆر دەبێت هەتا خەڵکی سود وەردەگرن .

خوا هیدایەتی هەمووان بدات[1] .

## حوکمی دەست درێژی کردنە سەر ئەو بێگانانەی کە بۆ گەشت و سەردان دێنە ناو وڵاتە ئیسلامییەکان:

پرسیار: حوکمی دەست درێژی کردنە سەر ئەو بێگانانەی کە بۆ گەشت و سەردان دێنە ناو وڵاتە ئیسلامییەکانەوە چییە؟

وەڵام: ئەمە دروست نییە، دەست درێژی کردن دروست نییە بۆ سەر هەر کەسێك بێت ئیتر ئایا بۆ گەشت هاتبێت یاخود بۆ کار کردن، چونکە ئەوان ئەمین کراون، بە ئەمین کراوی هاتونەتە ناو ووڵاتە ئیسلامییەکانەوە، بۆیە دروست نییە دەست درێژی بکرێتە سەریان، بەڵکو ئامۆژگاری دەوڵەت دەکرێت هەتا قەدەغەیان بکات لەو شتانەی کە نابێت ئاشکرا بکرێت، بەڵام دەست درێژی کردنە سەریان ئەوا دروست نییە، تاکە تاکەی خەڵکی بۆیان نییە بیان کوژن یاخود لێیان بدەن یاخود ئازاریان بدەن، بەڵکو پێویستە لەسەریان کە ئیشەکە بەرز بکەنەوە بۆ لای فەرمان ڕەوایان، چونکە دەست درێژی کردنە سەریان دەست درێژی کردنە بۆسەر کەسانێك کە بە ئەمانەوە هاتوونەتە ژوورەوە، بۆیە دروست نییە دەست درێژی بکرێتە سەریان، بەڵکو ئیشەکەیان بەرز

(٣٣) (فتاوى العلماء الأكابر: ٦١ - ٦٨ ) .

دەکرێتەوە بۆ لای کەسانێك کە بتوانن قەدەغەی هاتنە ژوورەوەیان بکەن، یاخود قەدەغەیان بکەن لەو خراپەکاری‌یە ئاشکرایە .

وە ئەگەر موسڵمان بوون ئەوا ئامۆژگاری دەکرێن و بانگ دەکرێن بۆ ئیسلام یاخود بۆ واز هێنان لە خراپەکە .

بەڵگە شەرعی‌یەکان پاڵپشتی ئەم شتە دەکەن، والله المستعان، ولا حول ولا قوة إلا بالله[١] .

## وەڵامەکانی زانای پایە بەرز

### د. صالح بن فوزان الفوزان (خوا بیپارێزێت):

پرسیار: خوا چاکەتان لە گەڵدا بکات، ئایا هەستان بە تیرۆر کردن و کرداری تەقاندنەوە لە دام و دەزگا حکومی‌یەکان لە وڵاتی کافراندا پێویستی‌یە و کرداری جیهادی هەیە؟ .

وەڵام: تیرۆر کردن و وێرانکاری ئەمە کارێکی نا دروستە، چونکە شەڕ و خراپە و کوشتن و دەربەدەری دێنێت بۆ سەر موسڵمانان، بەڵکو ئەوەی شەرعی بێت لەگەڵ کافراندا بکرێت بریتی‌یە لە جیهاد کردن لە پێناوی خوای گەورەدا، و ڕوو بەڕوو بوونەوەیان لە کاتی جەنگدا، کە ئەگەر موسڵمانان توانایان هەبوو سوپا ئامادە بکەن، و غەزای کافران بکەن، و کوشتاریان بکەن هەروەکو چۆن پێغەمبەرﷺ جێ بەجێی کرد کاتێك کە کۆچی کرد بۆ مەدینە، و پشتیوانان ویارمەتیدەرانی هەبوو، بەڵام وێرانکاری و تیرۆر کردن ئەمە بەڵاو خراپە دێنێتە سەر موسڵمانان .

---

(٣٤) (مجموع الفتاوى للشيخ ابن باز: ٨ / ٢٣٩).

پێغەمبەرﷺ کاتێك کە لە مەککە بوو پێش کۆچ کردن فەرمانی پـێ کرابوو لـە لایـەن خوای گەورەوە بەدەست گرتنـەوە لـە کوشـتار: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوا أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ﴾ [النساء:٧٧] .

واتە: ئایا تەماشای ئەو کەسانە ناکەیت کە پێیان ووترا دەستتان بگرنەوە لە کوشـتار کردن و نوێژەکانتان بکەن و زەکات بدەن .

لەو کاتەدا فەرمانی پێ کرابوو بەدەست گرتنەوە لە کوشتاری کافران، چونکە توانـای کوشـتار کردنـی کـافرانی نـەبوو، ئەگـەر یـەك کافریـان بکوشـتایە ئـەوا کافرەکـان هەموویانیان دەکوشت و ڕەگ وریشەیانیان دەردەهێنا، چونکە لە موسـڵمانەکان بـەهێز تر بوون و موسڵمانەکان لە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی ئەواندا بوون .

تیرۆر کردن دەبێتە هۆی کوشتنی ئەو موسڵمانانەی کە لەو وڵاتەدا دەژین، هەر وەکـو چۆن ئێستا دەیبینین و دەی بیستین، کە ئەمە لە کاروباری بانگەواز کردن نـیە، وە لە جیهـاد کـردنیش نـیـە لـە پێنـاوی خـوای گـەورەدا، بـە هـەمان شـێوە وێـران کـاری و تەقاندنەوە ئەمانە بەڵاو خراپە دێننە سەر موسڵمانان هەروەکو چۆن ئێستا ڕووی داوە، بەڵام کاتێك کە پێغەمبەرﷺ کۆچی کرد بـۆ مەدینـە و سـوپاو پشـتیوانانی هـەبوو ئـەو کاتە فەرمانی پێ کرا بە جیهاد کردنی کافران .

* ئایا پێغەمبەرﷺ و هاوەڵان ﷺ کاتێـك کـە لـە مەککـەدا بـوون ئـەم کردەوانـەیان دەکرد؟

نەخێر، هەرگیز، بەڵکو لێیان قەدەغە کرابوو.

*ئایا ماڵ و سامانی کافرانیان وێران دەکرد کاتێك کە لە مەککەدا بوون؟

نەخێر، هەرگیز، بەڵکو لێیان قەدەغە کرابوو .

فەرمانیان پێکرا بوو بە بانگەواز کردن و ڕاگەیاندنی دین بەتەنها، بەڵام خەڵکی پەیوەست کردن بە ئیسلام و کوشتار کردن ئەمە تەنها لە مەدینەدا ڕووی دا کاتێك کە ئیسلام دەوڵەتی هەبوو

## ڕەت دانەوەی زانای پایە بەرز
## د. صالح بن فوزان الفوزان (خوا بیپارێزێت):
## بۆ گومانێکی ئەو کەسانەی کەتیرۆر کردن بە دروست دەزانن:

پرسیار: لە جەزائیر بانگەواز کارێك هەیە پەرتوکێکی داناوە تێیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە تیرۆر کردن لە سوننەتە واز لێ هێنراوەکانە!! وە چیرۆکی کوشتنی کەعبی کوڕی ئەشرەف، و کوشتنی ئەو جولەکەیەی کەتەماشای عەورەتی ئافرەتە موسڵمانەکەی کرد، دەکات بە بەڵگە، بۆچونی بەڕێزتان چۆنە لەم شتەدا؟

وەڵام: لە چیرۆکی کوشتنی کەعبی کوڕی ئەشرەفدا هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر دروستێتی تیرۆر کردن، چونکە کوشتنی کەعبی کوڕی ئەشرەف بە فەرمانی پێغەمبەرﷺ بوو، کە خۆی فەرمان ڕەوا بوو، وە کەعبیش لە ژێردەستەکانی بووە بە گوێرەی پەیمان، بەڵام کەعب ناپاکی کردوو پەیمانەکەی شکاند کە وای پێویست کرد بکوژرێت بۆ بەربەست کردنی خراپە کارییەکان لە موسڵمانان، وە کوشتنی بە هەڵسوکەوتی تاکە تاکەی خەڵکی نەبووە، یاخود بە هەڵسوکەوتی کۆمەڵێك لە خەڵکی نەبووە بەبێ ڕێگە پێدانی فەرمانڕەوا هەروەکو چۆن تیرۆر کردنەکانی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانەکەدا بەو شێوەیەو بەبێ ڕێگە پێدانی فەرمانڕەوایە کە ئەمەیش ئاژاوەیەکە

ئیسلام دانی پێدا نانێت، چونکە بە هۆیەوە زیانی زۆر گەورە دروست دەبێت لە مافی ئیسلام و موسڵماناندا .

## پەیامی زانای پایە بەرز

عبدالعزیز بن عبدالله آل الشیخ (**خوا بیپارێزێت**):

## لە کاتی پێکدادانی هەردوو فڕۆکەکە

## بە باڵەخانەی بازرگانی جیهانی لە ئەمریکا :

**الحمد لله رب العالمین، و العاقبة للمتقین والصلاة والسلام علی أشرف الأنبیاء والمرسلین وعلی آله وصحبه أجمعین . لە ثاشاندا:**

لەبەر زۆری ئەو پرسیار و ڕوونکردنەوانەی کە ڕوومان تێ دەکات دەربارەی ئەوەی کە لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕووی دا لەم چەند ڕۆژەی پێشودا، وە هەڵوێستی شەریعەت چییە دەربارەی؟ وە ئایا ئایینی ئیسلام ڕێگە بەم جۆرە هەڵسوکەوتانە دەدات یان نا؟

بەپشتوانی خوای گەورەی تاك و تەنهای بەدەسەلات دەڵێم: بەڕاستی خوای گەورە بەخششی خۆی ڕژاندووە بە سەرماندا بەهۆی ئەم دینە ئیسلامەوە، وە کردوویەتی بەشەریعەتو یاسایەکی تەواوی گونجاو بۆ هەموو کاتو شوێنێك، وە چاککەری حاڵی تاك و کۆمەڵەکانە، وە بانگەواز دەکات بۆ چاکسازیو دامەزراویو دادپەروەری و چاکە کردن، وە فڕێ دان و واز هێنان لە هاوبەش بڕیار دان و ستەم و غەدرو ناپاکی، وە یەکێك لە بەخششە گەورەکانی خوای گەورە بەسەر ئێمەی موسڵمانەوە ئەوەیە کە:

هیدایەتی داوین بۆ ئەم دینە، وە کردوومانێتی بە شوێن کەوتوو پشتوانانی، وە موسڵمانی جێبەجێ کەری شەریعەتی خوا، شوێن کەوتووی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دامەزراو بەتەواوترین دامەزراوی لەسەر ئەم دینە ئەوا ئەو ڕزگار بوو سەلامەتە لە دونیا و قیامەتدا .

وە ئەوەی کە ڕووی دا لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە ڕووداوی ترسناك کە بە هۆیەوە هەزارەها خەڵکی لەناو چون بە جەخت لەسەر کراوییەوە کردارێکن کە شەریعەتی ئیسلام ڕێگای پێ نادات، لەم دینەدا شتی وا نییە، وە ناگونجێت لەگەڵ بنچینە شەرعییەکانی، ئەویش لە چەند ڕوویەکەوە:

ڕووی یەکەم: خوای گەورە فەرمانی کردووە بە دادپەروەری، وە لەسەر دادپەروەری زەوی و ئاسمانەکان دامەزراوە، وە پێغەمبەران پێی نێردراون، و پەرتوکەکانی پێ دابەزێنراون، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ [النحل:٩٠] واتە: بە ڕاستی خوای گەورە فەرمان دەکات بە دادپەروەری و چاکە و بەخشین بە خزمان و قەدەغەی بەدڕەوشتی و ئاشوب و خراپە و ستەم دەکات، وە بەم شتانە ئامۆژگارییان دەکات بەڵکو یاد دەکەنەوە .

وە دەفەرمێت: ﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾ [الحديد: ٢٥].

واتە: بە جەخت لەسەرکراوییەوە پێغەمبەرانمان نارد بە بەڵگە ونیشانە و ڕوون کردنەوە، وە لەگەڵیاندا پەرتوك وتەرازومان داگرتووە تا ئیش وکاری خەڵکی هەڵسوڕێنن بە دادپەروەری .

وە بڕیاری خوای گەورە وایە کە تاوانی کەس نەخرێتە سەر شانی کەسی تر لەبەر تەواوێتی دادپەروەری خوای گەورە:

﴿أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ [النجم: ٣٨].

ڕووی دووەم: بە ڕاستی خوای گەورە ستەمی قەدەغە کردووە لەسەر نەفسی پیرۆزی خۆی، وە بەقەدەغەیشی داناوە لە نێوان بەندەکانیدا، هەر وەکو چۆن خوای گەورە لە فەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی: (يا عبادي إني حرمت الظلم على نفسي و جعلته بينكم محرماً فلا تظالموا)(١).

کە ئەمەیش گشتی یە بۆ هەموو بەندەکانی خوای گەورە بە موسڵمانان و جگە لە موسڵمانەوە، وە دروست نییە بۆ هیچ کەسێکیان ستەم بکات لە کەسانی تر، هەرچەندە دژایەتی و ڕق هەبێت، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾ [المائدة: ٨] . واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە هەڵسن بە شایەتی دان بۆ خوای گەورە بە داد پەروەری، وە بارق لێ بونتان لە کەسانێك واتان لێ نەکات کە شایەتی ناحەق و ستەم بدەن ئەگەر کافرو بیدعەچیش بن بەڵکو شایەتی دادپەروەرانە بدەن ئەمە نزیکترە لە تەقواوە .

وە دژایەتی و ڕق لێ بوون نابێتە ڕێگا پێدانێکی شەرعی بۆ دەست درێژی کردن و ستەم .

وە لە پاش ئاماژە کردن بەو شتانەی پێشتر پێویستە هەموو خەڵکی بە دەوڵەت و حکومەت، بە موسڵمانو جگە لە موسڵمانانەوە چەند شتێك بزانن:-

---

(٣٥) (صحيح مسلم رقم: ٦٥٧٢ ).

یەکـەم: ئـەم ڕووداوانـەی کـە ڕووی دا لـە وولاتـە یـەکگرتووەکان وە ئـەوەی کـە هاوشێوەی ئەم کردارانە بێت لە ڕفاندنی فڕۆکەو ترساندنی خەڵکانی ئارام، یاخود کوشتنی خەڵکی بە بێ تاوان، ئەمە هیچ شتێك نییە تـەنها بەشـێك نـەبێت لـە زوڵم و سـتەم و دەست درێژی کردنێك کە شەریعەتی ئیسلام ڕێگای پێ نادات، بەڵکو لە شەریعەتی ئیسـلامدا حەرامە و لە تاوانە گەورەکانە .

دووەم: ئەو موسڵمانەی کە فەرمانی دینەکەی دەزانێت، و ئیش بە قورئانی خـوای گـەورە و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات، خۆی دوور دەگرێـت لـە چـونە نـاو ئـەم کردەوانـە کـە دەبێتە هۆی توڕەبوونی خوای گەورە و جۆرەها زیان و ئاشوبی لێ دەکەوێتەوە.

سێ یەم: پێویستە لەسەر زانایانی موسڵمانان کە لە ڕووداوی وادا حەق ڕوون بکەنەوە و، شەریعەتی خوای گەورە بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بکـەن، وە کـە دینـی ئیسـلام هـیچ کاتێك ڕێگا بە وێنەی ئەم کردارانە نادات .

چوارەم: وە پێویستە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئەو کەسانەی کە لەپشـتیانەوەن لەوانەی کە موسڵمانان تۆمەت بار دەکەن و هەوڵ دەدەن تانە و تەشەر لەم دینە ڕاستە بدەن، و شتی وای پێوە دەلکێنن کە ئەم پاك و بێگەردە لێی، کە مەبەستی ئەم دەزگا و کەسـانە بـڵاو کردنـەوەی ئاشـوب و خراپـەکاری و شـێواندنی ناوبـانگی ئیسـلام و موسڵمانان و ئاشوب کردنی دڵـەکان و تێـك دانیانـە، بۆیـە پێویسـتە لەسـەریان دەست بەرداری ئەم ستەمەیان بن و وازی لێ بهێنن، وە بزانن کە هەموو کەسێکی دادپەروەری هۆشمەند کە فەرمانەکانی ئیسلام بزانێت نابێت بەم شێوەیە وەسـفی ئیسـلام بکـات و، وێنـەی ئـەم تۆمەتانـەی پێـوە بلکێنێـت، چـونکە بـە درێـژایی مێـژوو نەتـەوەکان هـیچ شتێکیان نەبینیوە لە شوێن کەوتووە پەیوەستەکانی ئەم دینە جگە لە چاودێری کردنی مافەکان و ستەم نەکردن و دەست درێژی نەکردن نەبێت .

ئەمە بوو کە ڕوونمان کردەوە بۆ ئاشکرا کردنی حەق و نەهێشتنی گـــومــــان

داواکارم لە خـوای گـەورە کـە بمانگەڕێنێتـەوە سـەر ڕێنمـایی و هیدایـەتمان بـدات بـۆ ڕێگای ڕاستی ئیسلام، وە دینەکەی بەعیزەت بکات و وشەی یەکخواپەرستییەکەی بەرز بکاتەوە.

**إنه جواد كريم وصلى الله وسلم على نبينا محمد**
**وعلى آله و صحبه أجمعين**
**المفتي العام للمملكة العربية السعودية**
**ورئيس هيئة كبار العلماء وإدارة البحوث العلمية والإفتاء**
**عبدالعزيز بن عبدالله بن محمد آل الشيخ**

## ووتەی زانای پایە بەرز

## صالح بن محمد اللحيدان (خوا بیپارێزێت)

*حوکمی شەریعەت چی‌یە دەربارەی وێنەی ئەم ڕووداوانە (١١ ی سبتەمبەر)؟

*ئایا لە شەریعەت دا ڕێگا بە شتی وا دراوە؟

* وە ئایا زانایانی ئیسلام ڕێگا بە کرداری وەکو ئەم ڕووداوە دەدەن ؟

* بینەرانی بەڕێز[1] **السلام عليكم ورحمة الله وبركاته:**

**الحمد لله على كل حال، و الحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات، و الحمد لله الذي كل شيء بقضائه و قدره**، لە وێنەی ڕووداوی وا کە ڕووی دا، وە لە بواری شڵەژاندنی بیرو هۆش وبۆچون، وە لەڕووداوەکەی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کەڕووی دا پرسیار وپرسیارلێك کردن زۆر بووە دەربارەی حوکمی ئەم ڕووداوانە لە شەریعەتی ئیسلامدا، کە گومانی تێدا نی‌یە کە شەریعەتی ئیسلام شەریعەتێکی تەواوەو، هەموو ڕووداوێك جێگای دەبێتەوە تێیدا وحەل و چارەسەری هەموو کێشەیەکی گرتۆتە خۆی، وە ڕوون کردنەوەی حوکمی هەموو ڕووداوێکی تازەی تێدایە، هیچ کێشە و بەڵایەکی تازەی هاوچەرخ نایەت بەسەر مرۆڤایەتیدا ئیللا لە شەریعەتی ئیسلامدا حوکمەکەی تێدایە، و دوری‌یەکانیشی ڕوون کراوەتەوە، لەمانە ئەم ڕووداوانەی کە هاتە کایەوە کە زۆر پرسیار دەربارەی دەکرێت لەلایەن خەڵکی بە گشتی و بەتایبەتی:

حوکمی شەریعەت چی‌یە دەربارەی وێنەی ئەم ڕووداوانە؟ وە ئایا لە شەریعەتدا ڕێگا بە شتی وا دراوە؟ وە ئایا زانایانی ئیسلام ڕێگا بە کرداری وەکو ئەم ڕووداوە دەدەن؟

ئەوەی کە پێویست بێت بوترێت لە ڕوون کردنەوەی حوکمی ئیسلام لەم شتەدا دەوترێت چونکە زانایانی ئیسلام پێویستە باسی ڕووداوەکان بکەن، و ئەحکامی

---

(٣٦) دەقی ووتەکەیەتی کە لە تەلەفزیۆنی سعودی بڵاو کرایەوە .

شەریعەتی ئیسلام ڕوون بکەنەوە لەو گۆڕانکاریە تازانەی کە ڕوودەدەن، وە لەو کێشە و بەڵایانەی کە ڕوو دەکەنە موسڵمانان یاخود جگە لە موسڵمانان:

وە گومانی تێدا نی‌یە کە هەموو شتێك بە قەزا و قەدەری خوای گەورە دەبێت، لەگەڵ ئەمەیشدا ئەحکامەکانی شەریعەت هەموو ڕووداوێك دەگرنەخۆ، وەخوای گەورە دادپەروەر ترین دادپەروەرە، وە لە هەموو کەس بەسۆز و بەزەیی ترە، وە هەر ئەو دادوەری داد پەروەرە، کەستەمی لەسەر نەفسی پیرۆزی خۆی حەرام کردووە، وە بە قەدەغە و حەرامیشی داناوە لەنێوان بەندەکانیدا، کە لە فەرمودەی قودسیدا دەفەرمێت:

(یا عبادي إني حرمت الظلم على نفسي وجعلته بينكم محرماً فلا تظالموا)(١) .

هەروەها لە ستەم کردنە کە دەست درێژی بکرێتە سەر جگە لە تاوان بار، یاخود جگە لە تاوان بار بکوژرێت، وە پێغەمبەرﷺ پێغەمبەری ڕەحم و سۆز و بەزەیی وچاکە بووە و نێردراوە بۆ لای مرۆڤایەتی بە تێکڕا بەڵکو بۆ لای جن و مرۆڤ – ڕێگا و بەرنامەکەی ڕوون کردۆتەوە – کە لە کاتی غەزا و جیهاد کردن و کوشتاردا کەسوپایەکی ئامادە دەکرد ئامۆژگاری دەکردن کە منداڵ و ئافرەت و پیر و خواپەرست لە پەرستگاکەی نەکوژن .

(ألا يقتلوا وليداً ولا امرأةً و لا هرماً ولا متعبداً في صومعته)(٢).

واتە: ئیسلام ڕێگا نادات بە کوشتنی تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە دەکوژن یاخود کوشتار دەکەن و دەست درێژی دەکەنە سەر موسڵمانان .

بۆیە وێنەی ئەم تاوانانەی کە ڕوو دەدات و جیاوازی ناخاتە نێوان منداڵی شیرەخۆر و ئافرەت و پیرەمێرد و پیرەژن و نەخۆش و ساغ، وە ماڵ و خاوەن ماڵ لەناو دەبات،

---

(٣٧) (صحيح مسلم رقم: ٦٥٧٢ ) .

(٣٨) (الشطر الأول من الوصية أخرجه الإمام مسلم الحديث رقم: ٤٥٢٢).

ئەمە بە تاوانی گەورە وخراپەکاری ترسناك دادەنرێت، چونکە لە شەریعەتی ئیسلامدا وا تەماشای ئەم کردەوەیە دەکرێت کە ئاشوب گێڕانە لەسەر زەوی، و لەناو بردنی کێڵگە و وەچەیە کە ئەمەیش شتێکە ئیسلام حەرامی کردووە، خوای گەورە حەرامی کردووە و پێغەمبەرەکەی ﷺ حەرامی کردووە، وە کاتێك کە پێغەمبەرﷺ بینی ئافرەتێك کوژرا بوو فەرمووی نابوایە ئەمە بکوژرایە (ما كانت هذه لتقاتل)[1] .

واتە: کوشتنی کارێکی قەدەغەیە قەدەغە کراوێکی تەواو.

بۆیە ئەوەی کە ڕووی داو بینیم لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراوەوە بەسەر باڵەخانەکانەوە کەباڵەخانەکانی ڕووخاند خەڵکی لەپاش ئەمە وەکو ئەوە وابوو کە قیامەت هەستابێت وە ترسەکە دەتوت ترسی هەستانی قیامەتە، وەشڵەژاوی وبێ ئاگایی دیار بوو لە ڕووی ئەو کەسانەی کە لێرە ولەوێ ڕایان دەکرد — بەڕاستی ئەو کەسەی کەوێنەی ئەم تاوانە ئەنجام دەدات لە ڕووانگەی ئیسلامەوە بەترسناك ترین تاوان بار و خراپترین بکەر دەژمێردرێت، وە هەر کەسێکیش ئەگەر وا گومان بەرێت کە زانایەك لەو زانایانەی کە مەبەستی شەریعەتی ئیسلام دەزانن و ئاگایان لە مەبەستی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرﷺ هەیە ڕێگا بە وێنەی ئەم کردارانە دەدات ئەوا تەنها گومانی خراپی بردووە.

بە ڕاستی شایانی موسڵمان نیە کە دڵخۆش بێت تەنانەت بە دوژمنیش کاتێك کە ستەمی لێ بکرێت، چونکە ستەم وەرناگیرێت، وەدوژمنکاری تاکە کەسیش کارێکی حەرام وقەدەغە کراوێکی گەورەیە ئەگەر شایانی سزادان نەبێت، ئەی ئیتر چۆن دروستە بەو شێوەیەی کە بینیمان، و دەنگی دایەوە و ترسی خستە دڵی هەرکەسێکەوە کە بینی، چۆن دەربارەی کرداری وا دەوترێت موسڵمانان ڕێگەی پێ دەدەن .

---

(٣٩) (صحيح سنن أبي داود: ٢٦٦٩، وصحيح سنن ابن ماجة: ٢٨٤٢).

ئەوان هەر چەندە بانگەشەی ئەوە بکەن کە ڕێگەیان پێ دراوە بۆ جێ بەجێ کردنی وێنەی ئەم کردارانە نابێت لێیان وەربگیرێت و بەڕاست دابنرێن، بەڵکو دەبێ بپێورێت بە تەرازوی ئیسلام، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە گفتوگۆ کردنی لەگەڵ موسڵمانانداا دەفەرمێت:

﴿وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾ [المائدة: ٨] .

واتە: با ڕق لێ بوونتان بۆ کەسانێك واتان لێ نەکات دادپەروەر نەبن لە گەڵیاندا، بەڵکو دادپەروەر بن لە ووتە و کردەوەکانتان چونکە ئەمە نزیکترە لە تەقواو لە خواترسانەوە .

بۆیە ئاسمانەکان و زەوی لەسەر دادپەروەری ڕاوەستاون، ورووداني سزایەکی کۆمەڵی بە هیچ ڕوویەك لە ڕووەکان ناگونجێت لەگەڵ تەرازوی دادپەروەری دا، وە دانانرێت تەنها لە لایە ستەم و دوژمنکاریە خراپەکە نەبێت، چونکە کوشتنی کەسێکی پاکی بێ تاوان تاوانێکی گەورەیە ئەی ئیتر چۆن تاوانەکە گەورەتر نییە ئەگەر ڕوو بدات بەسەر کەسانێکی زۆر و ژمارەیەکی گەورە و ساوای شیرەخۆر و منداڵ و ئافرەتی سك پڕ، هەتا لەوانەیە ئافرەت منداڵەکەی لەبار چوو بێت لە گەورەیی ترسەکەدا، وەکو بڵێی قیامەت هەستا بوو .

بەڕاستی ئەم شێوازە بینراوە ترسناکە کە بینرا لە ئەنجامی ئەو تاوانەی کە عەقڵی موسڵمان ڕێگەی پێ نادات و جێگیری ناکات، بۆیە هەرچەندە ئەو کەسەی ئەم ئیشەی ئەنجام داوە شێوازێکی ئیسلامی هەبێت و لە ووڵاتێکی ئیسلامیش بێت نابێت حساب بۆ کارەکەی بکرێت، بەڵکو حساب بۆ ئەوە دەکرێت کە زانایان دەیڵێن و لە ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامدا جێگیرە نەك بۆ وێنەی ئەم تاوانە ترسناکانە .

وە عەرەبستانی سعودی کاتێك ڕۆژێك لە ڕۆژان تەماشای ڕفاندنی فڕۆکەی کرد پێش ئەوەی هیچ فڕۆکەیەك بڕفێندرێت بۆ سعودیە، زانایانی بڕیاری قەدەغە کردن و حەرام کردنی ئەم کارەیان دا، وە جیاوازییان نەخستە نێوان فڕۆکەیەك کە سوار بووەکانی موسڵمان بن لەگەڵ فڕۆکەیەك کە سوار بووەکانی ناموسڵمان بن[1]، بەڵکو وایان بینی کە ستەم کارییەکی حەرامە، وە دوژمنکاری کردنە سەر خەڵکی و تۆقاندنیان بە بێ ماف لە گەورەترین تاوانەکانە لەسەر ڕووی زەوی و ئاشوب نانەوەیە تێیدا .

وە لە وێنەی ئەم کردارانەدا سەرسوڕهێنەر نییە کە عەرەبستانی سعودی بەرهەڵستی و ناڕازی بوونی خۆی ئاشکرا بکات لەوەی کە ڕووی داو لەوانەی کە بەم کارە هەستان، چونکە عەرەبستانی سعودی شانشینێکی ئیسلامییە سوپاس بۆ خوا، وە بە ڕاستی یاسای ئیسلام حوکمی دەکات و حوکم بە شەریعەتی ئیسلام دەکەن، وە بنچینەی کار و دەسەڵاتی پەیوەستە بەوەی کە پێچەوانەی ئیسلام نەکەن، وە کاتێکیش کە بەرهەڵستی وێنەی ئەم کردارانە دەکات ئەوا تەنها لە واقیعی دینەکەی و هەڵوێستە ئیسلامییەکەیەوە دەیکات، چونکە وڵاتی هەردوو حەرەمی مەککە و مەدینەیە، وە وڵاتی سەرچاوەی پەیامە، بۆیە سەیر نییە کە بەرهەڵستی خراپەکان بکات و ناشیرینی تاوانی تاوانباران دەربخات، وە بەرهەڵستی پەنا دانی هەموو تاوانبارێك، وڕازی بوون بە تاوانەکەی بکات .

بە ڕاستی مرۆڤی موسڵمانی زانا بە مەبەستەکانی شەریعەت، وە زانا بەو سۆز و بەزەییەی کە شەریعەتی ئیسلام گرتوویەتییە خۆی بۆ بەندەکانی خوای گەورە دەزانێت کە ئەم کردارانە ناشیرینترین و خراپترین کردارن، وە لە هەموو کردارێك زیاتر زیان بە مرۆڤ دەگەیەنن .

---

(٤٠) (إشارة الى قرار هيئة كبار العلماء رقم (١٤٨) الصادر في الدورة الثانية والثلاثين بتاريخ: ١٢/ ١ / ١٤٠٩ك).

وە لەو پرسیارە زۆرانەی کە ئاراستەم کرا پێش ئەوەی قسە بکەم بەلاَم لە ژێر پاڵپەستۆی زۆری پرسیارەکان و ئارەزووەکان بۆ قسە کردنم کە قسە بکەم و هەڵوێستی (قضاء) بزانرێت لە عەرەبستانی سعودی وکەسێك قسە بکات کە لە لوتکەی لێپرسراوێتی (قضاء) دا بێت بە باشم زانی کە دەست پێ بکەم و ڕوونی بکەمەوە: کە ئەم کردارە کردارێکی خراپە، وەڕاستێتی ئەوەیە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (لا يجني جان إلا على نفسه)[١] .

واتە: خراپە کار هیچ خراپەیەك ناکات تەنها بۆ سەر خۆی دەگەڕێتەوە .

وە لەو پرسیارانەی کەلێم کرا پێش ئەوەی لێرە قسە بکەم یەکێك لە ڕۆژنامەکان پرسیاری لێم کرد منیش ڕوونم کردەوە کە ئەم کردارە ناشیرینە کردارێکە ڕێگەی پێ نادرێت، هەروەها ئەم کردارە خراپە هیچ شتێکی لێ ناکەوێتەوە تەنها ڕق و کینە و تۆڵە سەندنەوە لەو موسڵمانانەی کە بەم کارە ڕازی نەبوونە وڕێگەیان پێ نەداوە ودانیان پێدا نەناوە وسوپاسیان نەکردووە، وە ناوەڕۆك وداخوازی دادپەروەری وعەقڵی زیرەك وا پێویست دەکات کە هیچ کەسێك تۆمەت بار نەکرێت وسزا نەدرێت تەنها بە تاوانەکەی خۆی نەبێت، وە نابێت مرۆڤێك یاخود کۆمەڵێك سزا بدرێت لەسەر تاوانی جگە لە خۆیان، چونکە لە شەریعەتی ئیسلامدا جێگیرە و لە فەرموودەی پێغەمبەری هیدایەت محمد ﷺ دا هاتووە کە دەفەرمێت:

(لا يجني جان إلا على نفسه).

وە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت: ﴿أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ [النجم: ٣٨] .

---

(٤١) (رواه الترمذي حديث رقم: ٢١٥٩، وابن ماجة حديث رقم: ٣٦٥٩، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترمذي: ٣٠٥٥، وصحيح سنن ابن ماجة: ٢٦٦٩).

واتە: تاوان و خراپە و باری سەرشانی کەس نادرێت بەسەر شانی کەسی تردا، وە خراپەی تاوان بارێك ناخرێتە سەر کەسێکی بێ تاوان .

وە سزای کەسێکی بێ زیان نادرێت بەهۆی تاوانی تاوانبارێکەوە .

وە یەکێکی تر لەو تاوانانەی کە دەوروژێنرێت یاخود باسی لێوە دەکرێت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ئایا گەلی ئەمریکی لە پاش ئەم ڕووداوانە چۆن دەڕوانێتە ئەو موسڵمانانەی کە لە ئەمەریکادا دەژین، ئەوانەی خۆیان ئەمەریکین یاخود ئەوانەی لە وولاتانی ترەوە چونە بۆ ئەمەریکا؟

پێش تر باسم کردووە وئێستایش دووبارەی دەکەمەوە کە چاوەڕوانی کار دانەوەی خراپ ناکرێت لەگەلی ئەمەریکی کە دەربارەی خۆیان دەڵێن ئێمە ناودارترین پارێزەری دیموکراسی و هەڵگری ئالای دادپەروەرین، نا گونجێت تەماشای هاووڵاتیانی خۆیان یاخود میوانەکانیان لە عەرەب و موسڵمانان وعەرەبە ناموسڵمانەکان بکەن بەچاوی دژایەتی کردن، وە چاوەڕوانی هەڵسوکەوتی هۆشمەندانە و گونجاندنیان لێ دەکرێت .

وە نابێت یادی ڕۆژی کارەساتەکە بکەنەوە وتەماشای خەڵکی بێ تاوان بکەن وەکو تاوانبار و خراپەکار، چونکە تاوانبار و بێ تاوان یەکسان نین، وە نابێت تاوانی دەست درێژی کەرێکی ستەمکار بخرێتە سەر کەسێکی ئاشتی خوازی بێوەی .

من جەختی لەسەر دەکەمەوە ودەڵێم وێنەی ئەم کردارانە وەرنەگیراوە لە ئیسلامدا، وە ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە خەڵکی لەکاتی کوشتار کردندا – بەزۆری – لە ڕۆژگاری جەنگدا بیر ناکەنەوە لەو زیان و خوێن ڕژاندنانەی کە ڕووبەڕووی کەسانێك دەبێتەوە کە بە شداری شەڕیان نەکردووە، تەنها ئیسلام نەبێت کە قەدەغەی کردووە کەسانێك بکوژرێن کە بەشداری جەنگیان نەکردووە، وە قەدەغەی کوشتنی منداڵ و ئافرەت و پیر وخواپەرستی ناو پەرستگاکانی کردووە، وە دینی پێغەمبەری نێردراوﷺ بەم شێوەیە دەڕوانێتە گەل و تاکە کەس و کۆمەڵەکان، بۆیە دروست و گونجاو نییە بۆ

شوێن کەوتوانی ئەم دینە دان بنێن و ڕێگە بدەن بە وێنەی ئەم کردارە خراپە، کە بە ڕاستی کردارێکی ترسناکە، وەکردارێکی تازەی کەم وێنەیە کە لە کۆندا ناسراو نەبوو، وە بەرەو پیرەوە چوونی پێویستی بە چارەسەر کردنی هەیە لە هەموو بوارەکاندا، چارەسەر کردنی تاوانبارەکە، و ئەوەی کە ڕازی بێت بە تاوانەکەی و ڕێگەی پێ بدات و پاڵ پشتی بکات و یارمەتی بدات، وە دەبێت هۆکاری خۆپاراستن بگیرێتە بەر بۆ دووبارە نەبوونەوەی وێنەی ئەم تاوانە، وە هۆکارەکانیش هۆشمەندەکان و لێکۆڵەرەوەکان بەدوای چارەسەرو خۆپاراستن لە ترسناکیەکان دەبزانن، وە دەبێت هۆکاری قەدەغەکردنی ڕووداوەکان بگیرێتەبەر، وە هیچ هۆکارێکی گەیشتن بە چارەسەری چاك و خۆپاراستنی تەواو کەم نەبێت .

وە گومانی تێدا نییە کە شەریعەتی ئیسلام خۆپارێزی هێناوە کەچاکترە لە چارەسەر کردن، کە ئەمەیش تایبەت نییە بە نەخۆشی لاشە بەڵکو گشتییەو نەخۆشی لاشەو کۆمەڵگاکان وهەموو گەلان دەگرێتەوە، خۆپاراستن لە ترسناکییەکان ودەست گرتن بەو هۆکارانەی کە مرۆڤ توشی ترسناکی ناکەن کە ئەمەیش یەکێکە لە مەبەستەکانی شەریعەتی تەواوی ئیسلام، و یەکێکە لە داواکارییەکانی خاوەن هۆش و بیروبۆچونە ڕاست و تەواوەکان، نامەوێت درێژە بدەم بە قسەکانم بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئوممەتی ئیسلامی بەسەر کردایەتییە زانستی و سیاسی- یەکەیەوە،– بۆیە لەپێش سەرکردایەتی سیاسی سەرکردایەتی زانستیم باس کرد چونکە کارەکە پەیوەندی بە ڕوون کردنەوەی حوکمی شەریعەتەوە هەیە– ڕێگا بەم کردارانە نادات و دانی پێدا نانێت، وە لەو باوەڕەیشدام کە کۆمەڵگای ئەمەریکی و ڕۆژئاوایی بەتێکڕا گونجاو نییە بۆیان کە تەماشای وێنەی ئەم کردەوانە بکەن وئەنجام دەرانی خەڵکی چ دەوڵەتێك بوون – کەلەژێر دەسەلاتی دەوڵەتەکەدا نەبووە – ئەوا دژایەتی

ئەو دەوڵەتانە بکەن و لۆمەیان بکەن، چونکە ئەو کەسانە کاتێك کە بەم ئیشە هەستاون ڕاوێـژیان بـە دەوڵەتـەکانیان نـەکردووەو ئاگادارییانیـان نەکردۆتـەوە، چـونکە مـن لـەو باوەڕەدام کە هیچ کەسێك لەوانەی کە بـەم کـارە خراپـە ناشـیرینە هەسـتاون ئاگـاداری کەسی پیاوانی دەوڵەتەکەیان نەکردۆتەوە لە مەبەسـتەکانیان، وە مـن دەڵـێم پێویسـتە لەسەر دەسەڵات دارەکان لە هەموو شوێنێك کە گومانی باش بەرن بە هاووڵاتییەکانیان بەتایبەتی کەمافی هاوولایەتی کردن لە وولاتە یەکگرتووەکان و جگـە لـەویش دراوە بـە زۆر لە موسڵمانان لەوانەی کە لە بنچینەدا خـەڵکی ئـەو وولاتانـەن یـاخود لـە وولاتـانی ترەوە بۆی ڕۆیشتوون، وە ئیسلام جیاوازی ناکـات لـە برایـەتی کردنـی ئیسـلامی دا لـە نێوان ڕەگەزێك و ڕەگەزێکی تـردا وە لـە نێـوان زمانێـك و زمـانێکی تـردا، وە لـە نێـوان ڕەنگێك و ڕەنگێکی تردا لەم بیروبـاوەڕەدا، جـارێکی تـر دوبـارەی دەکەمـەوە کـە ئـەم کردەوەیەی ڕووبەڕووی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووەوە بەم شـێوە ناشـیرین و دڕندانەیە کە دوورترە لە کرداری دڕندەکان، وە دوورترە لـە کـرداری کەسـانێك کـە نـاو دەنرێن بە کۆمەڵە توندڕەوەکان، یاخود تاقمە تاوان کارییـەکان، بـەڵکو کردارێکـە لـەو پەڕی ترسناکی دایە، ئەڵێم: لەو پەڕی خراپی و ئاشوب دایە .

وە داوا کارم لە خوای گەورە بۆ خاتری ناوە جوانەکان و سـیفاتە بـەرزەکانی لـە دونیادا بمان پارێزێت لە هەموو خراپەیەك، وە هەموو گومڕایەك هیدایەت بـدات بـۆ ڕێگـای ڕاسـت، وە حـەق و خاوەنەکـەی سـەر بخـات، وە بـەتاڵ و خاوەنەکـەی سەرشۆڕ بکات، وە هەموو کردەوەکانمان لـە پێنـاوی ڕەزامەنـدی ئـەودا بێـت، وە بەبەزەیی بێت لە گەڵماندا، چـونکە هـەر کەسـێك ئەگـەر خـوای گـەورە بەبـەزەیی نەبێت لە گەڵیدا ئەوا هیچ پشتوانێکی نییە .

وصلى الله وسلم على رسول الله ﷺ وجميع إخوانه من الأنبياء ورسله وجميع المتبعين للحق الصادقين في اتباعه، والحمد لله رب العالمين ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم .

## وەڵامەکانی زانای پایە بەرز

## صالح بن علي الغصون (خوابیپارێزێت):

پرسیار: لەم دووساڵەی ڕابردوودا لە هەندێ لە بانگەواز کاران دەیبیستین کە دەسوڕێنەوە لە دەوری هۆکارەکانی بانگەواز کردن و بەرهەڵستی کردنی خراپەکار، وەخۆنیشان دان و تیرۆر کردن و ڕێپێوانیشی تێ دەکەن، وە لەوانەیە هەندێکیان بیبەنە بواری جیهاد کردنەوە.

١ – داواکارین بۆمان ڕوون بکەنەوە ئایا ئەم کردارانە لە هۆکارەکانی بانگەواز کردنی شەرعین، یاخود دەچنە چوار چێوەی بیدعە زەمکراوەکان و هۆکارە قەدەغە کراوەکان؟

داواکارین هەڵسوکەوتی شەرعیمان بۆ ڕوون بکەنەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بانگەواز بۆ ئەم کردەوانە دەکەن، وە هەر کەسێك باسیان بکات و بانگەوازیان بۆ بکات؟ .

وەلام: الحمد لله: زانراوە کە فەرمان کردن بە چاکە و بەرهەڵستی کردن لە خراپە و بانگەواز کردن و ڕێنمایی کردن لە دینی خوای گەورەدا هەیە، بەڵام خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت:

﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ [النحل: ١٢٥].

واتە: بانگەواز بکە بۆ دینی پەروەردگارت بە دانایی و کاربەجێیی و ئامۆژگاری جوان، وە گفتوگۆو دەمەقالێیان لەگەڵدا بکە بە باشترین شێواز، بە ڕاستی پەروەردگارت زاناترە بەو کەسانەی کە لە ڕێگای ڕاست لایان داوە و گومڕابوونە، هەر ئەو زاناترە بە هیدایەت دەران.

وە کاتێکیش خوای گەورە موسی و هارونی نارد (عليهما الصلاة والسلام) بۆ لای فیرعەون پێیانی فەرموو:﴿ فَقُولا لَهُ قَوْلاً لَيِّناً لَعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى﴾[طه: ٤٤].

واتە:ووتەیەکی نەرم و نیانی پێ بڵێن بەڵکو یادی دەکەوێتەوە یاخود دەترسێت.

وە پێغەمبەر ﷺ دانایی وکاربەجێیی هێناوە، وە فەرمانی کردووە کە بانگەواز کاران دانایی بگرنە بەر، وە خۆیان بڕازێننەوە بە ئارامگرتن، وەکو خوای گەورە لە سورەتی (العصر) دا دەفەرمێت:

﴿وَالْعَصْرِ إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾ [العصر: ١-٣].

واتە: سوێند بە کات و ڕۆژگار و سەردەم هەموو مرۆڤ لە زەرەر مەندیدان تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە وئامۆژگاری یەکتریان کردووە بە گەیاندنی حەق وە ئامۆژگاری یەکتریان کردووە بە ئارامگرتن.

وە بانگەوازکار بۆ لای خوای گەورە، وە فەرمان کار بە چاکە، وە بەرهەڵستی کار لە خراپە، پێویستە لەسەری خۆی برازێنێتەوە بە ئارام گرتن، وە پێویستە لەسەری چاوەڕێی پاداشتی خوای گەورە بێت، وە پێویستە لەسەری ئارام بگرێت لەسەر ئەو قسانەی کە دەی بیستێت، یاخود ئەو ئازارانەی کەتوشی دەبێت لە پێناوی بانگەوازەکەیدا، بەڵام مرۆڤ ڕێگای توند ڕەوێتی بگرێتە بەر یاخود – پەنا بە خوا – ڕێگای ئازاردانی خەڵك، یاخود تێکدانی حاڵی خەڵك، یاخود ڕێگای جیاوازی و کێشە و ناکۆکی و پارچە پارچەیی خەڵکی بگرێتە بەر ئەمانە ئیش و کاری شەیتانین، وە بنچینەی بانگەوازی خەوارجن، ئەمانە بنچینەی بانگەوازی خەوارجن، کە ئەوان بەرهەڵستی خراپەیان دەکرد بە چەك، وە قەدەغەی ئەو کارانەیان دەکرد کە بەخراپیان دەزانی یاخود پێچەوانەی بیروباوەڕیان بوو بە کوشتار کردن و خوێند ڕژاندن، وە بە کافر کردنی خەڵکیو هاوشێوەی ئەم هۆکارانە، وە جیاوازی هەیە لە نێوان بانگەوازی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ و پێشینە چاکەکانمان، وە لە نێوان بانگەوازی خەوارج و ئەوانەی ڕێگاو بەرنامەی ئەوان دەگرنە بەر، بانگەوازی هاوەڵان ﷺ بە دانایی و کاربەجێیی و ئامۆژگاری باش

وڕوون کردنەوەی حەق و ئارامگرتن وخۆ ڕازاندنەوە بە ڕەوشتە جوانەکان و چاوەڕێی پاداشتی خوای گەورە بووە، وە بانگەوازی خەوارج بە کوشتنی خەڵك و خوێن ڕژاندنیان وکافر کردنیان وجیاوازی وشەو پارچە پارچە کردنی یەك ڕیزی موسڵمانان بووە، کە ئەمانە هەموو کردەوەی ناشیرین و خراپ و داهێنراون .

وە ئەو کەسانەیشی کە بانگەواز دەکەن بۆ ئەم کارانە: ئەوا دەبێت مرۆڤ خۆی بە دوور بگرێت لێیان و دوور بخرێنەوە و گومانی خراپیان پێ ببرێت، ئەمانە یەك ڕیزی و یەك دەنگی موسڵمانانیان پارچە پارچە کرد، کە کۆمەڵی موسڵمانان ڕەحمەتەو پارچە پارچەیی و جیاوازیش سزایە – پەنا ئەگرین بە خوای گەورە –، کە ئەگەر خەڵکی یەك وولات کۆببنەوە لەسەر چاکە وە کۆببنەوە لەسەر یەك ووشە ئەوا پلە و پایەیان دەبێت و لێ ترساو دەبن .

بەڵام ئەگەر خەڵکی یەك وولات حیزب حیزب و پارچە پارچە و تاقم تاقم و جیاواز بن، ئەوا دوژمنان بۆیان دەچێتە ژوورەوە لە ڕێگای خۆیانەوە، وە لە لایەن هەندێکیانەوە بۆ سەر هەندێکی تریان، کە ئەمەیش ڕێگا گرتنێکی بیدعی و داهێنراو و ناشیرین و خراپە، وەلە ڕێگای ئەو کەسانەوە هاتووە کە لە فەرمانی فەرمانڕەواکەیان دەرچوونە، و کوشتاری خەلیفەی موسڵمانان – علی کوڕی ابو طالب ﷺ و ئەو کەسانەی کە لە گەڵیدا بوون لە هاوەڵان و (بيعة الرضوان) یان کردﷺ، کوشتاریان کرد کە مەبەستیان چاکسازی بوو بەڵام خۆیان سەری ئاشوب و خراپە کاری و بیدعە و پارچە پارچەییەکە بوون، ئەوان بوون کە یەك ڕیزی موسڵمانانیان بەش بەش کرد، بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی کە ئەم شتانە

دەڵێن و جێبەجێی دەکەن و هەڵی دەگرن و بە باشی دەزانن ئەمانە بیرباوەڕیان خراپە، وە پێویستە موسڵمان خۆی لێیان دوور بخاتەوە، چونکە ئەوانە کەسانێکی زەرەرمەندن بۆ میللەت و ئەوانەی کە لە گەڵیاندا دادەنیشێت و لە نێوانیاندا بێت، وە ووشەی حەق ئەوەیە کە مرۆڤی موسڵمان هۆکارێکی بنیات نەر بێت، وە بانگەواز کار بێت بۆ چاکە و بەدوای چاکەدا بگەڕێت وە حەق بێژ بێت، وە بە جوانترین شێوە بانگەواز بکات بە نەرم و نیانی، وە گومانی باش بردن بەبرایانی، وە بزانێت کە گەیشتنی خەڵك بەوپەڕی تەواوێتی ئەمە دەست کەوتێکی گرانە، وە پارێزراو لە تاوان تەنها پێغەمبەر بووەﷺ وە ئەگەر ئەمانە لەناو بچن ئەوا لەمان باشتر نایات، ئەگەر ئەم خەڵکەی ئێستا هەیە ئیتر دەسەڵاتدار یاخود فەرمانڕەوا یاخود قوتابیانی زانستی شەرعی یاخود گەل ئەگەر لەناو بچن – گەلی هەر ووڵاتێك – ئەوا لەمان خراپ تر دێت، چونکە هیچ ساڵێك نایات ئیلا ئەو ساڵەی کە لە دوایەوە دێت خراپترە لەو، بۆیە ئەو کەسەی دەیەوێت خەڵکی بگاتە پلەی تەواوێتی یاخود پارێزراوی لە خراپە و تاوان، ئەوا کەسێکی گومڕایە، ئەوانە خەوارجن، ئەوان بوون کە یەك ڕیزی موسڵمانانیان پارچە پارچە کرد و ئازاریان دان، ئەمە مەبەستەکانی دوژمنانی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە، بە بیدعە و داهێنراو لە رافضة و خەوارج و موعتەزیلە و هەموو جۆر و شێوازەکانی تری ئەهلی خراپەو بیدعە[1] .

---

(٤٢) گۆڤاری ( سفينة النجاة ) ژمارە دوو ینایر ١٩٩٧.

## ئامۆژگاری زانای پێشەوا عبدالعزیز بن باز

## بۆ ئەو کەسانەی پاڵپشتی تەقینەوە دەکەن:

بەڵام ئەو کردارانەی کە ئێستا محمد المسعري و سعد الفقيه و هاوشێوەیان پێی هەڵدەستن لە بڵاو کردنەوەی بانگەوازی ئاشوب و گومڕا ئەمە بەبێ گومان شەڕو خراپەیەکی زۆر گەورەیە، وە ئەوان بانگەوازکاری خراپە و شەڕوو ئاشوبێکی گەورەن، وە پێویستە مرۆڤی موسڵمان ئاگاداری بڵاو کراوەکانیان بێت و زاڵ بێت بەسەریاندا و بیاندڕێنێت و لەناویان ببات...

وە ئامۆژگاریم بۆ المسعري والفقيه وبن لادن و هەموو ئەو کەسانەی کە ڕێگای ئەمانەی گرتۆتە بەر ئەوەیە کە واز لەم ڕێگا خراپە بهێنن، وە لە خوا بترسن و ئاگاداری ڕق لێبوون و تورەبوونی خوای گەورە بن، وە بە خۆیاندا بچنەوە، وە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە لەو کردارانەی کە پێش تر کردوویانە، وە خوای گەورە پەیمانی بەو بەندانە داوە کە تۆبە ئەکەن بە وەرگرتنی تۆبەکەیان و چاکە کردن لە گەڵیاندا:

## فەتوای زانای پایەبەرزی فەرمووده ناس

## مقبل بن هادي الوادعي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

پێی ووترا: تێبینی ئەوە دەکەیت کەموسڵمانان ڕووبەڕووی تەسك وتەنگی زۆر دەبن لە وولاتە ڕۆژئاواییەکاندا تەنها بە هۆی تەقینەوەیەك کە ڕوو بدات لە هەر شوێنێکی جیهان؟

شێخ مقبل وەڵامی دایەوە و فەرمووی: ئەم شتە دەزانم وە هەندێ برا لە بەریتانیاوە پەیوەندییان پێوە کردم و گازندەی بوار تەسکیان دەکرد لەسەریان، وە پرسیاریان دەکرد ئایا دروستە بۆیان بەرائەت کردنی خۆیان لە ئوسامە بن لادن ڕابگەیەنن، ئێمەیش پێمان ووتن: **ئێمە بەرائە تمان لە خۆی و کردەوەکانی کردووە لە دێر زەمانەوە .**

وە لە نمونەی ئەم جۆرە فیتنانە ئەو فیتنەیەی کە نزیك بوو لە یەمەن جێ بەجێ بکرێت لە لایەنی بن لادنەوە، کە پێی ووترا: بیست هەزار ڕیاڵی سعودیمان پێویستە بۆ دروست کردنی مزگەوتێك لەو شارەدا، لە وەڵامدا دەیوت توانامان نییە، لە دوا ڕۆژدا بە گوێرەی توانای خۆمان دەی دەین إن شاء الله . وە ئەگەر پێی بوترایە، چەك وجبەخانە وجگە لەمانەمان پێویستە: ئەوا دەیوت فەرموو ئەمە سەد هەزار یاخود زیاتر وە إن شاء الله پاشان ئەوەی تریشی پێتان دەگات.

**پرسیار کەر: ئایا ئامۆژگاری ئوسامە بن لادنتان نەکردووە؟**

شێخ وەڵامی دایەوە و فەرمووی: چەند ئامۆژگاری‌یەکمان بۆی نارد بەڵام خوا دەزانێت پێی گەیشتووە یان نا، وە چەند برایەك لە لایەن ئەوەوە هاتن بۆ لامان یارمەتی دانی ئەویان خستە ڕوو بۆمان تا بانگەواز بکەین بۆ لای خوا، لە پاش ئەمە لە ناکاو پارەیان ناردوو داوایان کرد لێمان کە دابەشی بکەین بەسەر سەرۆك عەشیرەتەکان بۆکڕینی چەك و جبەخانە، بەڵام داواکاری‌یەکەیانمان ڕەت کردەوە، وە داوام لێیان کرد کە جارێکی تر نەیەنە ماڵم،

**<u>وە بۆیانم ڕوون کردەوە کە ئیشی ئێمە تەنها بانگەوازە وە ڕێگە بە قوتابی‌یەکانمان نادەین بە جگە لەمە</u>**).

## زانای پایە بەرز عبدالمحسن العباد

## بە ڕاستی ڕێگای پارێزراوی لە فیتنەی توندڕەوێتی و تەقاندنەوە بریتی‌یە لە گەڕاندنەوە بۆ لای زانا سەلەفی‌یەکان .

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**الحمد لله،اللهم صل وسلم و بارك على محمد و على آله وأصحابه، و من سلك سبيله واهتدى بهديه الى يوم الدين . لە پاشاندا :**

بە ڕاستی شەیتان دوو ڕێگەی هەیە بۆ هاتنە ژوورەوە لە موسڵمان کە لەو دوو ڕێگەوە گومڕایان دەکات و لە ڕێگەی ڕاست دەریان دەکات:

یەکەمیان: ئەگەر موسڵمانەکە لە کەم تەرخەمان و سەرپێچی کاران بێت، ئەوا تاوان و ئارەزووی بۆ جوان دەکات و دەڕازێنێتەوە تادوور بێت لە گوێڕایەڵی کردنی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ، وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(حُفَّتِ الجنة بالمكاره، وحفت النار بالشهوات)[١] .

واتە: بەهەشت دەوری دراوە بە شتی ناخۆش، وەئاگری دۆزەخ دەوری دراوە بە ئارەزووەکان.

(٤٣) (رواه البخاري: ٧٤٨٧، ومسلم: ٢٨٢٢).

دووەم: وە ئەگەر موسڵمانەکە لە گوێڕایەڵی کاران و خواپەرستان بێت ئەوا شەیتان زیادڕەوی و توندڕەوی لە دیندا بۆ جوان دەکات و دەڕازێنێتەوە تا دینەکەی لێ تێك بدات، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ﴾[النساء: ١٧١].

واتە: ئەی خاوەنی پەرتووکە ئاسمانییەکان زیادڕەوی نەکەن لە دینەکەتاندا و جگە لە حەق هیچی تر مەدەنە پاڵ خوای گەورە .

وە دەفەرمێت:

﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوا أَهْوَاءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا مِنْ قَبْلُ وَأَضَلُّوا كَثِيرًا وَضَلُّوا عَنْ سَوَاءِ السَّبِيلِ﴾ [المائدة: ٧٧] .

واتە: ئەی خاوەنی پەرتووکە ئاسمانییەکان زیادڕەوی مەکەن لەدینەکەتاندا جگە لە حەق نەبێت، وە شوێنی هەواو ئارەزووی کەسانێك مەکەون کە لە پێش تردا گومڕا بوونە وخەڵکێکی زۆریان گومڕا کردووە وخۆیشیان گومڕا بوونە ولە ڕێگەی ڕاست دەرچوونە .

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: (إياكم والغلو في الدين، فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو في الدين)(١).

واتە: ئاگادارتان دەکەمەوە نەکەن زیادڕەوی بکەن لە دیندا، چونکە تەنها زیادڕەوی کردن لە دیندا ئەوانەی پێش ئێوەی لەناو برد .

وە لە پیلانی شەیتان بۆ ئەم کەسە کەم تەرخەمە سەرپێچی کارانە ئەوەیە کە شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوو وخراپ تێگەیشتن لە دین و سوار بوونی سەرخۆیان بۆ جوان دەکات و دەڕازێنێتەوە، وە بێ پێویستیان دەکات لە گەڕاندنەوە بۆ لای زانایان تا چاوڕۆشنیان نەکەن و ڕێنماییان نەکەن بۆ ڕێگای ڕاست، وەتا لەناو گومڕایی و وێڵی و سەرگەردانیاندا بمێننەوە، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ﴾ [ص: ٢٦] .

واتە: شوێنی هەواوو ئارەزووتان مەکەون دوایی گومڕاتان دەکات و لە ڕێگەی خوا دەرتان دەکات، چونکە هەرکەسێك لە ڕێگای ڕاستی خوای گەورە لابدات ئەوا سزایەکی سەختیان بۆ هەیە بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژی لێپرسینەوەیان لە یاد کردووە.

---

(٤٤) (رواه الترمذي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ١٢٨٣، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٦٨٠).

وه دەفــەرمێت: ﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ [القصص:٥٠].

واته: کێ لەو کەسە گومڕاترە کە شوێن هـەواو ئـارەزووی خـۆی بکـەوێت بـە بـێ ڕێنمایی و هیدایـەت لـە لایـەن خـوای گـەورەوە، بەڕاسـتی خـوی گـەورە هیدایـەت وڕێنمونی کەسانی ستەمکار ناکات.

وه دەفــەرمێت: ﴿أَفَمَنْ زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ﴾ [فاطر: ٨] .

واته: ئایا کەسێك باشـە کـە شـەیتان کـردەوە خراپـەکانی بـۆ ڕازاندبێتـەوە ولای جوانی کرد بێت؟ نەخێر، بە جەخت لەسـەرکراوییـەوە خـوای گـەورە ویسـتی لـێ بێت هەر کەسێك گومڕا بکـات گـومڕای دەکـات وە ویسـتی لـێ بێـت هـەر کەسـێك هیدایەت بدات هیدایەتی دەدات .

وه دەفــەرمێت: ﴿أَفَمَنْ كَانَ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّهِ كَمَنْ زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ﴾ [محمد: ١٤].

واته: ئایا کەسێك لەسەر چاو ڕۆشنایی و بەڵگە بێت لـە لایـەنی خـوای گـەورەوە وەکو کەسێك وایە کەشـەیتان کـردەوەی خراپـی خـۆی بـۆ ڕازاندبێتـەوە وشـوێنی هەواو ئارەزوی خۆی کەوتبێت؟ بێ گومان نەخێر .

وە دەفەرمێت: ﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ﴾ [آل عمران: ٧].

واتە: خوای گەورە ئەو خوایەیە کە ئەم قورئانەی دابەزاندۆتە سەرت کە بەشێك لە ئایەتەکانی (محکم) ن کە ئەمانە بنچینە و زۆرینەی ئایەتەکانی قورئانن، وە بەشێکی تر لە ئایەتەکانی (متشابە) ن کە ئەمانە کەمینەی ئایەتەکانن و پێویستە بگەڕێنرێنەوە بۆ لای ئایەتە (محکم) ەکان، بەڵام ئەوانەی لادان لە حەق لە دڵیاندایە شوێنی ئایەتی (متشابە) دەکەون بە مەبەستی فیتنە و ئاژاوە نانەوە، وە بە مەبەستی ڕاڤە کردنی .

وەلە عائشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) هاتوە، کە پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە و فەرمووی:

(إذا رأيتم الذين يتبعون ما تشابه منه فاولئك الذين سمى الله فاحذروهم)(١) .

واتە: ئەگەر کەسانێکتان بینی کە شوێنی ئایەتی (متشابە) دەکەوتن ئەوا ئەو کەسانەن کە خوای گەورە لە ئایەتەکە ناویانی هێناوە، وە ئێوە ئاگاداریان بن )

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: (من يرد الله به خيراً يفقه في الدين)(١).

(٤٥) (البخاري: ٤٥٤٧، ومسلم: ٢٦٦٥).

واتە: هەر کەسێك خوای گەورە خێر و چاکەی بۆی بوێت ئەوا لە دین تێی دەگەیەنێت .

کە ئەمەیش بە (منطوق)ەکەی دەلالەت لە سەر ئەوە دەکات کە نیشانەی

ویستنی خێر بۆ بەندە لەلایەنی خوای گەورەوە ئەوەیە کەلە دین تێی بگەیەنێت، وە بە تێگەیشتنەکەی (مفهوم) دەلالەت لەسەر ئەوە دەکات کە نیشانەی نەویستنی خێر بۆ بەندە لەلایەنی خوای گەورەوە ئەوەیە کە لە دین تێ-ی نەگەیەنێت، بەڵکو توشی خراپ تێگەیشتنی دەکات لە دین، وە لە خراپ تێ گەیشتن وەکو ئەوەی کە ڕووی دا لە خەواریجدا کە دەرچوون لەئیمامی علیﷺ وە کوشتاریان کرد، کە ئەمان تێگەیشتنێکی خراپ و هەڵەیان هەبوو بۆ دەقە شەرعییەکان بە پێچەوانەی تێگەیشتنی هاوەڵانەوەﷺ بۆیە کاتێك کە عبداللەی کوڕی عەباسﷺ گفتوگۆ و دەمەقاڵێی لە گەڵدا کردن، تێگەیشتنی ڕاست ودروستی بۆدەقە شەرعییەکان بۆ ڕوون کردنەوە، کە ئەوەی ویستی بگەڕێتەوە بۆ حەق گەڕایەوە، وە ئەوەیشی نەیویست لەسەر گومڕاییەکەی مایەوە، وە چیرۆکی گفتو گۆو دەمەقاڵێیەکەی لە گەڵیاندا لە (مستدرك الحاكم)هـ (٢/ ١٥٠ – ١٥٢) وهي بأسناد صحيح على شرط مسلم، کە ابن عباسﷺ پێیان دەفەرمێت: (من لەلایەن هاوەڵانی پێغەمبەری خواوەﷺ –کۆچ کەران و پشتیوانانەوەﷺ –

(٤٦) (رواه البخاري: ٧١، ١٠٣٧).

هاتووم بۆ لای ئێوە، تا قسەی ئەوانتان پێ ڕابگەیەنم، کە ئەوان هـەواڵ پـێ دراون لەو شتانەی کە دەیڵێن چونکە قورئان دابەزیوەتـە سـەر ئـەوان، وئـەوان لـە ئێـوە شارەزاترن بە سروش، وەلەسەر ئەوانیش دابـەزیوە، وەهـیچ کەسـێك لـەوان لـەناو ئێوەدا نییە، هەندێکیان ووتیان: دەمەقاڵێ مەکەن لەگەڵ قورەیش چـونکە خـوای گەورە دەربارەی ئەوان دەفەرمێت:

(بل هم قوم خصمون)، واتـە: بـەڵکو ئـەوان کەسـانێکی زۆر مشـت ومڕچـی و ڕوو بەڕوو بوونەوەن.

(ابن عباس)ﷺ دەفەرمێت: چومە لای کەسانێك کە لە ژیانم دا کەسی وەکـــو

ئەوان کۆشش کەرم نەبینیبوو لە پەرستندا، دەموو چاویان گۆڕابوو لە شـەونخونی دا، وەکو بلێی دەست و ئەژنۆکانیان پێیایانـدا هەڵـدەداو مـەدحیان دەکـردن، وە هەندێکیان ڕۆیشتن و هەندێکیشیان ووتیان: بە جـەخت لەسـەرکراوییـەوە دەبێـت قسەی لە گەڵدا بکەین و بزانین چی دەڵێت:

منیش ووتم: پێم بڵێن بزانم لەبـەر چـی ڕقتـان لـە ئـامۆزاو زاوای پێغەمبـەرﷺ و کۆچ کەران و پشتیوانانەﷺ؟

ووتیان: لەبەر سێ شت

ووتم: ئەو سێ شتە چین؟

ووتیان: یەکێکیان ئەوەیە کە لە ئیشی خوای گەورەدا پیاوێکی کردووە بە حاکم، وەخوای گەورەیش دەفەرمێت: (إن الحكم إلا لله) واتە: حوکم تەنها بۆ خوای گەورەیە، ئیتر پیاوان چیان داوە لە حوکم .

ووتم: ئەمە یەك .

ووتیان: دووەمیان ئەوەیە کە کوشتاری کرد و ئافرەتی نەکرد بە جاریەو غەنیمەتی نەبرد، ئەگەر ئەوانەی ئەم کوشتاریانی کرد کافر بوونە ئەوا بە جاریە کردنی ئافرەتەکانیان و بە غەنیمەت بردنی ماڵیان حەڵاڵ بووە، وەئەگەر باوەڕدار بوونە ئەوا کوشتاریان حەڵاڵ نەبووە.

ووتم: ئەمە دوو، سێیەمیان چییە؟

ووتیان: ئەو ناوی خۆی سڕیوەتەوە لە (أمير المؤمنين) کەواتە (أمير الكافرين)ە.

ووتم: ئایا جگە لەمانە هیچی ترتان پێیە؟

ووتیان: ئەمانەمان بەسە .

پێیانم ووت: ئایا ئەگەر لە قورئانی خوای گەورەو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ بخوێندمەوە بۆتان کە ووتەکانتان ڕەت بکاتەوە و بەتاڵ بکاتەوە ڕازی ئەبن پێی؟

ووتیان: بەڵێ .

ووتم: سەبارەت بە قسەی یەکەمتان کە دەڵێن: پیاوی کردووە بە حاکم لە ئیشی خوادا، ئەوا من لە قورئاندا بۆتان دەخوێنمەوە کە خوای گەورە لە نرخی چارەکە درهەمێکدا حوکمەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ پیاوان لە کەروێشکێك و هاوشێوەی لە ڕاودا، کە دەفەرمێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْتُلُوا الصَّيْدَ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ وَمَنْ قَتَلَهُ مِنْكُمْ مُتَعَمِّدًا فَجَزَاءٌ مِثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ [المائدة: ٩٥].

واتە: ئەی باوەڕداران ئێوە لە کاتی ئیحرامدا لە حەج ڕاو مەکەن و لێتان قەدەغە کراوە ، وەهەر کەسێك لە ئێوە بە عەمدی ڕاو بکات ئەوا سزاکەی ئەوەیە کە دەبێت هاوشێوەی ئەو شتەی کە ڕاوی کردووە ببەخشێت لە پێناوی خوای گەورەدا، وە بۆ ئەم شتە دوو کەسی دادپەروەر لە خۆتان حوکم وبڕیار دەدات .

سوێندتان دەدەم بە خوای گەورە ئایا حوکم کردنی پیاو لە کەروێشکێك و هاوشێوەی لە ڕاوکردندا باشترە، یاخود حوکم کردنیان لە خوێن و چاکسازی نێوانیان ؟! وە دەزانن کە خوای گەورە ئەگەر ویستی لێ بوایە ئەوا خۆی بڕیاری دەداو نایدایە دەستی پیاوان .

وەخوای گەورە سەبارەت بە ئافرەت و مێردەکەی دەفەرمێت:

﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا﴾ [النساء: ٣٥] .

واتە: ئەگەر ترسان جیاوازی ولێك جیابوونەوە ڕوو بدات لە نێوانیاندا ئـەوا حەکـەمێك لە لایەن پیاوەکەوە وحەکەمێك لەلایەنی ئافرەتەکەوە بنێرن بۆ ئەوەی حوکم بکـەن لـە نێوانیانـدا، کـە ئەگـەر مەبەسـتیان چاکسـازی و ڕێککـەوتن بێـت ئـەوا خـوای گـەورە سەرکەوتویان دەکات و نێوانیان چاك دەکـات، وەخـوای گـەورە حـوکم کردنـی پیـاوی کردووە بە سوننەتێکی ئەمینکراو .

ئایا لەمە دەرچون و وارتان هێنا ؟

ووتیان بەڵێ! .

ووتم: سـەبارەت بـە قسـەی دووەمتـان کـە دەڵـێن: کوشـتاری کـردوو بـەڵام ئافرەتیانی بە جاریە نـەبرد و ماڵیـانی بـە غەنیمـەت نـەبرد، ئایا ئێـوە عائیشـەی دایکتان دەکەن بە جاریە و پاشان ئەوەی لە ئافرەتانی تر حەڵاڵی دەکەن لـەمیش حـەڵاڵی دەکـەن؟! ئەگـەر وا بکـەن ئـەوا بـە دڵنیـاییـیەوە کـافر دەبـن، چـونکە دایکتانە، وە ئەگەر بڵێن دایکمان نییە ئەوا دیسان بـە دڵنیـاییـیەوە کـافر دەبـن، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ﴾ [الأحزاب: ٦] .

واتـە: (پێغەمبـەرﷺ لـە پـێش تـرە بـۆ بـاوەڕداران لـە نەفسـی خۆیـان زیـاتر وە خێزانەکانی دایکیانە) وە ئێوە لە نێـوان دوو گـومڕاییدا دەسـوڕێنەوە، بـۆ لای هـەر کامێکیان بچن ئەوا بۆ لای گومڕایی چوونە، هەندێکیان تەماشای هەندێکیان کرد.

ووتم: ئایا لەمە دەرچوون و وارتان هێنا؟

ووتیان: بەڵێ! .

ووتم: سەبارەت بەقسەی سێیەمتان کە دەڵێن ناوی خۆی سڕییەوە لە(أمير المؤمنين) من ئێستا بەڵگەی واتان بۆ دێنم کە پێی ڕازی بن، بە دڵنیاییەوە بیستوتانە کە پێغەمبەر ﷺ لە ڕێککەوتننامەی حودەیبیەیە ڕێکەوتنێکی بەست لەگەڵ سوهەیلی کوڕی عەمر وابوسفیانی کوڕی حەرب، پێغەمبەرﷺ بە خەلیفەی موسڵمانانی فەرموو: ئەی عەلی رضي الله عنه بنوسە: ئەمە ئەو ڕێککەوتنەیە کە محمد رسول اللهﷺ لەسەری ڕێککەوتووە، هاوبەش بڕیار دەران ووتیان: نا سوێند بە خوا! نانوسیت ئەگەر ئێمە بمان زانیایە کە تۆ پێغەمبەری خوایت ئەوا کوشتارمان ناکردیت، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەی پەروەردگارم تۆ دەزانیت کەمن پێغەمبەری خوام ﷺ: ئەی عەلی بنوسە: ئەمە ئەو ڕێککەوتنەیەکە محمدی کوڕی عبدالله لەگەڵیاندا ڕێککەوت، وەسوێند بە خوا بە دڵنیاییەوە پێغەمبەری خواﷺ باشترە لە عەلیرضي الله عنه، وە ئەم شتە لە پێغەمبەرایەتی دەری نەکرد کاتێك کە لە خۆی سڕییەوە .

عبدالله ی کوڕی عباس رضي الله عنه دەفەرمێت: دوو هەزار کەسیان لێ گەڕایەوە و ئەوانی تریان هەموویان لەسەر گومڕایی ئیمامی عەلیرضي الله عنه کوشتیانی .

لەم چیرۆکەدا دەردەکەوێت کە دووهەزار لە خەوارجەکان گەڕانەوە لە بۆچونە بەتاڵەکەیان، بەهۆی ئەو ڕوون کردنەوەیەوە کە ابن عباسرضي الله عنه بۆیانی ڕوون کردەوە، کە ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ لای زانایان سەلامەتی و پارێزراوی تێدایە لە شەڕو خراپە و فیتنە، خوای گەورەیش دەفەرمێت:

﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ [النحل: ٤٣].

واتە: پرسیار لە زانایان بکەن ئەگەر نەتان زانی و ئەو شتەتان لاڕوون نەبوو .

وە هەروەها ئەوەی کە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کە گەڕانەوەی موسڵمانان بۆ لای زانایان لە کاروباری دین و دونیادا باش ترە بۆیان، مسلم[1] لە صحیحەکەیدا لە یەزیدی الفقیرەوە دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (بۆچونێك لە

بۆچونەکانی خەوارج چوو بووە دڵمەوە، ئێمەیش کۆمەڵێك پیاو بووین چوین بۆ حەج و ویستمان لە پاش حەج کردن لەگەڵ خەوارجدا لە خەڵکی دەرچین و کوشتاریان بکەین، بە مەدینەدا تێپەڕ بووین، بینیمان جابری کوڕی عبداللهﷺ پشتی داوەتە کۆڵەکەیەکەوە و لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) فەرمودە بۆ خەڵکی دەگێڕێتەوە گەیشتە باس کردنی دۆزەخیەکان، منیش پێم ووت: ئەی هاوەڵی پێغەمبەری خواﷺ ئەمە چییە ئێوە باسی لێوە دەکەن؟ ئەی خوای گەورە نافەرمێت:

﴿رَبَّنَا إِنَّكَ مَنْ تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ﴾ [آل عمران: ١٩٢] .

واتە: ئەی پەروەردگار هەرکەسێك کە تۆ بیخەیتە دۆزەخەوە ئەوا سەر شۆڕت کردووە .

وە دەفەرمێت: ﴿كُلَّمَا أَرَادُوا أَنْ يَخْرُجُوا مِنْهَا أُعِيدُوا فِيهَا﴾ [ السجدة: ٢٠] .

---

(٤٧) (مسلم: ١٩١) .

واتە: هەر کاتێك دەیانەوێت لە دۆزەخ دەرچن دەگەڕێنرێنەوە بۆ ناوی .

ئیتر ئەمە چیە کە ئێوە دەیڵێن؟ .

جابر ﵁ فەرمووی: ئایا قورئان دەخوێنیت؟ ووتم: بەڵێ! .

فەرمووی: ئایا پلەو پایەی پێغەمبەرت ﷺ بیستوە کەخوای گەورە دەیداتێ؟

ووتم: بەڵێ، فەرمووی: ئەوە ئەو پلە وپایە سوپاس کراوەیە (المقام المحمود) کە خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە ئەوەی ویستی لێبێت لەئاگری دۆزەخ دەری دەکات.

ووتی: پاشان جابر﵁ وەسفی پردی (صراط) وپەڕینەوەی خەڵکی لەسەری کرد، ووتی ئەترسم باش ئەو شتەم لەبەر نەکرد بێت، بەڵام فەرمووی: کەسانێك لە ئاگری دۆزەخ دەردەکرێن لەپاش ئەوەی تێیدا بوونە، دەردەچن دەڵێی دار کونجین لە ڕەشیدا.

فەرمووی: دەچنە ناو ڕووبارێك لە ڕووبارەکانی بەهەشتەوە و خۆیانی تێدا دەشۆن، وە دەردەچن دەڵێی لاپەڕەی سپین .

دەڵێ گەڕاینەوە، ووتمان، هاوار بۆ خۆتان! ئایا وا دەزانن ئەم زانایە درۆ هەڵدەبەستێت بە دەم پێغەمبەری خواوە ﷺ ؟! دەڵێ هەموومان لەو بۆچونە گەڕاینەوە، سوێند بە خوای گەورە تەنها یەك کەسمان نەبێت کە نەگەڕایەوەو شوێن خەوارج کەوت، یاخود بەو شێوەیەی کە ابو نعیم گێڕایەوە) . وە ابو نعیم

(فضل بن دكين) ە کە یەکێکە لە پیاوانی سەنەد، وە ابن كثير لـە تەفسـیرەکەیدا لـە سورەتی المائدة لە کاتی ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتەدا:

﴿يُرِيدُونَ أَنْ يَخْرُجُوا مِنَ النَّارِ وَمَا هُمْ بِخَارِجِينَ مِنْهَا﴾ [المائدة: ٣٧] .

فەرموودەکەی جابری هێناوەتەوە، وە لە لای ابن ابی حاتم و ابن مردويه و جگـە لەمان ئەم فەرمودەیە هاتووە . کەئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم کۆمەڵـە پیاوە کە سەرسـام بـوون بـە بۆچـونێك لـە بۆچـونەکانی خـەوارج لـە کـافر کردنـی خاوەنی تاوانە گەورەکان و هێشتنەوەی لـە ئـاگری دۆزەخـدا بـۆ هەمیشـەیی، بـە گەیشـتنیان بـە جـابرﷺ و ڕوونکردنـەوەی بۆیـان گەڕانـەوە بـۆ ڕێگـای ڕاسـت، و وازیان هێنا لەو بۆچونە بەتاڵەی کە لێی تێگەیشـتبوون، وە وازیـان لـەو دەرچـونە هێنا کە ویستیان لە پاش حەج کردن لە خەڵکی دەرچـن و کوشـتاریان بکـەن، کـە ئەمەیش گەورەترین سودە کە مرۆڤی موسڵمان سودی لێ دەبینێت بە گەڕانـەوەی بۆ لای زانایان .

وەبەڵگەی تر لەسەر ترسناکی زیادڕەوی کردن لەدیندا ودەرچـون لەحـەق ولادان لەو بەرنامەیەی کە ئەهلی سوننەت و جەماعەتی لەسەرە فەرموودەکەی پێغەمبـەر ﷺ کە حوزەیفەﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

(ان أخوف ما أخاف عليكم رجل قرأ القران، حتى إذا رئيت بهجته عليه وكان ردئاً للاسلام، انسلخ منه ونبذته وراء ظهره، وسعى على جاره بالسيف ورماه بالشرك، قلت: يانبي الله! أيهما أولى بالشرك: الرامي او المرمي؟ قال: بل الرامي)[1] .

واته: ترسناکترین شت کە من بترسێم لە سەر ئێوە، پیاوێکە قورئان دەخوێنێت هەتا جوانی و درەوشاوەیی‌یەکەی لێ دەردەکەوێت وە ئەم پیاوە قەڵغانە بۆ ئیسلام، پاشان لێی دەردەچێت و فڕێی دەداتە پشتی‌یەوە، وە شمشێر لە هاوسێ کەی دەردەکات و تۆمەت باری دەکات بە هاوبەش بڕیاردان، منیش ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کامیان شایانترن بە هاوبەش بڕیاردان ئەوەی هاوسێکەی تۆمەتبار کردووە یاخود هاوسێ کە؟ فەرمووی: بەڵکو ئەوەی کە هاوسێ کەی تۆمەتبار کردووە .

---

(٤٨) (رواه البخاري في التاريخ وابو يعلى وابن حبان والبزار، وانظر الصحيحة للألباني: ٣٢٠١ ).

## وە کەمی تەمەن و گەنجێتی جێگای خراپ تێ گەیشتنن و گومانی ئەوەیان پێ دەبڕێت

بەڵگە لەسەر ئەم شتە ئیمامی بخاری[1] لە صحیحەکەیدا لە هیشامی کوڕی عروەوە لە باوکی‌یەوە کە فەرموویەتی: ( بە عائیشەی خێزانی پێغەمبەرم ﷺ ووت کە من لەو کاتەدا کەم تەمەن و گەنج بوون: پێم بڵێ دەربارەی ئەم ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرمێت:

﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا﴾ [البقرة: ١٥٨] .

من هیچ شتێك نابینم لەسەر کەسێك کە ئەگەر سەعی نەکات لە نێوان سەفا و مەروەدا، عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: نەخێر! وانی‌یە ئەگەر وابوایە وەکو تۆ دەیڵێیت: ئەوا دەبوایە خوای گەورە بیفەرمووبایە: (فلا جناح عليه أن لا يطوف بهما) .

بەڵکو ئەم ئایەتە لەسەر پشتیوانەکان دابەزی، کە لە پێش ئیسلامدا یادی خوداکەیان (مەنات) یان دەکردەوە بە دەنگ بەرز لە کاتی حەجدا، کە (مەنات) لە نزیك (قەدید) بوو، وە لەلایان تاوان بوو سەعی بکەن لە نێوان سەفا و مەروە،

---

(٤٩) (البخاري: ٤٤٩٥ ).

بەڵام کاتێك کە ئیسلام هات پرسیاریان کرد لە پێغەمبەری خواﷺ خـوای گـەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند:

﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا﴾ [البقرة: ١٥٨] .

واتـە: بـە جـەخت لەسـەر كـراویـیـەوە سـەفا و مـەروە لـە دروشـمـەكانی خـوای گەورەیە، بۆیە كەسێك ئەگەر حەجی كرد یاخود عەمرەی كرد ئـەوا تـاوانی لەسـەر نییە (نەك لەبەر ئەوەی جیٚ بەجیٚ کردنیان پێویست نییە، بـەڵكو بـۆ نەهێشـتنی گومانەكەیان وای فەرموو) كە سەعی بكات لە نێوان سەفاو مەروە).

وە عروەی کـوڕی زوبـیر یەکێـکە لـە چـاکترینی شـوێن کـەوتوان، وە یەکێـکە لـە حەوت زانا فەقیهەکانی مەدینە لەسەردەمی شوێن کەوتواندا، بەڵام پێشـەکـییـەکی بۆ عوزر هێنانەوە باس کرد لە خراپ تێگەیشتنی ئەویش ئەوە بوو کە لـەو کاتـەدا پرسیاری کرد تەمەنی کەم بوو، وە گەنج بوو، کە ئەمەیش ئاشکرایە کە گـەنجێتی و لاوێتی جێگای گومانن لە خراپ تێگەیشتن، وە گەڕانـەوە بـۆ لای زانایـان خێـر و چاکە و پارێزراوی تێدایە .

## بەچ عەقڵ و دینێك تەقاندنەوە و وێرانكاری دەبێت بە جیهاد كردن؟ !

لە پاش باس كردنی ئەم پێشەكی‌یە كە شەیتان دێتە ژوورەوە بۆ خاوەن پەرستنەكان بۆ تێك دان و ئاشوب كردنی دینەكەیان لە ڕێگای كەم تەرخەمی كردن و زیادڕەوی‌یەوەلە دیندا، هەروەكو چۆن لە خەوارج و ئەو كۆمەڵەی تر كە سەرسام بوون بە بۆچوونی خۆیانەوە ڕووی دا، وە وتمان ڕێگای پارێزراوی و سەلامەتی لە فیتنەكان بریتی‌یە لە گەڕانەوە بۆلای زانایان، هەروەكو چۆن دوو هەزار كەس لە خەوارج گەڕانەوە لە پاش قسە كردنی ابن عباس رضي الله عنه لە گەڵیاندا، هەروەها گەڕانەوە و لادانی ئەو كۆمەڵەی كە ویستیان خراپە بكەن لەگەڵ خەڵكی بەپرسیار كردنیان لە جابری كوڕی عبدالله رضي الله عنه .

لە پاش ئەم پێشەكی‌یە دەڵێم: ئەمشەو چەند لە دوێنێ دەچێت: كەئەو تەقینەوە و وێرانكاری یەی كە لە شاری (ریاض) ڕوویدا، وە ئەو چەك و تەقەمەنیانەی كە لە (مەككە و مەدینە) دەستی بەسەردا گیرا لە سەرەتای ئەم ساڵدا (١٤٢٤ ك) ئەمانە هەموو ئەنجامی لە ڕێ دەركردنی شەیتان، و جوانكردن و ڕازاندنەوەی زیادڕەوی‌یە بۆ ئەو كەسانەی كەبەم كارانە هەستاون، وە ئەمەی كە ڕووی دا لە ناشیرینترین تاوان و ئاشوب گێڕانە لەسەر زەوی، وە لەمەیش ناشیرین تر ئەوەیە كە شەیتان بۆیان بڕازێنێتەوەو بڵێت ئەمە لە جیهاد كردنە لە

پێناوی خوای گەورەدا، وە بەچ عەقلێ و دینێك كوشتنی خەڵكی و یەكتر كوژی موسڵمانان و پەیمان پێ دراوان و ترساندنی ئارامان و بێوەژن خستنی ئافرەتان و هەتیو خستنی منداڵان و وێرانكردنی باڵەخانەكان بەسەر ئەو كەسانەی كە تێیدایە دەبێت بە جیهاد كردن؟!.

## زانای پایە بەرز شێخ صالح السدلان

دەفەرمێت[1]: وە پرسیار لەو كەسانە دەكەین كە هەڵدەستن بە وێنەی ئەم كردارانە:

چیتان بەرهەم هێنا و بەرهەمتان چی بوو؟

وە چ سودتان وەرگرت؟

وە ئەو ئەنجامە چی بوو كە بە دەستان هێنا لە كوشتنی گیانی موسڵمانێك؟

لە فەرموودەی پێغەمبەرﷺ هاتوە كە دەفەرمێت:

(لزوال الدنيا أهون على الله من قتل رجل مسلم)[2].

واتە: نەمان و تێكچونی هەموو دونیا ئاسانترە لە لای خوای گەورە لە ڕژاندنی خوێنی موسڵمانێك، بەڵام ئەو كەسانەی بەم كارانە هەڵدەستن ئەنجامەكان لێك نادەنەوە.

---

(٥٠) (مراجعات في فقه الواقع السياسي والفكري، إعداد عبدالله الرفاعي ص٧٨).

(٥١) (رواه الترمذي والنسائي وابن ماجه، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: ٥٠٧٧).

ئێمە بانگیان دەکەین بۆ ئاشکرا کردنی ئەو ئەنجامانەی کە بە دەستیان هێناوە لەو ڕۆژەوەی کە دەرچون لە فەرمان ڕەواکان دەستی پێ کردووە، لە هەستان بە کرداری وێرانکاری — وەکو تەقاندنەوە و تیرۆر کردن و ڕفاندن و هاوشێوەی ئەمانە !

ئایا ئەنجامی بینراو وهەست پێ کراو بریتی نییە لە ئاشوب وزیانی گەورە بە تاك وكۆمەڵ ؟!

بە ڕاستی ئەو زیانانەی کە لەم بەرنامەیە کەوتەوە زۆر زیاترە لەو بەرژەوەندی-یەی کە ئەو کەسانە ویستیان دەستیان بکەوێت، ئەگەر بەرژەوەندی هەبوو بێت)!! .

## زانای پایە بەرز شێخ أبو بكر الجزائري:

### ئامۆژگاری کار لە مزگەوتی پێغەمبەرﷺ لە مەدینە:

دەفەرمێت[1]: ( لێرەوە ئەو تیرۆر کردن و تەقاندنەوانەی کە دێنە سەر بچوك و گەورە و نێر و مێ، کە هەندێ گەنجی موسڵمان پێی هەڵدەستن لە وولاتی موسڵمانان و دەرەوەیان، لە ژێر دروشمی جیهاد کردن و کوشتار کردنی ستەم کارە حوکم نە کەرەکان بە قورئان، و داوای حوکم کردنی ئیسلام، ودامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی، هەموو ئەم کارانە بەتاڵ و خراپ و ناڕەوان و ڕاست نییە

(٥٢) (جريدة المسلمون العدد: ٢٥٩٠) .

بدرێتە پاڵ ئیسلام بە هیچ جۆرێك کە شەرعی خواو دینی حەقە، وە حەڵاڵ نییە بۆ موسڵمان دانی پێدا بنێت و جێگیری بکات، یاخود پشتیوانی بکات بە تەنها وشەیەك یاخود درهەمێك، چونکە ئەمانە تەنها ستەم و خراپە و ئاشوبن لەسەر زەوی دا .

وە سەرەڕای ئەمانە سوێند بە خوای گەورە ئەم کارانە هیچ کاتێك خێر و چاکە ناهێنن، چ جای هێنا کایەوەی حوکمی ئیسلام و حکومەتی موسڵمان، وە واقیعیش شایەتە ! ! )

وە ڕێگای هێنانە کایەوەی حوکمی ئیسلام و حکومەتی ئیسلامی بریتییە لەوەی کە گەل و نەتەوە دڵ و ڕوویان تەسلیم خوای گەورە بکەن، تا دڵیان پاك بکاتەوە و نەفسیان خاوێن بکاتەوە و دەنگیان یەك بخات و، کاریان دامەزراو بکات، کە ئەمەیش خۆی دەنوێنێت لە هەستانیان لە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکان، و وازهێنانیان لە قەدەغە کراوەکان، وە دەر کەوتنی ڕووناکی زانستی خوایەتی بۆ ئەوان و هەموو کاروباری ژیانیان، کە هیچ نەزانی و گومڕایی نەمێنێت لە ژیانیاندا، ئەمە ڕێگای هێنانە کایەوەی حوکمی ئیسلام و حکومەتی ئیسلامییە، ئەی بەندەکانی خوا .

وە با تەماشایەکی خێرای ژیانی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی رضي الله عنهم بکەین کە ئەمان جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکەن و پێویستی دەکەن .

پێغەمبەر ﷺ سیانزە ساڵی لە مەککە بەسەر برد لە پاش بوونی بە پێغەمبەر ﷺ کە خۆی و هاوەڵانی رضي الله عنهم دەیانناڵاند بە دەست سزاو ئازار و ئەشکەنجەو کەللە ڕەقی و لوت بەرزی هاوبەش بڕیار دەران، وە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە هاوەڵانی نەفەرموو: بڕۆن فلاّنە کەس تیرۆر بکەن یاخود فلاّنە کەس بکوژن، وە بە دینەکەیەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، تێیدا مایەوە و فەرمانی بە کەس لە هاوەڵان رضي الله عنهم نەکرد بە کوشتن یاخود تیرۆر کردنی کەس لە دوژمنانی هەتا فەرمانی خوای گەورە بەم شتە دابەزی کە فەرمووی:

﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ﴾ [الحج: ٣٩] .

واتە: ڕێگە درا بەو موسڵمانانەی کە کوشتاریان دەکرێت کوشتاری بێ باوەڕان بکەن چونکە ستەمیان لێ کراوە، وە خوای گەورە بە دڵنیاییەوە بە توانایە لەسەر سەرخستنیان .

ئەمەیش لەپاش ئەوەی کەئوممەتی ئیسلامی بنیات نرا بە سەرکردایەتییە دانا زاناکەیەوە .

وە ئەمەیش حوکمێکی گشتییە با موسڵمانان بیزانن بە تایبەتی زانا سەر لێشێواوەکانیان لە حوکم دانیان بەسەر ئەم تەقینەوە و تیرۆر کردنانەی کە بونەتە هۆی ڕوح کێشان، و پڕ بوونی بەندینخانەکان، وە ئەوەی کە بەسەر ئیسلامدا ڕووی دا لە عەیب و عار کە ئەم لێی بەری و پاك و بێگەردە ! ! .

## زانای پایە بەرز شێخ ابن عثیمین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

پرسیاری لێ کرا[1]: دەربارەی کەسێك کە هەڵدەستێت بە کرداری جیهادی لەسەر شێوەی خۆ کوژی، نمونە لەسەر ئەم شتە یەکێك هەڵدەستێت بە مین ڕێژ کردنی ئۆتۆمبیلەکەی بە تەقینەوە، وە دەچێتە ناو دوژمن وە دەزانێت لەم ڕووداوە دا بە بێ گومان خۆیشی دەمرێت؟

(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وەڵامی دایەوە وفەرمووی:

بۆچونم لەم شتەدا ئەوەیە کە خۆی کوشتوە، وە لە ئاگری دۆزەخدا سزا دەدرێت بەو شتەی کە خۆی پێ کوشتوە، هەروەکو چۆن بە صحیحی هاتوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بەڵام کەسێك نەزان بێت و وائەنجامی بدات کە کارێکی چاکەو خوا پێی ڕازییە، ئەوا بەو هیوایەم لە خوای گەورە لێی خۆش بێت، چونکە ئەم شتەی بە کۆشش (اجتهاد) کردووە هەرچەندە وای دەبینم کە عوزری نەبێت لەم کاتەماندا، چونکە ئەم جۆرە خۆکوژییە بەناوبانگە و بڵاوە لە ناو خەڵکیدا، وە پێویستە لەسەر مرۆڤ پرسیار بکات لە زانایان هەتا ڕێگای ڕاست لە گومڕایی بۆجیا بکاتەوە، وە ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەم کەسانە خۆیان دەکوژن لەگەڵ ئەوەی کە خوای گەورە قەدەغەی ئەم شتەی کردووە، کە دەفەرمێت:

---

(٥٣) حوار مع الشيخ أجرته مجلة الدعوة العدد ١٥٩٨ تاريخ ( ١٤١٨ ٢/٢٨ ) الموافق ( ٣ / ٧ / ١٩٩٧ ) .

﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ [النساء: ٢٩] .

واتە: ئێوە خۆتان مەکوژن لەبەر هەر هۆیەك بێت، چونکە خوای گەورە بە ڕاستی بە سۆز و بەزەییە بە ئێوە .

وەزۆرێك لەو کەسانە هیچ شتێکیان ناوێت تەنها تۆڵە سەندنەوە نەبێت لەدوژمن

ئیتر بە هەر شێوەیەك بێت حەڵاڵ یاخود حەرام، ئەو دەیەوێت برینی سارێژ بێت و تونێتی بشکێنێت.

داواکارین لەخوای گەورە چاوڕۆشنایی‌مان پێ ببەخشێت لەدینەکەیدا وە ئیش کردن بەوەی کە ئەو ڕازی دەکات، کە ئەو بەدڵنیایی‌یەوە توانا و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .

**وە زانای پایەبەرز شێخ محمد بن صالح العثیمین** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە ڕاڤەی فەرموودەکەی چیرۆکی (أصحاب الأخدود) سودە وەرگیراوەکان لە فەرموودەکە دەست نیشان دەکات و دەفەرمێت[1]:

( دروستە بۆ مرۆڤ کە خۆی بکات بە قوربانی لەپێناوی بەرژەوەندی‌یەکی گشتی موسڵمانان، چونکە ئەم منداڵە ڕێنمونی پاشاکەی کرد بۆ کوشتنی، ئەویش بە دەر کردنی تیرێك . . .هتد شێخ الاسلام دەفەرمێت: (چونکە ئەمە جیهاد کردنە لە پێناوی خوای گەورەدا، ئوممەتێك باوەڕیان هێنا و ئەمیش هیچی لەدەست نەدا،

---

(٥٤) (شرح الریاض الصالحین: ١/١٦٥-١٦٦) .

چونکە مرد، و هەر دەمرد ئێستا یاخود دوایی) بەڵام ئەوەی کە هەندێ لە خەڵکی پێی هەڵدەستن لە کرداری خۆکوژی، بە شێوەیەك کە ئامێری تەقینەوە هەڵدەگرێت و پێوەی دەچێتە ناو کافرانەوە، پاشان گەیشتە ناویان خۆی پێوە دەتەقێنێتەوە،ئەم کردارە –پەنا بەخوا– خۆکوژییە، وە هەر کەسێکیش خۆی بکوژێت ئەوا بە نەمری لەناو ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە بۆ هەمیشەیی هەروەکو چۆن لە فەرموودەکەدا هاتووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ (١).

چونکە خۆکوشتنی ئەمانە لە بەرژەوەندی ئیسلامدا نییە، چونکە ئەگەر خۆی بکوژێت و لەگەڵ خۆیدا دە کەس یاخود سەد کەس یاخود دووسەد کەس بکوژێت، ئیسلام سودی لەمە نەکرد، و خەڵکی موسڵمان نەبوون، بە پێچەوانەی چیرۆکی منداڵەکە، وە لە وانەیە ئەم کردارانە زیاتر دوژمن سەرسەخت تر بکات و زیاتر ڕقی ئەستور بکات، هەتا سەخت ترین کوشتار کوشتاری موسڵمان دەکات بە ئاشکرا .

هەروەکو چۆن جولەکە لەگەڵ خەڵی فەلەستیندا جێ بەجێی دەکەن، وە ئەگەر یەك فەلەستینی خۆی بتەقێنێتەوە شەش یاخود حەوت جولەکە بکوژێت ئەوان لە تۆڵەی ئەمەدا شەست کەس یان زیاتر دەگرن، بەم شێوازە هیچ سود بە فەلەستینییەکان ناگات، وە سود بەو کەسانەیش ناگات کە تەقینەوە لە ناویاندا ڕوویداوە .

(٥٥) (ما أخرجه البخاري: ٥٧٧٨ )، و(مسلم: ١٠٩ ) ضمن حديث فيه: (ومن قتل نفسه بحديدة، فحديدته في يده، يجأ بها بطنه في نارجهنم خالدا فيها أبداً ).

بۆیە وای دەبینین کە ئەو خۆکوژییەی کە هەندێ لە خەڵکی پێی هەڵدەستن خۆکوشتنە بەبێ حەق، وە دەبێتە هۆی چوونە دۆزەخ – پەنا بەخوا – وە خاوەنەکەی شەهید نییە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ بەم کارە هەستا تەئویلی کرد و وای زانی دروستە، ئەوا ئێمە بە ئومێدین کە تاوانبار نەبێت، بەڵام بە شەهیدی بۆی بنوسرێت ئەمەیان نا، چونکە ئەو ڕێگای شەهیدی نەگردۆتە بەر، وە ئەگەر یەکێك (اجتهاد) بکات و هەڵە بکات ئەوا پاداشتێکی هەیە).

قسەکەی تەوا و بوو .

پرسیار: زانای پایە بەرز –خوا بت پارێزێت – زانیوتانە ئەوەی کەڕۆژی چوار شەممە ڕووی داوە کە نزیکەی پەنجا کەسی تێیدا کوژاوە، کە ئەو موجاهیدە هەستاوە بە مین ڕێژ کردنی خۆی بە تەقینەوە، و چۆتە ناو یەکێك لە پاسەکانیان و خۆی تەقاندۆتەوە، وە ئەو تەنها لەبەر ئەم شتانە بەم کارە هەستاوە:

یەکەم: چونکە دەزانێت ئەگەر ئەمڕۆیش نەکوژرێت ئەوا سبەینێ دەکوژرێت، چونکە جولەکەکان گەنجە موسڵمانەکان دەکوژن بە شێوەیەکی ڕێك وپێك .

دووەم: ئەم موجاهیدانە بەم کارانە هەڵدەستن وەکو تۆڵە سەندنەوەیەك لە جولەکە کەوا لە مزگەوتی ئیبراهیمی نوێژکەرەکانیان کوشت(١).

(٥٦) جولەکەیەکی ناحەز کە ناوی (جولد شتاین) بوو هەستا بە کوشتنی زیاتر لە سی و پێنج نوێژ کەر لە مزگەوتی ابراهیمی لە خلیل لە کاتی نوێژی بەیانی ڕۆژی هەینی ١ / رمضان / ١٤١٤ ك .

سێیەم: دەزانن کە جولەکە و گاورەکان پیلان دادەنێن بۆ زاڵ بوون بەسەر گیانی ئەو جیهادەی کە ئەمڕۆ لە فەلەستین هەیە .

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەم کردەوەیە بە خۆکوژی دەژمێردرێت یاخود بە جیهاد کردن؟ وە لەم حاڵەتەدا ئامۆژگاریتان چییە، چونکە ئەگەر ئێمە بزانین ئەمە کارێکی حەرامە بەڵکو بیگەیەنین بە برایانمان لە وێ خوای گەورە سەرکەوتوتان بکات.

وەلام: ئەم گەنجەی کەوا جل وبەرگی مین ڕێژکراو لەبەر دەکات، یەکەم کەس خۆی دەکوژێت، کە گومانی تێدا نییە خۆی بووە بە هۆکاری کوشتنی نەفسی خۆی، وە لەم حاڵەتەدا دروست نییە مەگەر لەو کارەدا بەرژەوەندی بۆ ئیسلام هەبێت، وە ئەگەر بەرژەوەندی گەورەی بۆ ئیسلام تێدا بێت ئەو کاتە دروستە .

کە شێخ الاسلام ابن تیمیە – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – ئەم شتەی باس کردووە، وە نمونەی بۆ هێناوەتەوە بە چیرۆکی منداڵەکە، منداڵە باوەڕدارەکە کە لەناو نەتەوەیەکدا دەژیا پیاوێکی هاوبەش بڕیاردەری کافر حوکمی دەکردن، ئەم پیاوە حاکمە هاوبەش بڕیاردەرە کافرە ویستی ئەم منداڵە باوەڕدارە بکوژێت، چەند جارێك هەوڵی دا، جارێکیان لە لوتکەی چیاکەوە هەڵی دایە خوارەوە، وەجارێکی ترفڕێی دایە ناو دەریاوە، بەڵام هەرجارێك کە هەوڵی کوشتنی دەدا خوای گەورە ئەم منداڵەی ڕزگار دەکرد، ئەم پاشا فەرمان ڕەوایە سەرسام بوو،

ڕۆژێك لە ڕۆژان منداڵەکە پێی ووت: ئایا دەتەوێت بم کوژیت؟ ئەویش ووتی: بەڵێ . ئەم شتانەم هەموو بۆ کوشتنی تۆ کردووە، منداڵەکەیش پێی ووت: هەموو خەڵکی لە شوێنێکدا کۆبکەرەوە، پاشان لە تیرەکەی من تیرێك دەر بکە و بیخەرە ناو کەوانەکەوە، پاشان تێمی بگرە، و بڵێ: بە ناوی خوای پەروەردگاری ئەم منداڵەوە، کەئەوان ئەگەر بیانویستایە ناو بێنن لەسەر شت ئەوا ئەیان ووت: بەناوی پاشاوە، بەلام ئەم پێی ووت: بڵێ بەناوی خوای پەروەردگاری ئەم منداڵەوە .

ئەویش هەموو خەڵکی لە شوێنێك کۆکردەوە، پاشان تیرێك لە تیرەکانی منداڵەکەی دەرکرد وکردیە ناو کەوانەکەوەو، ووتی: بەناوی خوای پەروەردگاری ئەم منداڵە، وتیرەکەی تێ گرت، و لێی داو کوشتی، خەڵکی هەموو بە یەك دەنگ هاواریان کرد پەروەردگار پەروەردگاری منداڵەکەیە، وە بەرهەڵستی پەروەردگارێتی ئەم پاشا فەرمانڕەوا هاوبەش بڕیاردەرەیان کرد، چونکە ووتیان ئەم فەرمانڕەوایە، جۆرەها هۆکاری گرتە بەر بۆ کوشتنی ئەم منداڵە بەلام نەیتوانی لەناوی بەرێت، بەلام کە یەك ووشەی ووت: بەناوی خوای پەروەردگاری ئەم منداڵەوە، لە ناوی برد، کەواتە هەڵسوڕێنەری ئەم بوونەوەرە تەنها (الله) یە و خەڵکی هەموو باوەڕیان هێنا .

شێخ الاسلام دەفەرمێت: ئەمە سودێکی زۆر گەورەی تێدا بوو بۆ ئیسلام .

وە زانراوە و ئاشکرایە کە ئەو کەسەی بووە هۆی کوشتنی نەفسی خۆی ئەو منداڵە بوو بەبێ گومان، بەلام بە لە ناو چوونی خۆی سودێکی گەورە هاتە دی،

ئەویش ئەوە بوو کە ئوممەتێك بە تەواوی باوەڕیان هێنا، کە ئەگەر وێنەی ئەم سودە دەست کەوت ئەوا دروستە بۆ مرۆڤ خۆی بکات بە قوربانی دینەکەی، بەڵام تەنها کوشتنی دە کەس یان بیست کەس بە بێ سود وە بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لە بوارەکە بگۆڕێت ئەمە جێگای تێڕوانینە، بەڵکو حەرامە، وە لە وانەیە جولەکەکان تۆڵە بسەندنەوە و سەدەها بکوژن، دەست کەوتوو ئەوەیە کە وێنەی ئەم کارانە پێویستی بە تێگەیشتن و بیرکردنەوە و تێڕوانین لە ئەنجامەکەی هەیە، هەروەها دەست کەوتنی بەرزترین و چاکترین لە بەرژەوەندییەکان، وە پاڵنان و لابردنی گەورەترین لە خراپەکان، لە پاش ئەمەدا، هەر حاڵەتێك بە گوێرەی خۆی دادەنرێت)(١).

وە پرسیار کرا لە شێخ – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – حوکمی شەرعی چییە دەربارەی ئەو کەسانەی کە تەقینەوە لە لەشی خۆیان دەبەستن وخۆیان لەناو کافراندا دەتەقێننەوە بۆ کوشتنیان؟، وە ئایا چیرۆکی ئەو منداڵەی کە پاشاکە کوشتی ڕاستە بکرێتە بەڵگە لەسەر ئەم کارانە؟

وەڵام: ( کەسێك کە خۆی مین ڕێژ دەکات و دەچێتە کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکانی دوژمن و خۆی دەتەقێنێتەوە ئەوا خۆی کوشتوە، و لە ڕۆژی قیامەتدا لە ئاگری دۆزەخدا سزا دەدرێت بەو شتەی کە خۆی پێ کوشتوە بە نەمری و هەمیشەیی، هەر وەکو چۆن لە پێغەمبەرەوە ﷺ جێگیر بوو دەربارەی کەسێك کە خۆی بکوژێت بە شتێك ئەوا بەو شتە ئازار دەدرێت لە ناو ئاگری دۆزەخدا .

(٥٧) مجلة (الفرقان) الكويتية ٢٨ صفر العدد (١٤٥) ( صفحة ٢٠ – ٢١).

وە سەیرە ئەو کەسانەی کە بەم کارانە هەڵدەستن ئەم ئایەتەی خوای گەورە دەخوێننەوە کە دەفەرمێت:

﴿وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ [النساء: ٢٩] .

واتە: ئێوە خۆتان مەکوژن چونکە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە بە بەزەییە بە ئێوە, پاشانیش بەم کارانە هەڵدەستن:

* ئایا هیچ بەروبوم و ئەنجامێکیان دەست دەکەوێت؟ ئایا دوژمن تێك شکا؟!

یاخود ئەم کارانە زیاتر دوژمن سەرسەخت ترو توندتر دەکات بۆ گیان ئەو کەسانەی کە بەم تەقینەوەیە هەڵدەستن، هەروەکو چۆن ئەمڕۆ لە دەوڵەتی جولەکەدا دەبینرێت، کە بە وێنەی ئەم کردەوانە هیچ شتێکیان زیادی نەکردووە تەنها دەست گرتنیان بە توندڕەوی و کەللەڕەقی‌یانەوە نەبێت، بەڵکو ئێمە دەبینین کە لە دوا ڕاپرسی دا لە دەوڵەتی جولەکە (ڕاست ڕەوەکان) تێیدا سەرکەوتنیان بە دەست هێنا کەدەیانەوێت زاڵ بن بەسەر عەرەبدا .

بەڵام کەسێك کە بەم شتە هەڵسێت[1] کۆشش بکات و واگومان بەرێت کە خۆنزیك کردنەوەیە لە خوای گەورە ئەوا داواکارین لە خوای گەورە لۆمەی نەکات و لێی نەگرێت چونکە تەئویلی کردووە و نەزان بووە .

بەڵام کردنە بەڵگەی چیرۆکی منداڵەکە، ئەوا چیرۆکی منداڵەکە تێیدا خەڵکێکی زۆر هاتە ناو ئیسلامەوە، نەك وەکو سەرشۆڕکردن بێت بۆ دوژمن، بۆیە کاتێك پاشاکە خەڵکی

---

(٥٨) واتە: ئەوەی کە ئەم کارە ئەنجام دەدات لەناو کۆمەڵێك دوژمنی کافر (جولەکە جەنگاوەرەکان) وە شێخ مەبەستی ئەو کەسانە نییە کە لە وڵاتە ئیسلامییەکان و لەناو موسڵمانان خۆیان دەتەقێننەوە با سەرپێچی گارو تاوان باریش بن.

کۆکردەوە، وە تیرێکی لە تیرەکانی منداڵەکە دەرکرد، و ووتی: بەناوی خوای پەروەردگاری ئەم منداڵەوە، خەڵکی هەموو هاواریان کرد، پەروەردگار پەروەردگاری منداڵەکەیە، بەهۆیەوە ئوممەتێکی گەورە موسڵمان بوون، کە ئەگەر وەکو ئەم چیرۆکە ڕووی بدایە ئەوا دەمان ووت بوارێك هەیە بۆ کردنە بەڵگەی، وە پێغەمبەرﷺ بۆی گێڕاوینەتەوە ئایا پەند وئامۆژگاری لێ وەربگرین، بەڵام ئەو کەسانەی کە خۆتەقاندنەوەیان بەباش دەزانی کاتێك کە دە کەس یان سەد کەس لە دوژمن دەکوژن، ئەوا دوژمن بەم کارەیان هیچ شتێکی زیاد ناکات تەنها ڕق لێ بوونیان و دژایەتی‌یان و دەست گرتنیان بەو شتەی کە لە سەرین)[1] .

## فەتوای زانای پایە بەرز پێشەوای فەرموودە ناس

## محمد ناصرالدين الألباني (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

دەقی ووتەکەی — ڕەحمەتی خوای لێ بێت — دەربارەی ئەم کردارانە:

پرسیار کەر: هەندێك لە کۆمەڵەکان دان دەنێن بە جیهاد کردنی تاکە کەس و هەڵوێستی هاوەڵی پێغەمبەرﷺ ابو بصير دەکەنە بەڵگە، و هەڵدەسن بە کرداری ناوبراو بە شەهیدی (وە من دەڵێم: خۆکوژی )، ئایا حوکمی ئەم کردارانە چی‌یە؟

وەڵامی دایەوە شێخ بە پرسیار لێ کردنی: چەندێکە خەریکی ئەم کارەن...؟

پرسیار کەر: چوار ساڵە .

شێخ ناصر فەرمووی: ئایا سەرکەوتن یاخود دۆڕان ؟

پرسیار کەر: دۆڕان .

شێخ ناصر فەرمووی: لە بەروو بوومەکان و ئەنجامەکانیان دەناسرێن[2].

پرسیار کەر: حوکمی ئەو کەسانە چی‌یە کە دەمرن لە کرداری جیهادی لەسەر سنور لەگەڵ جولەکەدا؟ .

---

(٥٩) مجلة ( الفرقان الكويتية (العدد ٧٩) (ص١٨ — ١٩) جريدة (الفرقان) الكويتية ٢٨ صفر (١٤٥) (ص٢٠).

(٦٠) سلسلة (الهدى و النور) (شريط ٥٢٧).

وەلاَم کەواتە: ئەگەر ئەو موجاهیدە نیەتی پاك بێت بۆ خوا و دڵسۆزی هەبێت، ئەوا گومانی تێدا نی‌یە کە پاداشت دەدرێتەوە لەسەر ئەو شتە بەو شێوەیەی کە شایانی بێت، بەلاَم ئەم جیهاد کردنەی کە پرسیارەکەی دەربارەی کرا، ئەو جیهاد کردنە نی‌یە کە خوای گەورە فەرمانی پیٚ کردووە، من ئەڵێم: ئەو خۆی و نیەتەکەی، چونکە ئەو مەبەستی جیهاد کردن بووە، بەلاَم جیهاد کردن پێویستی بە خۆ ئامادە کردن هەیە، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾ ﴿الأنفال: ٦٠﴾ .

واتە: ئەوەندەی کە لە تواناتاندا هەیە ئامادەی بکەن لە هێز، وە تەنانەت لە ڕەشمەی ماین، کە بە هۆیەوە دوژمنانی خوا و دوژمنانی خۆتانی پیٚ بتۆقێنن .

ئەمە جیهاد کردنە کاتێك کە ئاشکرا دەکرێت و کەرەستەکانی جەنگ و خۆ ئامادە کردنی بۆ ئامادە دەکرێت، ئەمە ئەو جیهادەیە کە دروست نی‌یە موسڵمان لیٚی دوا بکەوێت، بەلاَم جیهاد کردن بە مانای شۆڕش کردنی کەسانێك، کە شۆڕش دەکەن و لەوانەیە بۆ تۆڵە سەندنەوە بێت لە زەوی‌یەکەیان، ئەمە جیهاد کردن نی‌یە، بەڵیٚ، بەرگری کردن لە خاك پێویست دەبێت، بەلاَم ئەم هێرش کردنانەی کە لە زۆر کاتدا زیانەکەی کە لێی دەکەوێتەوە زیاترە لە سودەکەی، هەر وەکو چۆن دەبینرێت — لە وێنەی زۆربەی ئەم هێرش بردنانە، ئەمە ئەو جیهاد کردنە نی‌یە کە پێویستە لەسەر موسڵمانان بۆی دەرچن، هەروەکو چۆن لە قورئاندا هاتووە —، بەڵکو ئەو جیهاد کردنەیە کە خوای گەورە ئاماژەی بۆ کردووە — لە ئایەتێکی تردا: ﴿وَلَو أَرَادُوا الْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا لَهُ عُدَّةً﴾ [التوبة: ٤٦] .

واتە: ئەگەر مەبەستیان دەرچون بوایە بۆ جیهاد کردن ئەوا کەرەستەکانی جەنگ و ئامادەکاری‌یەکانیان بۆ ئامادە دەکرد

بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان – هەر وەکو چۆن لە زۆر بۆنەی تردا بە ئاشکرا ئەم شتەمان ووتوە – کە بگەڕێنەوە سەر خۆیان و بە خۆیاندا بچنەوە، وە لە شەریعەتی پەروەردگاریان تێ بگەن تێگەیشتنێکی ڕاست، وە لەوەی کە تێ گەیشتوونە لە شەرعی خوای گەورە و دینەکەی ئیشی پێ بکەن ئیشێکی ڕاستگۆیی نیەت پاکی، هەتا کۆدەبنەوە و یەك دەگرنەوە لەسەر ووشەیەکی یەکسان (یەکخواپەرستی بە تاك و تەنها) لەو کاتەدا موسڵمانان بە سەرکەوتنی خوایی دڵخۆش دەبن[1] .

**تەواو بوو**

**والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات**

**تەواو بووم لە وەرگێڕانی ئەم پەرتـــوکە بەسودە**

**لە ڕۆژی هەینی ٩/ صفر/١٤٢٥ك بەرامبەر ٩/٤/٢٠٠٤ز**

---

(٦١) من شريط ( التحري في الفتوى ) رقم ( ٢ ) .

و من كلام شيخنا – رحمه الله تعالى – في ( ضعيف الترغيب و الترهيب ) ( ١/ ٣٥٧ ) في التعليق على حديث رقم ( ٧١٩ ) کە باسی ( المسجد الاقصى) ی تێدایە . دەربارەی دەفەرمێت: ( یەکێکە لەو سێ مزگەوتەی کە دروستە مرۆڤ بۆیان بڕوات و ڕێگەیان بۆ بگرێتە بەر، وە جولەکە داگیریان کردووە لە کۆی ئەو شوێنانەی کە لە فەلەستین داگیریان کردووە، خوای گەورە بیگەڕێنێتەوە بۆ موسڵمانان، هەر وەکو چۆن بۆیانی گەڕاندەوە لە پاش داگیر کردنی لە لایەن خاچ پەرستان، بەڵام خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ [الرعد: ١١] .

واتە: خوای گەورە حاڵی هیچ نەتەوەیەك ناگۆڕێت تا خۆیان حاڵی خۆیان نەگۆڕن و خۆیان چاك نەکەن .

بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان حاڵی خۆیان بگۆڕن لە بیروباوەڕی لە ڕێ دەرچوو، و ڕەوشتی خراپ، ئەگەر بە ڕاستی دەیانەوێت ئەوەی بە سەریان هاتووە بیگۆڕن .